
KURDISTAN


قەڵای دێموکڕات
ئیرادە و باوەڕی
خەڵکی کوردستان
١٧ی خەرمانان قەڵای خوێناوی دێموکڕات
شەهیدان
یادی یەکساڵە
٢٠١٩ - ٢٠١٨
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- بەرێوەچوونی یەکەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان لە مەزارگەی شەهیدان........................................ ٥

٢- تۆڵە(هونراوە).............................. ...................................................... ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٨

٣- بەبۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بە سەر تاوانی مووشەکبارانی "قەڵای دیموکرات"دا........................................ ١٥

٤- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان............................ ٢٠

٥- پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران................................................................. ٢٣

٦- بەبۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بە سەر تاوانی مووشەکبارانی "قەڵای دیموکرات" دا........................................ ٢٦


## دید و بۆچوونەکان ............... ٢٩


١- دەمی بەرێکردنی گوڵە پەرپەرپووەکانی پلینۆم.......................................................... ئاسۆی حەسەنزادە

٢- کارەساتی ١٧ی خەرمانان (کاریگەرییەکان، ئەزموونەکان)................................................... قادر وریا

٣- کۆمەڵگەی زیندوو، بژاردەی خەوتوو.......................................................................... مادح ئەحمەدی

٤- مێتۆدی "شار" بۆ بەرگری لە "قەڵا"......................................................................... شاڕوخ حەسەنزادە

٥- ٢١ی خەرمانان شکۆی شار................................................................................... مەنسوور مروەتی

٦- کوردستان، هەرێمی خوێن و هەستانەوە...................................................................... کەریم فەرخەپوور

٧- لە بیرەوەری یەکساڵەی شەهید کرانی شازدە تێکۆشەری دێموکڕات دا........................................ مستەفا شڵماشی

٨- ژنی کورد و خەباتەکەی لە دوو سەنگەری بەبایەخدا........................................................... شەونم هەمزەیی

٩- "شەقام" لە پشت "قەڵا"..................................................................................... ناسر باباخانی

١٠- پەیامێک پڕ بە قورگی مانگرتن............................................................................ ڕزگار ئەمینیژاد

١١- بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرێتە ئامانج؟........................................................... سمایل شەرەفی

١٢- ساڵێک دوای ١٧ی خەرمانان................................................................................. برایم چووکەڵی

١٣- قەڵای لە گیران نەهاتووی دێموکرات........................................................................ مەنسوور مروەتی

١٤- "سپی باڵەکانی قەڵای پێدەشتان"........................................................................... هەردی سەلیمی




سەرچاوە
Serchawe

١٥- له به‌ر بانێژه‌ی قه‌ڵاوه.................................................................. که‌ریم فه‌رخه‌پوور
١٦- له په‌نجه‌ره‌ی ژووری ته‌نیاییمه‌وه(هونراوه)................................................... عه‌لی فه‌تحی
١٧- هاوار بکه ئه‌ی وڵاتی گیان به‌خشین(هونراوه)............................................ و: ئاسۆ حه‌سه‌ن زاده
١٨- بۆ چی کۆماری ئیسلامی حیزبی دیموکراتی دایه به‌ر په‌لاماری مووشه‌کی؟...................................... قادر وریا
١٩- ساڵرۆژی مووشه‌ک بارانی قه‌ڵای سه‌ختی دیموکراته له‌لایه‌ن دوژمنه‌وه............................. شۆڕش ئه‌سه‌دزاده
٢٠- حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ئیراده‌ی گه‌لێک................................................ شاهۆ مه‌تین
٢١- چوارده سواره‌ی قه‌ڵای دێموکرات.............................................................. وه‌ستا ره‌حمان
٢٢- خه‌رمانان و دوو ڕووداوی له‌بیرنه‌کراو........................................................ خالید حه‌سه‌نپوور

## چالاکیی ناوخۆ و ده‌ره‌وه‌ی وڵات ...................... ١٠٥

❊ چالاکیی ته‌بلیغی به بۆنه‌ی یه‌که‌مین ساڵڕۆژی ١٧ی خه‌رمانان له بانه...
❊ به‌رزڕاگرتنی یادی شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان له شاری ئه‌یوان...
❊ یادکردنه‌وه له شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان له شاری سه‌حنه...
❊ چالاکیی ته‌بلیغی له به بۆنه‌ی کاره‌ساتی ١٧ی خه‌رمانان له شاری بانه...
❊ به‌رزڕاگرتنی یادی شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان له شاری تاران...
❊ چالاکیی ته‌بلیغی له به بۆنه‌ی کاره‌ساتی ١٧ی خه‌رمانان له شاری بانه...
❊ یادکردنه‌وه‌ی شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان له شاری سنه...
❊ بۆ دوویه‌مین جار له شاری شنۆ بۆ یادی ١٧ی خه‌رمانان چالاکیی ته‌بلیغی کرا...
❊ مه‌حکوومکردنی جه‌نایه‌تی ١٧ی خه‌رمانان له شاری قه‌سری شیرین...
❊ به‌ڕێوه‌چوونی یه‌که‌مین ساڵیادی کاره‌ساتی ١٧ی خه‌رمانان له مه‌زارگه‌ی شه‌هیدان...
❊ یه‌کییه‌تی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان به بۆنه‌ی ١ساڵه‌ی مووشه‌کبارانی قه‌ڵای دێموکرات سیمینارێکی به‌ڕێوه‌برد..
❊ چالاکیی ته‌بلیغی له شاری ئیلام به‌بۆنه‌ی ساڵڕۆژی کاره‌ساتی ١٧ی خه‌رمانان...
❊ چالاکیی ته‌بلیغی له شاری دێموکراتدۆستی ڕه‌به‌ت به‌بۆنه‌ی یه‌که‌م ساڵیادی مووشه‌کبارانی قه‌ڵای دێموکرات...
❊ کرانه‌وه‌ی پێشانگای شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان له قه‌ڵای دێموکرات...
❊ له شاری بانه بۆ جارێکی دیکه یادی شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان به‌رزڕاگیرا...
❊ چالاکیی ته‌بلیغیی له ناوچه‌ی له‌یلاخ به بۆنه‌ی ١٧ی خه‌رمانان...

❊ چالاكیی ته‌بلیغی له‌ شاری ئیلام به‌بۆنه‌ی ساڵڕۆژی كاره‌ساتی ١٧ی خه‌رمانان...

❊ خۆپیشاندانی ئه‌ندام، دۆست و لایانگرانی حدک له‌ به‌رده‌م باڵوێزخانه‌ی ڕژیمی تێرۆریستی كۆماری ئیسلامی ئێران له‌له‌نده‌ن...

❊ به‌ ڕێوه‌چوونی یادی ١٧ی خه‌رمانان له‌ وڵاتی سوئیس...

❊ به‌ڕێوه‌چوونی سمینارێكی تایبه‌ت به‌ مانگرتنی مێژوویی ٢١ی خه‌رمانان...

❊ پرسی شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانانی قه‌ڵای سه‌ربه‌رزی دێموكرات جارێكی دیكه‌ گه‌یشته‌وه‌ كابینه‌ی ده‌وڵه‌تی كانادا...

❊ له‌ وڵاتی فینلاند كۆڕیادێک به‌ بۆنه‌ی ٢٧ساڵه‌ی تێرۆری میكۆنۆس و ١٧ی خه‌رمانان به‌ڕێوه‌چوو...

❊ به‌ڕێوه‌چوونی كۆڕیادێک به‌ بۆنه‌ی ساڵیادی تێرۆری ڕێبه‌ری شه‌هیدمان د. سادق شه‌ره‌فكه‌ندی و هاوڕێیانی و یه‌ک ساله‌ی موشه‌كباری ١٧ی خه‌رمانان له‌ ولاتی ئوتریش...

❊ چالاكیی ته‌بلیغی ئه‌ندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستان له‌ ناوچه‌ی بانه‌...

❊ به‌ڕێوه‌چوونی كۆڕیادی شه‌هیدانی میكۆنۆس و شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان له‌ ستۆكهۆڵم،ی پایته‌ختی وڵاتی سوید...

❊ به‌ڕێوه‌چوونی كۆڕیادی ١٧ی خه‌رمانان له‌ وڵاتی دانمارک...

❊ له‌ وڵاتی نۆڕوێژ یاد و بیره‌وه‌ریی شه‌هیدانی میكۆنووس و خه‌رمانان به‌رز راگیرا...



## بەڕێوەچوونی یەکەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان لە مەزارگەی شەهیدان



**لە مەزارگەی شەهیدان و تێکۆشەرانی دێموکرات، یادی شەهیدان و قوربانیانی کارەساتی ١٧ی خەرمانان بەرزڕاگیرا.**

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی (٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی) بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامان و بنەماڵەی سەبەرزی شەهیدان لەسەر گڵکۆی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، لە یورەسمێکدا یادی شەهیدانی قەڵای دێموکرات بەرز ڕاگیرا.

پاش سروودی ئەی شەهیدان کە لایەن کوڕێ هونەریی حیزبەوە ئامادەکرا بوو، بەڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکرد.

سەرەتا سۆما حەکیمزادە پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکەی پێشەکییەکی بەهەست و سۆزی خوێندەوە.

لە یەکەم بڕگەدا بەڕێزی مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاجەگوڵینەی ڕێوڕەسمی یەکەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانانی لەسەر گڵکۆی شەهیدان دانا.

پاشان بەڕێز مستەفامەولوودی سکرتێری گشتیی حیزب پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کە بۆ ئەو یادە ئامادەکرا بوو خوێندەوە.

له سەرەتای پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاوردانەوە لە ڕووداوەکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ڕابردوودا هاتبوو:

هەر لە بەرەبەیانی ڕۆژی مووشەکبارانی پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمەدا، دەسەڵاتدارانی تاوانبار و تاوانکاری کۆماری ئیسلامی، ٣ بەندیی سیاسیی کورد و، دوو ڕۆژ دواتریش لاوێکی دیکەی کوردیان لە دار دا تا بە خەیاڵی خۆیان بەڕێوەبەران و بەشدارانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات لە دوو ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا، چاوترسێن بکەن.

لە درێژەی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لە بەر چاوگرتنی کاردانەوەکانی پاش ١٧ی خەرمانان چەند خاڵی گرینگ ئاماژەی پێدرا بوون کە بریتی بوون لە؛ هاودەردی بەربەرینی خەڵکی کوردستان و هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکان بەتایبەتی لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە گەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهیدەکان، هەروەها مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان لە ٢١ی خەرماناندا کە پەیامێکی ئاشکرا بوو بۆ دەسەڵاتدارانی تاران و هەروەها هاو خەمییەکی ئارامکەرەوەو مایەی دڵگەرمی بوو بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و بنەماڵەی شەهیدان.

لە بەشی کۆتایی پەیامی دەفتەری سیاسی بە باس کردن لە دۆخی سیاسی و قەیرانەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی و لە سەر پێمانەوەی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکراتدا هاتبوو؛ ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی ساڵێک لەمەوبەر لەدژی پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەنجامی دا، لە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ نەیارانی خۆیدا بێوێنە بوو. دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆر تاوانی دیکەشی لە دژی حیزبی دێموکرات ئەنجام داون کە بێوێنەو کەم وێنە بوون، بەڵام حیزبی دێموکرات هەموو جارێ توانیویەتی لە بن ئەو زەبرە گەورانە هەستێتەوە، نهێنی هەستانەوە و بەردەوامیی دێموکرات دوو شت زیاتر نییە، یەکەم پاندیی ڕێبەران و تێکۆشەران و ئەندامانی ئەو حیزبە بە درێژەدانی ڕێگای شەهیدەکان تاسەرکەوتن، دوویەم خۆشەویستیی ئەم حیزبە لە نێو خەڵکی کوردستان و دڵگەرمبوونی بە خۆشەویستی و پشتیوانی بێسنووری خەڵکی کوردستان.

دوای پەیامی دەفەری سیاسی، لە برگەیەکی دیکەدا شاعیری هەست ناسک و پێشمەرگە دۆست، ڕەسووڵ سوڵتانی شێعرێکی پڕ لە سۆزی کوردایەتیی و وەفاداری بە شەهیدانی پێشکەش کرد.

پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن شلێر مەحموودی سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe

له پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژەدان بە قووڵایی ئەو کارەساتە کە لە تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کەوت، باسی لە ورەی بەرز و باوەڕی شۆڕشگێڕانەی ژنانی دێموکرات کرا بوو.


هەروەها لە درێژەی ئەو پەیامە بە ئاوردانەوەیەک لە ڕۆڵی بەرچاوی سکرتێرە یەک لە دوای یەکەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان شەهیدان نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری لە بارهێنان و پەروەردە منداڵانی دێموکرات، باس لەوە کرابوو کە ئەو دووژنە تێکۆشەرە ئێستاش لە نێوخۆی وڵات بۆنەتە هێمایەک بۆ کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ درێژدان بە خەبات و تێکۆشان.

لە بڕگەیەکی دیکەدا تازەلاوی بەهرەمەند "کوردستان عەزیزیان" بە ژەنینی کەمان پارچە مووسیقایەکی پێشکەش بەو کۆڕیادە کرد.

لە دوایین بڕگەی یەکەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان ئامادەبووان وێڕای سەرەخۆشی کردنی دووبارە لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان، چڵە گوڵی وەفادارییان پێش بە گڵکۆی ١٦ شەهیدی ١٧ی خەرمانان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

# تۆڵە



**نووسینی: ڕەسووڵ سوڵتانی**

قۆڵی قەڵەم هەڵدەماڵم
تین دەدەمە بای خەیاڵم
شاخ بە شاخ و دەشت و دەران
دەگەڕێم شوێنی سەنگەران
بن بەرد بە بەردی چیایان
دوور و نزیک بێ مەودایان
نێو دەوەن و دار و باخان
سینەی دەشت و لووتکەی شاخان
لە سێبەری هەر چنارێ
پشووی دابێ لێی ڕێبوارێ

بن پنچک و پەنا داران
بەربەڕۆچکە و بەر پەساران
گوێ هەڵدەخەم بۆ بەیت و باو
لە زمان منداڵ و ژن و پیاو
لە جامانەی مل کیژۆڵان
لە سرتەی نێو کووچە و کۆڵان
دەچمە لای دایکی شەهیدان



سەرچاوە
Serchawe

بۆو خه‌مانه‌ی له دڵی وی دان
گوێ ڕاده‌گرم له هه‌موویان
له چیرۆکی ئێسته و زوویان

هه‌رکامه‌یان به تاسه‌یه‌ک
ده‌گێڕنه‌وه حه‌ماسه‌یه‌ک
داستانێک نا هه‌زار هه‌زار
وه‌ک نوقڵ هه‌ڵده‌ڕژێن له زار
چیرۆک به‌ڵام وه‌ک ئه‌فسانه‌ن
ئی لاوی ئه‌م کوردستانه‌ن
هه‌ر سه‌نگه‌ره و ڕۆمانێکه
سه‌ربرده‌ی قاره‌مانێکه
هه‌ر ڕه‌وه‌ز و گاشه‌به‌ردێ
کتێبێ له باسی نه‌به‌ردێ
دێڕ به دێری شێعری کوردی
ده‌یانپشکنم به وردی
هه‌ر وشه‌یه‌ک هاوارێکه
ئی زامی ده‌رده‌دارێکه
چه‌ندی شانازی ده‌بینم
وره و گیانبازی ده‌بینم
چه‌نده‌م چیرۆکی جوان پێیه
سه‌د ئه‌وه‌نده‌م برین لێیه
ئێستاش تا باس دێته گۆڕێ
سمکۆ خوێنی لێ ده‌چۆڕێ
سێداره‌مان بۆ هه‌ڵخرا
له سه‌قز، بۆکان، چوارچرا

پاڵه‌وانان چوونه سه‌ردار
به‌چۆکدانه‌هاتن سه‌ردار
زیندان و کۆتوبه‌ند، کوشتن
په‌لاماردان و خوێنڕشتن

فتوای ئەهریمەنی تاران
بۆ سێدارە و گوللەباران
بەرد خوێن دەچۆڕا لە چاوی
لە ئاستی سنەی خوێناوی
لە ورمێوە هەتا پاوە
لە خوێنی ئاڵ هەڵکێشراوە
پەنجاونۆلاو بێ سەروشوێن
سابڵاخ هەر نەیزانی لە کوێن
قاڕنێ و قەڵاتان مێژووە
دەریای خوێنی لێ ڕۆیوە
با سەرێ بدەم لە بێستوون
دڵم هێناویە گۆشتەزوون
بە یادی کەماڵ دەباغی
بۆنێ بکەم دەشت و باغی
سوژدە بەرم نزیک و دوور
بۆ زێدەکەی شەهید شاپوور
جا بێمەوە بۆ کۆساڵان
یادێ لە کۆنە هەڤاڵان
کۆساڵان هەر تەمە سەری
دەچمە نیەری مینبەری
لادەدەمە لانی شێران
مەکۆی سەربەرزی دلێران
سەرانسەر ئەم کورستانە
بست بە بست ئەم نیشتمانە
حەماسێکی لێ خولقاوە
شەهیدێکی لێ نێژراوە
دێمەوە لای شەهید هەمزە
بۆ خەباتی نوێمان ڕەمزە
چون ئەوان بوون لە شەو ڕاسان
دوژمن جارێکی دیش تاسان
دوژمن دەمێکە دەزانێ

چەندی بە قەوتر خۆی رانێ
ناتوانێ من بترسێنێ
ورەی لاوم ناڕمێنێ
چون ئەو خوێنانەی رژاون
تۆوی خەباتن نێژراون
تین و گوڕن بۆ نەسرەوتن
هەوێنێکن بۆ سەرکەوتن
ئەوەتانێ هەموو ساتێ
خۆر هەڵدێ لە رۆژهەڵاتێ

وەفادارانی ڕێی قازی
بە شانازی بۆ گیانبازی
ڕێبوارانی ڕێی ڕزگاری
کوڕ و کیژی لادێ و شاری
وەفاداری شەهیدانن
سەنگەریان هەر ئاوەدانن
ئێستاش پۆل پۆل دێن کوڕ و کاڵ
وەک پڵینگ و هەڵۆی تیژباڵ
بەبیر و باوەڕ و هەستن
دێن لێرە پەیمان دەبەستن

***

دیسان مانگی خەرمانانە
مانگی خوێن و برینانە
دیسان ئەهریمەن غەزریوە
قین و ڕقی دابەشیوە
تینووی خوێنی ئاڵی کوردە
بۆ کوشتن بە دەستوبردە
خوێنمژ تاسەی بە خوێن دەشکێ
لە داخان خوێن نەمژێ دەمرێ
مەرگی باراندە سەر قەڵا

له ئایه‌ت و سووڕه‌ی به‌ڵا
پاڵه‌وان خه‌ڵتانی خوێنن
مێژوو به خوێن ده‌نه‌خشێنن
پۆلێ شه‌هید ریز کراون
به ئاڵایێ داپۆشراون
بزه‌ی زێوه‌یی هه‌ر گه‌شه
ده‌ڵێ دوژمن مه‌رگی به‌شه
جه‌ماڵ و پێشه‌وا و مه‌نسوور
له‌گه‌ڵ نه‌سرین و حه‌سه‌نپوور
مام شێرکۆ، عوسمان عوسمانی
هاوڕێ و تفه‌نگه‌که‌ی شانی
هاشم عه‌زیزیش له‌وێیه
حه‌تمه‌ن قسه‌ی خۆشی پێیه
سۆیلا گه‌ش گه‌ش وه‌ک هه‌میشه
له‌ولاوه‌تر قاله ڕیشه
پیرۆتی و فاڕووق و موختار
کاروان ده‌چێ به‌ره‌و هه‌وار
دێم به ئه‌سپایی به کزی
ده‌چمه لای که‌ریم سه‌قزی
تا حه‌ماسه‌ی شێخ چۆپانی
وه‌رگرم بۆ هه‌ڤاڵانی

فریای ئه‌و ناکه‌وم تاوێ
بانگم ده‌کا شۆڕه لاوێ
ڕاگره سه‌روای شیعر که‌مێ
با هه‌واڵێکی نوێت ده‌مێ

جارێ شیعرت مه‌خوێنه‌وه
برایم و عه‌لیش بلاوێنه‌وه
کاری به‌بێ ته‌گبیر مه‌که
بایز و سادق له بیر مه‌که

لەبیر نەکەی قارەمانیی
ئازاد و ئەمیر نستانی

خەرمانانە و دڵ خەمینە
دڵی وڵات پڕ لە برینە
نیشتمانم دڵ بە سوێیە
جەرگ و هەناوی توێوێیە
بەڵام من ناخا ئەو زامە
هەرچەند بە ژان و بەسامە
قاسملوو دەرسی داداوم
ڕێ و نیشانی بۆ کێشاوم
لە مامۆستای دیموکراسی
ئەم وانە پیرۆزەم ناسی
پاداشتی ئەو شەهیدانە
درێژەدانی ڕێگەیانە
شەرەفکەندی فێری کردووم
ئەو وانەیەی لە گوێ خوێندووم
لە سەر ڕێمان پێداگرین
بۆ شەهیدانمان ناگرین
ئیتر من بڕیارم داوە
خەیاڵی دوژمنم خاوە
ڕۆڵەی ئەو گەلە بوێرەم
سەنگەر چۆڵ ناکەم و لێرەم
دەبمە چقڵێ لە نێو چاوی
لێی تاڵ دەکەم نان و ئاوی
خەوی خۆشی دەزڕێنم
ئۆقرە و ئارامی دەستێنم
جاشی گەڕی بۆ ناڵ دەکەم
نان و ئاوی لێ تاڵ دەکەم
چیام بەو بایە نانەوم
ڕۆژێ دێ من سەردەکەوم



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژی گەشی بێبەشان دێ
ڕۆژی سزای ڕووڕەشان دێ
تۆماری ژین دەخوێنمەوە
تۆڵەی شەهید دەستێنمەوە
لە شار و دێ لە مەیدانان
بۆ پەندی دەورو زەمانان
وەک گەڵا جاش هەڵدەوەرێ
دەبێ خوێن بێ و سەران بەرێ
ئەوانەی وا دژی خۆرن
لایەنگری زوڵم و زۆرن
بۆ سەولەیەک هاوڕێی شەون
وەبەر لێبوردن ناکەون
بنوو هاورێ شەهیدەکەم
ئارام بە سۆمای دیدەکەم
هەرگیز چۆل نابێ شوێنی تۆ
ناچێ بەفیڕۆ خوێنی تۆ
ئەو خوێنەی لەو زامە ڕۆیی
هەوێنە بۆ سەربەخۆیی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## بەبۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بە سەر تاوانی مووشەکبارانی "قەڵای دیموکرات"دا



**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**هێز و لایەن و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئێران!**
**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

ساڵێک لەمەوبەر، ڕۆژی ١٧ی خەرمانان (٨ی سێپتەمبەر)، سوپای پاسدارانی ڕێژیمی تاوان و تێرۆر، لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا، تاوانێکی دەستدرێژکارانە و تیرۆریستیی گەورەی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەنجام دا. سوپای پاسداران، لە کاتێکدا پەهبادەکانی بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەخولانەوە و چاوساغییان بۆ دەکرد، لە نێوخاکی ئێرانەوە، شوێنی پێکهاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمەی لە "قەڵای دێمۆکرات" لە نزیک شاری کۆیەی کردە ئامانج و نیشانەی مووشەکە دوورهاوێژەکانی.

بەو هۆیەوە کە قەڵای دیموکرات، شوێنی جێگیربوونی ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنییەکانی حیزب و ناوەندی کار و تێکۆشانی ڕۆژانەی سەدان ژن و پیاو و هاتوچۆی ژن و منداڵ و کەسانی غەیرە نیزامییە، هەر وەها بەو هۆیەوە کە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، چالاکییەکی سیاسیی حیزبە کە لە وڵاتێکی دیکە دەبەسترا، حیزبی ئێمە هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ بەرگری لە بەرامبەر هێرشی هەوایی ڕێژیمی ئێراندا نەدابوو. بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە لایەکەوە هیچ سنوورێکی سیاسی، نێودەوڵەتی، عورفی و ئەخلاقی ناناسن و لە لایەکی دیکە پێویستیان بە خۆڕانان بە مووشەکەکان و



سەرچاوە
Serchawe

نیشاندانی هێز لە ڕووی نیزامی و زانیارییەوە هەبوو، ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان مووشەکباران کرد. لە ئاکامی ئەو تاوانە گەورەیەدا، ١٦ کەس لە تێکۆشەرانی بەوەجی دیموکرات، لە نێویاندا ٦ ئەندامی ڕێبەریی حیزبی ئێمە، شەهید بوون و نزیک بە٤٠ کەس لە بەشدارانی پلینۆم و پێشمەرگە و ژن و منداڵی حازر لە دەوروبەری شوێنی ڕووداوەکە بریندار بوون.

هەر لە بەرەبەیانی ڕۆژی مووشەکبارانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمەدا، دەسەڵاتدارانی تاوانبار و تاوانکاری کۆماری ئیسلامی، ٣ بەندیی سیاسیی کورد و، دوو ڕۆژ دواتریش لاوێکی دیکەی کوردیان لە دار دا تا بە خەیاڵی خۆیان بەڕێوەبەران و بەشدارانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات لە هەر دوو ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا، چاوترسێن بکەن.

ئێستا و لە یەکساڵەی هەر دووی ئەم ڕووداوانەدا، بە ناوی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندییەوە وێڕای مەحکوومکردنەوەی ئەو تاوانە گەورانە، جارێکی دیکە بەداخبوونی خۆمان بۆ لە دەستدانی سەرجەمی ئەو ئازیزانەمان، دووپات دەکەینەوە. هاوخەمیی خۆمان لەگەڵ بنەماڵە سەربەرزەکانیان نوێ دەکەینەوە و، هەر وەک کاتی خۆی بەڵێنمان پێ دابوون، دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم جۆرە تاوانانە هەنگاومان پێ شل ناکەنەوە و لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە جینایەتکار و دڕندەیە، شێلگیرترمان دەکەن. لەم یەکساڵەدا یاد و بیرەوەری و سیمای ئەو شەهیدانە کە بە دڵنیاییەوە لە باشترین و بەوەجترین تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەمان بوون بۆ ساتێکیش بە جێیان نەهێشتووین و بەردەوام ئەوەمان وەبیر دێننەوە کە تەنیا بە درێژەدانی ڕێگاکەیان و بەردەوامبوون لە خەبات هەتا کۆتاییهێنان بە ستەم و بێمافی و تاوان و تیرۆر دژی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانین تۆڵەیان بستێنینەوە و پاداشیان بدەینەوە.

دوای تێپەڕینی ساڵێک بە سەر تاوانی مووشەکبارانی قەڵای دیموکراتدا، جێی خۆیەتی ئاوڕ وەسەر چەند خاڵی گرینگ لەم پێوەندییەدا بدەینەوە:

هاودەردیی بەرینی خەڵکی کوردستان و هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەتایبەتی لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشوور لەگەڵ حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی شەهیدەکان، هەر وەها مانگرتنی گشتی و سەرانسەریی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان، بۆ ئێمە مایەی شانازی و، بەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە شیاوی یاد کردنەوەن. هیچ کردەوە و دژ کردەوەیەک بە ڕادەی ئەو هاوخەمی، یەکگرتوویی و هاوپێوەندییەی ئەو کات، نەیدەتوانی بۆ

حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی سەرجەم شەهیدەکان، تا ئەو ڕادەیە ئارامکەرەوە و مایەی دڵگەرمی بێ. هەر لەو کاتەشدا هیچ جووڵەیەکیش نەیدەتوانی بە ڕادەی مانگرتنە گشتی و سەرانسەرییەکەی ٢١ی خەرمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وڵامێکی نەتەوەیی ئەوەندە بەهێز بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێت. خەڵکی ئێران و جیهان، ئەوانەی بەدواداچوونی ڕووداوە سیاسییەکان دەکەن، زۆر بەباشی ئەو پەیامە ڕوون و ڕاشکاوانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان وەرگرت کە ئەو تێکۆشەرانەی لە "قەڵای دیموکرات" یا لە بەندیخانەکانی ئێران، بە مووشەک و تیرۆر و پەتی سێدارە گیانیان لێ دەستێندرێ، کوڕ و کچی ئێمەن. ئێمە دڵمان و هەڵوێستمان لەگەڵ ئەواندایە و، ئەو ڕێژیمەمان ناوێ کە تاوان بەرامبەر ڕۆڵەکانمان ئەنجام دەدا. حەماسەی ٢١ی خەرمانان، بەرهەمی یەکگرتوویی، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی هێزو لایەنە سیاسییەکانو، بەدەنگەوەهاتنی وشیارانەو بەرپرسانەی چالاکانو خەباتکارانی نێوخۆ و وەدەستهاتنی ئاگایانەو دڵسۆزانەی خەڵکی بەچۆک دانەهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. لەم یادەدا دووبارە ئافەرینو سڵاو بۆ ئەم یەکگرتووییو هاوپێوەندییو هەڵوێستگرتنە مێژووییە دەنێرینو سەری ڕێزو پێزانین لە ئاستی دادەنەوێنین.

ساڵێک کە بەسەرماندا تێپەڕی، هەم بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەم بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، تاقیکردنەوەیەک بوو تا بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بسەلمێننەوە کە تیرۆر و تەقینەوە و تاوان، بە هەر ڕادەیەکیش گەورە بن، ناتوانن لە خەبات دژی دیکتاتۆری و بندەستی و لە پێناوی داوا و مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان، شلمان بکەنەوە. لە یەکساڵی ڕابردوودا، تێکۆشەران و هۆگرانی دێموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەش، بە تایبەتی بە دوای کارەساتی ١٧ی خەرمانان، هەر وەها لە ٣٠ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری مەزن د.قاسملوو و لە ٤٠ ساڵەی فتوای جەهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستاندا، پێتەخت و شارە گەورەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییان کرد بە مەیدانی دەنگهەڵبڕین و چالاکی بۆ لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریدا، پتر هاندەری دیالۆگی سیاسی و تێکۆشانی هاوبەش بە یەکەوە و خۆئامادەکردن بۆ ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو بوون. لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش، ناڕەزایەتیدەربڕینی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک، نە تەنیا کەمی نەکردوە، بەڵکوو ڕووی لە زیادبوون و دەربڕینی ڕاشکاوانەتری داخوازەکانی کردوە. کوژرانی کۆمەڵێک لە مۆرە چەکدار و تاوانکارەکانی ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش بە دەست ڕۆڵە ئازاکانی گەلەکەمانەوە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا، ئەم ڕاستییە دەسەلمێننەوە کە کۆماری ئیسلامی بە مووشەکباران، تەقینەوە و تیرۆرو تاوان دژی حیزبەکان و تۆپبارانی بنکەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی، ناتوانێ ئەمنیەت و ئاسوودەیی بۆ هێزە بەکرێگیراوەکانی خۆی لە کوردستان دابین بکا. هەتا ئەو کاتەی ئەو ڕێژیمە بە سەرکوت و تیرۆر و مووشەک و ئیعدام بەرەوەڕووی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بێتەوە، بە هەر ڕادەیەکیش دڕندەیی بنوێنێ، لە کوردستان ئاسوودەیی و ئەمنیەت بە خۆیەوە نابینێ.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا، هەم سیمای تاوانکارانە و نێوەرۆکی تیرۆریستی و دەستدرێژکارانە و زێدەخوازانەی کۆماری

ئیسلامیی ئێران بۆ دنیا پتر ڕوون بووەتەوە، هەم گوشاری سیاسی و گەمارۆی ئابووری بۆ سەر ئەو ڕێژیمە بە مەبەستی ملدانی بۆ ئیرادەی نێودەوڵەتی و دەست هەڵگرتنی لە یاغیگەری لە ناوچەدا، پێی ناوەتە قۆناغێکی چارەنووساز. سپای پاسدارانی ئەو ڕێژیمە لە لایەن ئەمریکاوە بە تیرۆریست ناسراوە. کۆمەڵێکی دیکە لە گەورە کاربەدەستانی ڕێژیم لە لایەن ئەمریکاوە تەحریمیان خراوەتە سەر. ئەم ڕێژیمە دوای هاتنەدەرێی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام، بە مانەوەی وڵاتانی دیکەی ئەندام لە بەرجامدا، دڵی خۆی دەدایەوە. بۆ بەرپەرچدانەوە و بەربەرەکانیی گوشاری دەرەکی و گەمارۆی ئابوورییش لەسەر خۆی، بە یاریکردن بە تاقمە چەکدارە دەسکردەکانی خۆی لە وڵاتانی ناوچە و جبەخانەی مووشەکییەکەی و ڕێگەبەستن لە هاتوچۆی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە کەنداوی فارس دەخوڕێ. بەڵام لەو چەند مانگەی دواییدا بە ئاشکرا دیارە کە نەیتوانیوە یاریی دڵخواز بەم کارتانە بکا، یا ئاکامی دڵخوازیان پێ وەدەست بێنێ. بە کردەوەش دەبینین کە هەم لە ئاستی ناوچەدا، ڕۆژ بە ڕۆژ دەست و مەچەکە نیزامی و تێکدەرانەکانی، تەنگیان پێ هەڵدەچنرێ و تێک دەشکێندرێن، هەم لە باری ئابووری، سیاسی و دیپلۆماتیکەوە، لەژێر گوشارێکی بێوێنەدایە. ئەم بارودۆخە وای لێ کردوە مۆتەکەی تەقینەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لەنێوخۆدا و، تێکشکان لەژێر گوشاری دەرەکی، بەرووەڕووی خۆی ببینێ و بە دوای دەروویەک بۆ خۆ ڕزگارکردن بگەڕێ.

لەم بارەیەوە وەبیر دێنینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لە هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی بە مەبەستی بەربەستدانان لە بەردەم زێدەخوازی و دەستێوەردانە ناوچەییەکان و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکا. تەئکیدیش دەکەینەوە کە ئەم جۆرە هەوڵانە کاتێک کاریگەر دەبن و جێگای ڕەزامەندیی خەڵکی ئێران دەبن کە هاوکات ئەرکدارکردنی ئەو ڕێژیمە بۆ ملدان بۆ داخوازەکانی خەڵکی ئێران لە بارەی ئازادی و دیموکراسیەوەیان لەگەڵدا بێ. لە پێوەندی لەگەڵ تاکتیک و مانۆڕەکانی ڕێژیم لە بارەی پرسی کورد لە کوردستانی ئێران لەم مانگانەی ڕابردووشدا کە تێکەڵاوێک بووە لە هەڕەشەی نیزامی لە لایەک و لە لایەکی دیکە کۆمەڵێک مانۆڕی سیاسیی جۆراوجۆر، ئێمە ڕادەگەیەنین کە ئەمانەش هەر بەڵگەی بەردەوامی و بەچۆک دانەهاتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خەباتگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم باوەڕە دایە کە هەر وەک شەڕ و سەرکوت و تیرۆر و ئێعدام و هەڕەشە، نەیانتوانیوە بزووتنەوەی نەتەوەیی و بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان خاشەبڕ بکەن، هەر تەرفەند و مانۆڕێکی دیکەش، بێ دانانی کۆماری ئیسلامی بە مافەکانی گەلی کورد و دەستهەڵگرتن لە سیاسەتەکانی تا ئێستای، ئاکامێکی نابێ. ئێمە جارێکی دیکە وەبیر دێنینەوە کە ئەسڵ بۆ ئێمە چ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو، چ لەگەڵ هەر هەوڵێکی پێوەندیدار بە داهاتووی سیاسیی ئێراندا، دانان بە پرسی ڕەوای نەتەوەکەمان و قبووڵکردنی مافەکانی ئەو نەتەوەیەیە.

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان!**



سەرچاوە
Serchawe

**تێکۆشەران! ئەندامان! دۆستان و دلسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**
**ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران!**

ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی ساڵێک لەمەوبەر لەدژی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەدژی ئازیزان و خۆشەویستانی ئێوە ئەنجامی دا، لە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ نەیارانی سیاسیی خۆیدا، بێوێنە بوو. دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆر تاوانی دیکەشی لە دژی حیزبی دێموکرات ئەنجام داون کە بێوێنە و کەموێنە بوون. بەڵام حیزبی دێموکرات، هەموو جارێ توانیویەتی لەبن ئەم زەبرە گەورانە هەستێتەوە. نهێنیی هەستانەوە و بەردەوامیی دێموکرات،

دوو شت زیاتر نییە.

**یەکەم**، پابەندیی ڕێبەران و تێکۆشەران و ئەندامانی ئەو حیزبە بە درێژەدانی ڕێگای شەهیدەکان تا سەرکەوتن.

**دووهەم** خۆشەویستیی ئەم حیزبە لە نێو خەڵکی کوردستان و دڵگەرمبوونی بە پشتیوانی و خۆشەویستیی بێسنووری ئەم خەڵکە. دڵنیاتان دەکەینەوە کە پشت قایم بەم دوو هۆکارە، بە ورە و هیوای بەرزەوە، ڕێگای بەردەممان دەبڕین تا ئەو ڕۆژەی ئاواتی ئێوە و، ئاواتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان دێتە دی.

سڵاو بۆ گیانی پاکی ئازیزترین هاوڕێیانمان کە خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، کۆماری ئیسلامی بەو پەڕی دڕندەییەوە گیانی لێ ئەستاندن. شانازی و سڵاو بۆ خۆڕاگریی ئێوە بنەماڵەکانیان و هیوای چاکبوونەوەی تەواو بۆ سەرجەم برینداراکان.

**سڵاو بۆ ئێوەی وەفادار بە ڕێگا و ئامانجەکانی ئەم شەهیدانە و، سپاس کە لەم کارەساتە گەورەیەدا هاوخەم و پشتیوان و یارمەتیدەرمان بوون.**

**نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆریست و تاوانخولقێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان.



**ئامادەبوانی خۆشەویست**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان**
**ژنانی کۆڵنەدەر و تێکۆشەر**

ئەمڕۆ یادی یەکەمین ساڵی شەهیدان و قوربانیانی کارەساتی١٧ی خەرمانان دەکەینەوە. کە لەم کارەساتەدا بەهۆی مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات پۆلێک تێکۆشەری ڕێگای ئازادی شەهید بوون و چەندی تریش بریندار. لەم کارەساتە دا یەکیەتیی ژنان زیانێکی گیانی گەورەی لێکەوت کە دوو سکرتێری یەک لەدوای یەکی ڕێکخراوەکەمان شەهید بوون و پۆلێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکەمان بەسەختی بریندار بوون.

**دکتۆر قاسملوو دەفەرموێ:** گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات، کەواتە ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە تا ئێمە لە خەبات بەردەوام بین لەو جۆرە کارەساتانەش دەبن و کۆماری ئیسلامی هەر جارەو بەجۆرێک هەوڵی لەنێوبردنمان دەدات، بەبێ گوێ پێدان و ڕەچاوکردنی هیچ قانوونێکی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ کەواتە ئێمە لەگەڵ دوژمنێکی زاڵم و دڕندە بەرەوڕووین.

کۆماری ئیسلامی لە ١٧ی خەرمانانەدا ئامانجی لەنێوبردنی قەڵای پۆڵاینی دێموکڕات بوو ،بەڵام وەک هەمیشە بەئامانجەکەی نەگەیشت بەڵگەش ٢١ی خەرمانانە مانگرتنە سەرتاسەریەکەی ڕۆژهەڵات باشترین وەڵام بوو بۆی . جگە لەوەش ورەی پۆڵاینی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی دێموکرات و بە پشتیوانی وخۆڕاگری ژنان و کچانی بنەماڵە شۆڕشگێرەکانی

دێموکرات هۆکارێکی تر بوو بۆ لەسەرپێبوون و سووربوونمان له خەبات و تێکۆشان.

**بەڕێزان**

ئەگەر سەیرێکی مێژووی کورد بکەین دەبینین ژنان هەمیشه شان بەشانی پیاوان له شۆڕشەکان دا بەپێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشدار بوون.

بەخۆشحالیەوه مێژووی حیزبی ئیمەش بێبەش نیه لەشێره ژنانی شۆڕشگێر و دایکانی شۆرش که لەسەردەمی کۆماری کوردستانەوه دەستی پێکردوه تاوەکو ئێستا.

نەسرین و سوهەیلا دوو شێره ژنی مەیدانی خەبات بوون ، ئەوان وێکرا خەباتی نەتەوەیی و خەباتی رەگەزیان دەست پێکرد، هەردووکیان وێکرا دەستیان به پێگەیاندنی رۆڵەکانی دێموکرات کرد هەر بەوەشەوه نەوەستان وکاریان کرد لەسەر پێگەیاندنی ژنان هەم لەڕووی خوێندەواری و ووشیار کردنەوەی مافەکانیان. دوای هەموو ئەوانه دەستیان کرد به هێنانه مەیدانی کچان و لاوانی دێموکرات بۆ خزمەت کردن و کارکردن له ئۆرگانەکانی حیزب دا.

**هەموو ئەوانه دەیسەلمێنن که چەنده گەوره و لەخۆبوردوو و خەمخۆر بوون بۆ حیزب و گەل.**

رەنگه نەسرین و سوهەیلاکان وازوو دروست نەبنەوه بەڵام ئەوه ئەرکی ئێمەی ژنه بیانکەینه هەوێنی خەباتمان و خۆمان ئەرکدار بکەین لەپێناو خزمەتی باشتر و پێگەیاندنی باشتر بۆ هاتنەمەیدانی زیاتری ژنان له کایەکانی خەباتدا. وه ئەرکی حیزبیشه به بەرنامەو پلانی جدی کار بکات بۆ هینانه مەیدانی زیاتری ژنان بۆ ئەوەی نمونەی ژنانی وەک سوهەیلاو نەسرینەکان زۆر زوو دروست ببنەوه.

ئەگەر باسێک له خەبات و تێکۆشانی ژنانمان له رۆژهەڵات بکەم دەبینین که ژنانی ئێمه لەو چەند ساڵەی دواییدا وبەتایبەت له یەک ساڵی رابردوودا زۆر بوێرانەو لەئاستێکی بەرزی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و مەدەنی دان، بەڵگەش بۆ ئەوه هەموومان رۆژانه چالاکیەکانیان دەبینین که چەنده خەمخۆری خاک نیشتمانن چەنده به بوێریەوه داوای لابردنی کەسانی بەرپرسی باڵای وڵات دەکەن،چەنده خەم له فێربوونی زمانی دایکی دەخۆن و هەوڵ دەدەن منداڵان فێر بکەن،خۆ ئەوان باش دەزانن که خۆیان له کونجی بەندیخانەدا دەبینەوه هاوشێوەی کچەکەی نیشتمان زارا محەمەدی و سەرجەم ئەو ژنانەی که ئێستا له زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دان. بەڵام ئەوان هەربەردەوامن لەخەبات دژی زوڵم و زۆرداری نەتەوەیی



سەرچاوە
Serchawe

و ڕەگەزی.

له کۆتایی دا پەیمان لەگەڵ شەهیدانی ڕێبەر نوێ دەکەینەوەو شێوازی خەباتیان دەکەینە هەوێنی خەباتمان تا وەدیهاتنی ئامانجەکانمان.

**ڕۆحی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری شاد بێت و خەباتیان ئاوەدان.**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی**

سەرچاوە: پەیجی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی تاوانەکانی ١٧خەرمانان

**کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!**
**حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئێران!**

یەک ساڵ لەمەوبەر رۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدەوروبەری شاری کۆیە کەوتنە بەر پەلاماری مووشەکیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەر لە هەمان ڕۆژ دا، زیندانی سیاسی ناسراوی کومە لە "ڕامین حوسەین پەناهی" و، "لوقمان مورادی" و "زانیار مورادی" لە سێدارە دران و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی دیموکرات ١٤ ئەندامی رێبەری و کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ٢ مامۆستای فێرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، شەهیدبوون. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەمووشەکبارانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی دیموکرات و هاوکات لە سێدارەدانی پۆلێک لە لاوانی شورشگیر و تێکۆشەری کورد دەیانهەویست بە خەیاڵی خۆیان حیزبەکانی کوردستانی ئێران و چالاکان و نیشتیمانپەروەرانی کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکان بترسێنن و، ئەو پەیامە بە نێوخۆی ئێران، کوردستان و دەرەوەی سنورەکانی ئێران بدەن کە کۆماری ئیسلامی بەهێزەو لە هەموو حالەتێک دا توانای هێرش و پەلامار بۆ سەر هێز و لایەنە خەباتگێڕەکانی کوردستانی هەیە. بەڵام دیتمان خەڵکی کوردستان لە رۆژی ٢١ی خەرماناندا بە دەنگی حیزبەکانی خۆیانەوە هاتن و بە پشتیوانی لە هێزە سیاسییە خەباتگێرەکانیان حەماسەیەکی کەم وێنەیان وەڕێ خست. خەڵکی کوردستان، پێشوازییان لە بانگەوازی حیزب و لایەنەسیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" کرد و

به وەرێخستنی مانگرتنێکی سەرانسەری و گشتی، تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خۆیان له هەر دوو تاوانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان به دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند. ئەو پێشوازی و به دەنگەوه هاتنەی خەڵک به چەشنێک بەرین و سەرانسەری بوو که بێزراوبوونی ئەو ڕێژیمه له نێو خەڵکی کوردستانی به باشترین شێوه پێشان دایەوە. هەر بۆیه دەتوانین به ڕاشکاوی بڵێین که مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، لاپەڕەیەکی پڕشنگداره له مێژووی ناڕەزایەتی دەربڕینی گشتی و خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان له بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دا. ئەم مانگرتنه گشتی و سەرانسەرییه جارێکی دیکه به دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی سەلماندەوه که خەڵکی کوردستان پشتیوانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و، ٣٩ ساڵ سیاسەتی سەرکوتکەرانه و زەبروزەنگی ئەو ڕێژیمه نەیتوانیوه خەڵکی کوردستان و هێزه سیاسییه خەباتگێڕەکانیان لێک دابڕێ. پەیامی ٢١ی خەرمانان ئەگەر لەلایەک ژان و ئازاری له دەستدانی پۆلێک سەرکرده و کادر و پێشمەرگەی شەهید و سێ لاوی تێکۆشەری له سێدارەدراوی کەم کردەوە، له لایەکی دیکه ترس و خۆفی خستەوه نێو گیانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی ئەو کاربەدەست و دام و دەزگایانەی له ژێر سێبەری مووشەک و تۆپخانه و سەرنێزه له کوردستان حوکمڕانی دەکەن.

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، هەر بەو ڕادەیه که دڕندەیی و نێوەڕۆکی کۆمەڵکوژانه، تیرۆریستی و دەستدرێژکارانەی هێرش و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی و شۆڕشگێرانەی کوردستانیان پێشان دایەوە، سەلمێنەری وەحشەتی ئەو ڕێژیمه له کوردستان وەک ناوەندی خەبات و بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامییش بوون. خەبات و بەربەرەکانییەک که له ماوەی یەکساڵی ڕابردوو دا، سەرەڕای زۆرتربوونی دڕەندەیی و زەبر و زەنگی هێز و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکان له کوردستان، درێژەی هەبووه و ڕووی له هەڵکشان کردوه.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، له یەکساڵەی تاوانەکانی ١٧ی خەرماناندا، وێڕای مەحکوومکردنەوەی ئەو تاوانانە، سڵاو بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدەکان دەنێرێ و هاوخەمیی خۆی له گەڵ بنەماڵه و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی ئەم پۆله گەوره له تێکۆشەرانی شەهیدی کوردستان دووپات دەکاتەوە. هەر لەم بۆنەیه دا پێزانینی خۆمان له ئاست هەڵوێستی وشیارانه و ئازایانەی خەڵکی کوردستان و دەربڕینی هاوپیوەندی و پشتیوانییان له هێزه سیاسییەکانی خۆیان که مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانان لوتکەی ئەم هەڵوێستەیان بوو، ڕادەگەیەنینەوە. به جێیه لەم بۆنەیەدا جارێکی دیکه سوپاسی خۆمان بۆ سەرجەم هێز و لایەن و کەسایەتیه سیاسی و خەباتکارەکانی کوردستان و ئێران که لەم کارەساته دا، هاودەنگ، هاوخەم و هاوکار و پشتیوانمان بوون، دووباره بکەینەوە.

له یەکساڵەی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان دا، جارێکیتر دووپاتی دەکەینەوه که بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی

کوردستان و خەباتی ئێمە هێزە سیاسییەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە، دڵگەرم و پشت ئەستوور بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو پیلان و هەوڵە شوومەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، درێژەی دەبێ. بێگومان لە بەردەوامی و درێژەدانی ئەو ئەرکە پڕشانازییەشدا، پەیامی هەمیشەیی خەڵکی کوردستانی بۆ هێزە سیاسییەکان کە داوای یەکگرتوویی، هاوخەباتی، هاوپەیمانی و پشت بەستن بە یەکتر بووە، لەبەرچاومان ون نابێ.

**جارێکی تر یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو ئەو شەهیدانەی کە لەپێناو ی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد گیانی خۆیان بەخت کردوە بەرز ڕادەگرین و، بەڵێن دەدەین کە بە لێبڕاویی زیاترەوە بۆ وەدیهاتنی ئاواتە بەرزەکانیان تێ بکۆشین.**

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی - ٨ی سێپتەمبری ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---

## یەکساڵەی تاوانی مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات، بۆنەیەک بۆ سەلماندنی بەردەوامبوونمان لە خەبات




**خەڵکی خاوەن هەڵوێست ومافخوازی کوردستان!**
**بەشداران و پشتیوانانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان!**

١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ(٨ی سێپتەمبر)، یەکساڵ بە سەر هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر حیزبی دێموکرات ڕادەبرێ.

١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە قەڵای دێموکرات، هەڵکەوتوو لە باشووری کوردستان، کردە ئامانج و بەم تاوانە جارێکی دیکە دڕندەیی و وەحشەتی خۆی لە ئاست بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ هەموو لایەک سەلماندەوە. لەم پەلامارە دەستدرێژکارانە و تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، ١٦ کەس لە تێکۆشەرانی دیموکرات کە شەش کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون، شەهید بوون و بە دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگە، ژن و منداڵی سەر بە بنەماڵەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بریندار بوون.

هێرشی مووشەکیی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر پلینۆمی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانەی ترسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. کۆماری



سەرچاوە Serchawe

ئیسلامی ئێران که پێی وابوو به بەئامانجگرتنی سەری حیزبی دێموکرات، دەتوانێ دڵ و مێشکی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لەکار بخات، هەر ٥ ڕۆژ دوای ئەو کردەوە تێرۆریستییە، وڵامێکی ددانشکێنی له خەڵکی کوردستان وەرگرتەوە. خەڵکی کوردستان له ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا به وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی، کاریگەرترین وڵامیان به تاوانی مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات دایەوە. هەر بۆیه له ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانانی کوردستان، حەماسەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانەی پڕشکۆی ڕۆژهەڵات، ڕێفراندۆمێک بۆ ڕاگەیاندنی هاودەنگیی خەڵکی کوردستان له پشتگیرییان بۆ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بوو.

١٧ی خەرمانان، هەر وەها وەبیرهێنەرەوەی له سێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسیی کورد؛ ڕامین حوسێن پەنایی، زانیار و لوقمان مرادی و دوو ڕۆژ دواتر کەماڵ ئەحمەد نژادە که هاوکات له گەڵ مووشەکبارانی قەلای دیموکرات، له لایەن ڕێژیمی سێدارەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گیانیان لێ ئەستێندرا. یەکدەنگی و یەک هەڵوێستیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات به دوای ئەم ڕووداوانە و، پشتیوانی و هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان لەوان، مانگرتنی گشتیی بێ وێنەی ٢١ی خەرمانانی لێ کەوتەوە. بۆیە جیی خۆیەتی له یەکساڵەی ئەم تاوانانەدا، وێڕای ڕێزگرتن له یاد و ناوی هەر چوار زیندانیی لەسێدارەدراو و شەهیدانی مووشەکباران، یەکدەنگی و هاوهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشوازی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان له بانگەوازی ئەوان بۆ مانگرتنی گشتی، بەرز بنرخێنین و به شانازییەوە دەرس و پەیامەکانیان وەبیر خۆمان بێنینەوە.

**هاونیشتمانانی خۆشەویست، خەڵکی بەئەمەگی کوردستان!**
**دڵسۆزان و هۆگرانی حیزبی دیموکرات!**

له پێناوی مەحکوومکردنەوەی تاوانی مووشەکیی ڕێژیم له دژی قەڵات دێموکرات و بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، هەروەها بۆ بێزاری دەربڕین له سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئەو ڕێژیمە به تایبەتی له داردانی لاوانی کورد، وەک ڕێزگرتنێکیش له مانگرتنە گشتییە پڕ شکۆیەکەی٢١ی خەرمانانی خەڵکی کوردستان دوای مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات، پێویستە هەموومان پێکەوە و یەکگرتووانە لەم بۆنەیەدا هەڵوێستمان هەبێت.

**کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا له سەرجەم بەشداران، دلسۆزان و هۆگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی له ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکا:**

١- کاتژمێر١٠ی ڕۆژی یەکشەممە، ١٧ی خەرمانان(٨ی سێپتامبر) له هەر کوێیەک دەبن (له دووکان و بازار، له ڕێگا و نێو

ماشێن، لە سەر مووچە و مەزرا، لە ماڵ و لە ئیدارە و هتد....) بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و گشت شەهیدانی کوردستان، دەقیقەیەک بە بێدەنگی لە شوێنی خۆتان ڕاوەستن.

٢- لەم ڕۆژە دا سەردانی بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و شەهیدانی دیکە بکەن.

٣- لە ڕۆژانی پێشتر و دواتر لە ١٧ی خەرمانان دا، تراکت و پۆستێرەکانی تایبەت بە بیرەوەریی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بکەنەوە.

٤- بە هەر شێوەیەک بۆتان دەگونجێ؛ بە نووسینی درووشمی تایبەت لە شوێنە گشتییەکان، داگیرساندنی مۆم لە ماڵەکانتان و دانانی وێنەی شەهیدانی ئەو تاوانە تیرۆریستییە لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەکارهێنانی ڕەنگی شین و چالاکیی جۆراوجۆری دیکە لەم ماوەیەدا، یادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان بکەنەوە.

**سڵاو لە یاد و ئامانج و ڕێگای شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان،**
**سڵاو لە خەڵکی کوردستان ،خولقێنەرانی حەماسەی مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانان،**
**سڵاو لە کوردستان قەڵای ڕاستەقینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## دید و بۆچوونەکان

# دەمی بەڕێکردنی گوڵە پەڕپەڕبووەکانی پلینۆم



ئاسۆی حەسەنزادە

کاتی لەژێرگڵنانی گوڵە پەڕپەڕبووەکانی پلینۆمی دێموکڕات بوو. لەنێو ئاپۆرای کتوپڕی ڕۆژی مەحشەر، هی هاوڕێیان و کەسوکاری شەهیدەکان کە هێشتا پێیان وابوو خەونێکی ناخۆش دەبینن، لەژێر ئەو ئاسمانە بێخاوەنەی شەمشەمە کوێرەکان هەروا تێیدا دەخولانەوە؛ ئەمجار وێنەی سووتماکی ڕووحی زیندووەکان لەدم ئاگردانی کۆستی مردووەکان و قاشبوونی دڵە ئاشقەکان لەژێر تیغی چارۆک بەسەرانی چاوچنۆکیان بۆ ئەرشیڤی غەدر و تاوان تۆمار دەکرد.

شەهیدەکان زۆر بوون؛ جەنازەیان یەک لەدوای یەک دەهات. شۆفڵ بۆ هەڵکەندنی گڵکۆی زیاتر بەنێوماندا هاتوچۆی دەکرد. ئەوەی دەیکۆڵی عەرز نەبوو، هەناوی ئێمە و خەڵکی کۆیە بوو... نەتدەزانی بچیە لای کێ و کێ بلاوێنیەوە. هەرگیز وتەی ئەو ژنە شەهیدەم لەبیر ناچێتەوە کە ئەگەر بەدەست خۆی با ئارەزووی دەکرد هەر ئەوساتە شۆفڵەکە پەیوەستی هاوسەرەکەی بکا، کەچی لەو دۆخەدا هاوسەر و منداڵی شەهیدەکانی دیکەی لەبیر بوو و بە منی گوت: بچۆ لای ئەوانیش، لای هەموویان...

برینەکان جاریَ زۆر گەرم بوون، هێشتا شۆکی باوەڕ کردن جێی خۆی نەدابوو بە ماتەمی قبووڵ کردن. لەپەنا واقیعی تەپوتۆز و شیوەن و ڕوخسارە ژاکاوەکاندا جیهانێکی هاوتەریب زەین و ڕووحی پەلکێشی خۆی دەکرد، جیهانی ئارامی نەمری، جیهانێک کە لەودا نیگای هێمن و بزەی شەهیدەکان لەگەڵ زایەڵەی دەنگی نەرم و پێکەنینیان ئاوێتەی یەک ببوون و بەو شتانە نەدەشەمزان. تەنیا شتێکی ڕێیان دەدا ئاوازی گۆرانییەک بوو کە هەڵم گرتبوو ئەو پاییزە گوێی لێ بگرم...

فیلمی دوایین بیرەوەریم لەگەڵ هەر یەک لە شەهیدەکان بەردەوام لە مێشکمدا لێ دەدرایەوە. شریتەکە شریتی مێژووش بوو. هی چارەنووسی حیزبی دێموکڕات، هی بەشی کوردی ڕۆژهەڵات. ئەو ڕۆژەی منداڵیی خۆمم بیرکەوتەوە کە لە قەندیل گەورەکانیان لەنێو هۆڵی قوتابخانەکەماندا کۆ کردەوە بۆ ئەوەی هەواڵێکی ناخۆشیان پێ بدەن. هاواری یەکدەست و ترسناکی خەڵکەکە وەک هاڵاوی لەپڕ و بەتاوی گڕکانێکی شێت گەیشتە ئاسمان: دوکتور قاسملوویان شەهید کردبوو. بەڵام دوکتور سەعیدیشم لە گۆڕستانی شەهیدان لە ئەستێرۆکان وەبیر هاتەوە کە چیی گوت. بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان چاویان لێمان بوو. دەبوایە بەهێز دەربکەوین. دەبوایە سەر هەڵێنین. هەژانەکان هەڵگرین بۆ خەڵوەتی تەنیاییمان.

ئەوەی ڕۆژێک پێشتر ڕووی دابوو ئێمەی هێنابۆوە نێوەڕاستی مێژوو، ڕایکێشابووینە بەرچاوی دنیا، گڕی لە گیانی شۆڕشمان بەردابۆوە. بەڵام ڕووبەڕووی شتێکی دیکەشی کردبووینەوە: مانای ژیان، بێقانوونیی ڕۆیشتن لەم دنیایە، ئاسانیی مەرگ. بەتایبەتی بۆ ئەو شۆڕشگێڕانەی لە خەتی پێشەوەی خۆڕاگری لە بەرامبەر دڕندەترین ئەهریمەنی جیهانی ئەمڕۆدا ماونەوە.

تەقینەوەی شەوی یەڵدام هاتەوە یاد کە بۆ جینایەتێکی لەم چەشنە کە پێشتر لەنێوماندا ڕووی نەدابوو، لوتکەی دڕندەیی ئەودەمی کۆماری ئیسلامی بوو. وتەی پیرەپیاوێکی ئەمازیغ لە بەرەبەیانییەکی زستانی غەریبیدا لە گوێمدا زرینگایەوە کە دەیگوت "بەربەرییەت سنووری نییە. هەمیشە پیلانی تاوانێکی تازەتر، جینایەتێکی گەورەتری لە باخەڵدایە". ئەگەر وایە ئامانج و ئیدەئالەکانی ئێمە چیان بەسەر دێ؟... نا، خۆمان نادۆڕێنین. گابریەل گارسیا مارکێز ڕاستی دەکرد، بەردەوام دەبین بەڵام نابێ ئەوان وەک خۆیانمان لێ بکەن.

"ئانتۆنی کوین"م بیر کەوتەوە کە لە ڕۆڵی عومەر موختاردا لە زمان باپیریەوە دەیگوت زەبرێک کە پشتت نەشکێنێ، بەهێزترت دەکا. شەهیدەکان دەست و چاومان بوون. بە ڕۆیشتنی لەپڕ و بەکۆمەڵی ڕەفیقەکانمان، سەرباری ئەو هەموو زام و ئازارە، باری سەرشانی هەمووشمان قورستر ببوو. دەبوایە ئەستوندەکی تاوڵی خەباتمان سەرلەنوێ ڕاست بکەینەوە، خۆمان ڕێک بخەینەوە، زامەکان سارێژ بکەین، دەنگمان بگەیەنینە دنیا، کاری بەجێماوی شەهیدەکان درێژە بدەین، گوڵە

ڕۆژ و نەمامەکان بچەقێنینەوە، کتێبەکان بتەکێنین...

**دەمزانی هەموو ئەوانە دەکەین. دەمزانی لەو تاقیکارییە قورسە دەردەچین.**

دەشمزانی کە هیچ شتێک داغی سەر دڵی بنەماڵەی شەهیدەکان سووک ناکا مەگەر یەکبوون، مەگەر درێژەدانی ڕێگای شەهیدان هەتا سەرکەوتن. قەت ئەو ساتەم لەبیر ناچێ کە چەند ڕۆژ دواتر کە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی دەگەڕاینەوە هاوڕێی پەنا دەستم هەواڵەکانی سەرکەوتنی مانگرتنی گشتیی ڕۆژهەڵاتی پێدام. ئەمجار لە خۆشیان گریاین. کە گەیشتمەوە بیستم هاوسەری شەهیدەکەش بۆ یەکەم جار لەدوای دارمانی ماڵی بەختەوەریی، دڵی خۆش ببوو، پێکەنیبوو.

ئەو کاروانە بەردەوامە. ئەو ڕێگایە دەبێ بڕۆین، باشتر لە پێشوو. لەبەر ڕووحی چاردە گوڵی پەڕپەڕبووی قەڵا، لەبەر دایکی "ڕامین" و دوو شەهیدەکەی فێرگە، لەبەر دەستە چکۆلەکانی "وەنەوشە"، لەبەر چاوە گەشەکانی "ژیوار"، لەبەر ئایندەی "بانە"...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

# کارەساتی ١٧ی خەرمانان (کاریگەرییەکان، ئەزموونەکان)



قادر وریا

## پێشەکی:

ساڵێک لەمەوبەر ڕۆژی ٨ی سێپتەمبر(١٧ی خەرمانان)، سوپای پاسدارانی ڕێژیمی تاوان و تیرۆر، هێرشی مووشەکیی کردە سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە قەڵای دێموکرات کە شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆمەکە بوو ١٤ کەس شەهید بوون کە ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون. نزیک بە ٤٠ کەس ژن و منداڵ، کادر و پێشمەرگەش بەم هۆیەوە بریندار بوون. لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش دوو مامۆستای فێرگە، بە هۆی پەلاماری مووشەکیی ئەو ڕۆژە شەهید بوون. هەر لە بەرەبەیانی هەمان ڕۆژیشدا ٣ بەندیی سیاسیی کورد لە دار دران. ٢ ڕۆژ دواتر واتە ڕۆژی ١٩ی خەرمانانیش بەندییەکی دیکەی کورد، بە تاوانی سیاسی لە دار درا.

## هۆکار و هاندەرەکانی مووشەکبارانی پلینۆمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بۆچی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی١٧ی خەرمانان، بە مووشەکی دوورهاوێژ لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی دا؟

لە ڕووی نێوەرۆکەوە: بزووتنەوەی کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، چەقڵی چاوی ئەو ڕێژیمە بووە. چونکە هەر لە سەرەتاوە "نا"ی پێ گوتوە و ئامادە نەبووە بێ داننانی بە مافەکانی گەلی کورد، مل بۆ حاکمیەتەکەی دانەوێنێ. سەرەڕای هەموو هەوڵێکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیە،

بزووتنەوەکە هەر بەردەوامە و هەڕەشەیەکی "بالقوە"یە بۆ سەر مانەوەی ڕێژیم. شتێکی چاوەڕوانکراوە کە کۆماری ئیسلامی هەر کات دەرفەتی گونجاوی بۆ هەڵ بکەوێ، زەبر لەو بزووتنەوەیە و بە تایبەتی هێزە چالاک و شوێندانەرەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە بوەشێنێ.

لە باری سیاسییەوە: کۆماری ئیسلامی هەم لە نیوخۆ لەگەڵ نارەزایەتیی سیاسی و ئابووریی خەڵک بەرەوڕوو بوو، هەم لە دەرەوەڕا بەرەوڕووی دەورێکی تازە لە گوشاری سیاسی و گەمارۆی ئابووری ببۆوە. هاتنەدەری ئەمریکا لە بەرجام وای کردبوو لەنێوخۆ دۆخی ئابووریی ئێران شپرزەتر بێ و خەڵک پتر نارازی ببن. لەئاستی نێودەوڵەتیشدا، مەیدان لەو ڕێژیمە پتر تەنگ دەکرایەوە. کۆماری ئیسلامی پێویستی بەوە هەبوو کە بەخەڵکی ئێران، بە هاوپەیمانەکانی و تەنانەت بەو وڵات و ڕێژیمانەی دژی ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردانەکانی لە ناوچەدان، بڵێ "اقتدار"م هەیە و دەتوانم لە دەرەوەی سنوورەکانیشم هەر غەڵەتێکی پێم خۆش بێ بیکەم و حیسێب بۆ دنیا ناکەم!

لە ڕووی نیزامییەوە: کۆماری ئیسلامی لەمێژ ساڵە بە توانای مووشەکسازیی خۆی دەخورێ. هەرکات هەستی بەوە کردوە خەریکە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی بەرامبەر دەستێوەردانە ناوچەییەکان و مەیدانداریەکانی لە سووریە، لوبنان، یەمەن، عێراق و هتد وەڕێ دەکەوێ، پەنای بردووەتە بەر نیشاندانی توانای مووشەکیی خۆی. جا بە تاقیکردنەوەی مووشەکەکانی بووە، یا هاویشتنیان بەرەو وڵاتێکی دیکە. پێشتر(٢٠١٧) "دیرالزور" و "ڕەقە"ی لە نێوخاکی سووریەدا کردبووە ئامانجی مووشەکەکانی. ئەمجاریش دەبوایە نیشان بدا کە - ئەگەر ناچار بێ - ئامادەیە لە دژی نەیاران و بەرهەڵستکارانی خۆوڵاتییش - ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی خۆی- ئەم مووشەکانە بەکار بێنێ. دیارە چەند ساڵێکە جگە لە مووشەکەکانی، توانای پەهبادیی خۆیشی زۆر گەورە نیشان دەدا. لە هێرش بۆ سەر قەڵای دیموکڕات وێڕای نواندنی توانا مووشەکیەکەی، پەهبادەکانی خۆیشی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بۆ کاری نیزامی بە کار هێنا.

لە باری تەبلیغاتییەوە: پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەم لە شوێنێکی دیاریکراو بەڕێوە دەچوو، هەم لە کاتێکی دیاریکراودا. حیزبی دێموکرات هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ شاراوەبوونی کات و شوێنی پلینۆمەکەی نەدابوو. ئامادەکارییەکیشی بۆ بەرگریی هەوایی لە خۆی نەکردبوو (ئەمە بەو مانایە نییە کە لە جێی خۆیدا ئەم کەمتەرخەمییە جێگەی ڕەخنە نەبێ). ئەوەی تا ئەو کات زیاتر پێشبینیکراو و چاوەڕوانکراو بوو، سوود وەرگرتنی ڕێژیم لە شێوازەکانی دیکەی زەبر وەشاندن و کردەوەی تیرۆریستی، بۆ وێنە دانانەوەی بۆمب بوو. بەڵام بۆ سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی زۆر گرنگ بوو بە مووشەک لە شوێنی پێکهاتنی پلینۆم بدا. هەم زەبرە سیاسی و نیزامییەکە لە حیزبی دێموکرات گەورەتر دەبوو، هەم دەنگدانەوە و کاریگەرییە ڕەوانییەکانی لە سەر حیزب و خەڵک، زیاتر دەبوون. هەر لەو کاتەشدا،

دەیتوانی لە سەر وردی و ڕادەی ئامانج پێکانی مووشەکە دوورهاوێژەکانی، هەر وەها توانای ئیتلاعاتیی خۆی - کە گوایە زانیاریی وردی لە کات و شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆم هەیە - مانۆڕ بدا.

## کاریگەرییەکانی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان:

مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات و هاوکات ئێعدامی پۆلێک بەندیی سیاسیی کورد لە ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا، لەباری سیاسی، نەتەوەیی و خەباتخوازیی کوردەوە، ئاکامێکی جیاواز لەبەراورد و هەڵسەنگاندنەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. چونکە:

### دانان بە مانەوە و لەشکاننەهاتوویی بزووتنەوەیەک بوو

تاوانە هاوکاتەکانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان، جۆرێک دانانی ڕێژیم بوون بە مانەوە و بەردەوامیی هێزە سیاسییەکان و، نیشاندانی ترس بوو لە چالاکی و تێکۆشان و نفووزیان لە نێو خەڵکدا. ئەگەر بزووتنەوەیەک لە گۆڕێدا نییە و، هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە لەنێو خەڵک نفووزیان نییە و، بۆ سەر ئەو ڕێژیمە بە مەترسی دانانرێن، بۆ چی بە چەکێکی "غیر متعارف" یا بەکارهێنانی ناباوی چەکێکی ئەوتۆ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لێیان دەدا؟ بۆ چی ئەندامان و لایەنگرانیان ئێعدام دەکا؟

### پرسێکی نەتەوەیی و سیاسی چووە ئاستێکی گشتی و ئاشکرا

کارەساتی ١٧ی خەرمانان بووە هۆی ئەوە پرسی حیزبە سیاسییەکان و خەباتەکەیان کە پێشتر لەنێو کۆمەڵ بە پارێزەوە و لە سنوورێکی داخراو و لە ژێرەوە قسەی لەسەر دەکرا (زیاتر لە بازنەی ئەندامان، لایەنگران و نزیکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان) بێتە ئاستی سەرەوە، ببێ بە جێگای سەرنجی گشتی و، بە ئاشکرا قسەی لە سەر بکرێ.

### هاوخەمی و هاوپێوەندیی گشتی و نەتەوەیی و، هەڵوێستی جەماوەریی شیاوی لێ کەوتەوە

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان کە بە ئامانجی وەشاندنی گەورەترین زەبر لە هێزێکی سیاسی و، ترساندنی خەڵک لە درێژەی هاوکاری و پشتیوانیی هێزە سیاسییەکان بەڕێوە چووبوون، ئاکامێکی پێچەوانەیان لێکەوتەوە. لە ئاستی جۆراوجۆردا، هاوخەمی و هاوپێوەندی بەرامبەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لەم ڕۆژەدا، کۆماری ئیسلامی



سەرچاوە
Serchawe

قوربانیی لێ ئەستاندن، وەرێ کەوت. هەم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، هەم لە هەرێمی کوردستان، هەم لە ڕادەی دیاسپۆرای کوردیدا شاهیدی هاوپێوەندی و هاوخەمی بووین. بەڵام لە هەمووی گرنگتر مانگرتنی گشتی و سەرانسەریی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو کە یەک مانای هەبوو: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی خۆیانن و هەر وەک رابردوو ئەو ڕێژیمەیان ناوێ.

## بووە هۆی یەکهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکان کە هاندەری جووڵاندنی توانای بەربەرەکانی خەڵک بوو

کەمتر وا هەبووە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارەی ڕووداوە سیاسییەکان، هەڵوێستیان وەک یەک بووبی، یا بە یەکەوە و هاودەنگ هەڵوێستی وەک یەکی خۆیان ڕاگەیاندبێ. بەڵام بە دوای تاوانەکانی١٧ی خەرمانان، زۆربەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە، کۆدەنگ و هاوکار بوون لە ڕووبەڕووکردنەوەی داوا و چاوەڕوانیی وەک یەکی خۆیان لە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە بریتی بوو لە وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی و پێشاندانی ناڕەزایەتیی خۆیان لەم تاوانانە. ئەم یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی و هاودەنگییە، هاندەری خەڵک بوو بۆ باشترین بە دەنگەوەهاتن لە ٢١ی خەرمانانەدا بە جۆرێک کە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەری بە پشتیوانی لە بزووتنەوەکەی خۆیان وەڕێ بخەن.

## ئەزموونەکان:

هەگبەی ئەزموونەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و لێکەوتەکانیدا، هەم لایەنی ئەرێنیی تێدایە، هەم لایەنی نەرێنی.

## ئەزموونە ئەرێنییەکان:

### سەلماندنی بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشاندا

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەم ڕۆژەدا گەورەترین زەبری وێ کەوتبوو، هەر وەها هێزە سیاسییەکانی دیکەش کە بەردەنگی هێرش و پیلانەکانی ئەم ڕێژیمەن، دوای ئەو ڕووداوەش هەروا لە خەبات و تێکۆشانیان لە بواری جۆراوجۆردا بەردەوامن. خەڵکیش لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، لە پێشوو ڕاشکاوانەتر بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان، بۆ بەرگری لە شوناسی خۆیان لە مەیداندان. بۆ جارێکی دیکەش بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان و بە دیاریکراوی حیزبی دێموکرات، ئەوەیان سەلماندەوە کە ئەم جۆرە زەبرانە لەگەڵ هەموو بە ژانبوونەکەیان، ئەوان لە سەر خەباتی دژی ئەو

ڕێژیمە شێلگیرتر دەکەن.

## ناسینی زیاتری دڕندەیی ڕێژیم

هەرچی ئەم ڕێژیمە پتر لە داهاتوو و مانەوەی خۆی نیگەران بێ، دڕندەیی پتر بەرامبەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی دەنوێنێ. کوردستان بە پێشینەی ٤٠ ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، بە بوونی هێزی سیاسیی چالاکی خاوەن ڕابردوو و خاوەن پێگەی جەماوەری، بە بوونی ئامادەیی خەڵک بۆ پشتیوانی لە هێزە سیاسییەکان، هەمیشە جێگەی نیگەرانیی کۆماری ئیسلامی و بەردەوام ئامانجی بەرنامە و پیلانەکانی هیز و دەزگا تیرۆریستی و سەرکوتکەرەکانیەتی. بۆ زەبر وەشاندنیش، ڕێژیم ئامادەیە هەموو جۆرە سنوورێک ببەزێنێ و تەنانەت کاریگەرترین چەکەکانی و پرمەترسیترین هێرش و پیلانی تیرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکان، بەکار بێنێ. ئەوەش کە هێزێکی سیاسیی کورد بڕوای بە شێواز و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران هەبێ بەڵام لە سەر پرسی نەتەوەکەی شێلگیر و شوێندانەر بێ، لە ڕوانگەی ئەو ڕێژیمە پتر مەترسییە و زیاتر دەیکا بە ئامانجی هێرش و پیلان.

## بەرجەستە بوونەوەی پێویستیی تەبایی و یەکگرتوویی

دڕندەیی نواندنی ڕێژیم بە هۆی تاوانی ١٧ی خەرمانان لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامێک بوو بۆ سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات: دوور نییە ئەم جۆرە هێرش و تاوانە لە داهاتووشدا دووپات ببنەوە. ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێرش و پیلانی گەورەی لەم چەشنە و ئاکامەکانیشی، لە ئەگەری بەردەوامیی ناکۆکی و پەرتەوازەیی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، زۆر دژوارتر دەبێ. ئەم پەیامە لە لایەک، هەر وەها پەیامێک کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مانگرتنی یەکگرتووانەی خۆیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرماناندا بۆ حیزبە سیاسییەکانیان نارد، سەرنجی ڕێژەیەکی زیاتر لە ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبەکانیان بۆ لای پێویستیی تەبایی و یەکگرتوویی نێوان ئەو هێزانە ڕاکێشاوە. ئەمە داوایەکی ڕاشکاوانەیە کە بەرەوڕووی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کراوەتەوە و خۆ لێبواردنیشی وەک پێشوو، هاسان نییە.

## ئەزموونە نەرێنییەکان:

### نەبوونی هەوڵی پلانمەند و جیددی بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کەیسی تاوانەکانی ڕێژیم

لە یەک ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کات زیاتر کەوتبووە ژێر گوشاری دەرەکی و، تەنانەت سوپای

پاسداران كه گەورەترین ڕۆڵی هەبووە لە تاوانەكانی ئەو ڕێژیمە دژی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، لە لایەن ئەمریكاوە بە تیرۆریست ناسرا. بەو زەمینە لەبارەشەوە، سەرەڕای گەورەیی كارەساتی ١٧ی خەرمانان و وێڕای ئەو هەمووە تاوانانەش كە ئەم ڕێژیمە پێشتر بەرامبەر خەڵكی كوردستان ئەنجامی داون، بە داخەوە هەوڵێكی جیددی، بەیەكەوە و پلانمەند لە لایەن حیزب و ڕێكخراوەكانی ڕۆژهەڵات بۆ بردنی ئەم جۆرە كەیسانە بۆ نێو كۆڕ و كۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەدی نەكرا.

## درێژەی ملبەملەی ڕێكخراوەیی

ئەگەرچی شەقامی ڕۆژهەڵات و زۆرینەی خەڵكی بەشدار لە تێكۆشان و چالاكیی سیاسی (بە حیزبی و ناحیزبییەوە) داواكاری یەكگرتوویی و هاوپەیمانیی نێوان حیزب و ڕێكخراوە سیاسییەكانن، بەڵام هێشتا ملبەملەی ڕێكخراوەیی و زاڵبوونی بەرژەوەندیی ڕێكخراوەیی بە سەر بەرژەوەندی گشتیدا- لە ئاستی هەرە سەرووی حیزبەكاندا- ، ڕێگر بووە لە پێكهاتنی گۆڕانێكی گەورە و هومێدخوڵقێن. لەگەڵ ئەوەی بەردەوامیی هاوكاریی نێوان چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی لە چوارچێوەی "ناوەندی هاوكاری"دا، شتێكی ئەرێنییە، بەڵام ئەم هاوكارییەش هێشتا لە سنوورێكی بەرتەسكدایە و ئاستێكی بەرزی نەبڕیوە.

## مانەوەی هاوكاریی پێشمەرگانە و ئەمنیەتیی نێوان ڕێكخراوە سیاسییەكان لە ئاستێكی نزمدا

سەرەڕای بەرجەستەبوونەوەی مەترسییەكان و هەڕەشەكانی ناوەندە سوپایی و ئەمنیەتییەكانی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەكانی ڕۆژهەڵات كە لە هەرێمی كوردستان جێگیرن، هاوكاری لە بوارەكانی چالاكیی پێشمەرگانە، ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاوكاریی ئەمنیەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و پیلانەكانی ڕێژیم، نەچووە ئاستێكی بەرزتر لە هی پێشوو.

## دەرئەنجام:

تاوانەكانی ١٧ی خەرمانان، ئەگەر ئاماژەیەكی بەهێز بوون بۆ سووربوونی كۆماری ئیسلامی لە سەر وەشاندنی زەبری لە جاران قورستر لە ڕێكخراوە سیاسییەكان، مانگرتنی ٢١ی خەرمانان و بەردەوامیی ڕەهەندە جیاوازەكانی خەبات لە نێو ڕۆژهەڵات و دەرەوەی سنوورەكانیش پەیامێكی ڕاشكاو بوون بۆ سەلماندنی پێوەندیی بەهێزی نێوان خەڵكی كوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان لە لایەك و، بەچۆكدانەهاتن و شێلگیری لە خەبات بەرامبەر ئەو ڕێژیمە. بەڵام ئەو بەردەوامبوونە بە تایبەتی لە قۆناغێكدا كە كۆماری ئیسلامی پێویستی بە نواندنی دڕندەیی زیاترە، جگە لە ئیرادەی خەباتگێڕانە، شتێكی گرنگی دیكەشی پێویستە: یەكگرتن، هاوكاری و هاوپەیمانیی حیزب و ڕێكخراوە سیاسییەكان

لەگەڵ یەکتر و، خەبات و تێکۆشانی پێکەوە و پشتبەستوو بە یەکتر لە هەموو ئاست و بوارەکانـدا. ئەمە گرنگتـرین وانەی خەرمانانی کەوتن و هەستانەوەیە، ئەگەر ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بە باشی لێی تێگەیشتبن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---

# کۆمەڵگەی زیندوو، بژاردەی خەوتوو



**مادح ئەحمەدی**

ڕووداوی مووشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، یەکێک لە ڕووداوە تاڵ و گەورەکانی مێژووی بزاوتی نەتەوەیی کورد و حیزبی دێموکراتە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەم جار لەو ئاستەدا لە لایەن وڵاتێکی داگیرکەری کوردستانەوە، حیزبێکی کوردی کەوتە بەر پەلاماری مووشەکی. واتە، پێشتر ئەم چەکە، کە بۆ جەنگە گەورەکان و شەڕی نێوان وڵاتان بە کار دەهێنرێ، دژی بزووتنەوەی کورد یان هیچ هێزێکی سیاسی لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان بەکار نەهاتبوو و بۆ یەکەم جار لەسەر پەیکەری بەتەمەنترین حیزبی کوردستان تاقی کرایەوە. ئەم پەلامارە بۆ سەر حیزبی دیموکرات لایەنی جۆراوجۆری هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی سەربازیی و سیاسییەوە لێکدانەوەی قووڵ هەڵدەگرێ و لە ئاستی جیاوازدا قسەی لەسەر کراوە.

**ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم وتارەیە، بەراوەردێکە لە نێوان دوو پەرچەکرداردا بەرانبەر بەم ڕووداوە لە ئاستی کوردستان دا.**

**یەکەم**: دژکردەوە و هەڵوێستی گشتیی کۆمەڵگە، وەک ڕای گشتی.

**دووەم**: هەڵوێستی توێژی بژاردەی کۆمەڵگە. لەم سۆنگەیەوە، ئەتوانین تیشک بهاوێژینە سەر ئەم پرسیارگەلە کە ئایا دژکردەوەی کۆمەڵگەی ئێمە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بڵێین خاوەن کۆمەڵگەی زیندووین؟ لە بەرانبەردا گەلێ کارەساتی

موشکباران کردنی قەڵا، توانیی بڕاردەی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد (بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات) وەخەبەر بێنێ؟ یان بەگشتیی دژکردەوەی بژاردەی کۆمەڵگە لە ئاستی گەورەیی کارەساتەکەدا بوو یان نا؟

## کاردانەوەی کۆمەڵگە

ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستیی دەسەڵاتێکی داخراوە و ملیتاریستی دایە و دەرەتاتی هەر چەشنە چالاکییەکی ئازادانەی سیاسیی بەڕوودا داخراوە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵات دامرکێ و ببێتە کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆ و بێ هەڵوێست. بەسەرنجدان بەوەی کە ئازادیی جموجۆڵی سیاسی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێڕن و زیندووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پەڕی داخراوی سیستمی سیاسی و لە ژێر کەشێکی تەواو ئەمنییەتیدا توانیویەتی ئەم تایبەتمەندییە لە خۆیدا جێ بخا و نموونەیەکی بابەتییانەی کۆمەڵگەیەکی زیندوو بێ. بێگومان هۆکاری سەرەکیی ئەم زیندوویەتییەش ئەگەڕێتەوە بۆ گەشەی بەردەوامی بیری نەتەوەیی و ئەزموونی بەردەوامی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسیی لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لەو بەشەی کوردستان.

**بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئاماژە بەم چەند نموونەی خوارەوە بە پێویست ئەزانم:**

**یەکەم**. مانگرتنی گشتی خەڵک (هەموو ساڵێک) لە ساڵرۆژی تیرۆری د.قاسملوودا لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا وەک نەریتێک جێ کەوتوە و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، بەشێوەی گشتیی خەڵکێکی زۆر ناچنە سەر کار و وەک نارەزایەتییەک لە ماڵەکانیان ئەمێننەوە و دوکان و بازار دادەخەن.

**دووهەم**. نارەزایەتیی خەڵکی شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دژی کوشتنی "شوانەی سەید قادر" لە ساڵی ٢٠٠٥ دا.

**سێهەم**. نارەزایەتی و مانگرتنی گشتیی خەڵک دوای لە سێدارەدانی "فەرزاد کەمانگەر" و هاوڕێیەکانی لە ساڵی ٢٠١٠ دا.

**چوارەم**. نارەزایەتیی خەڵک بەرانبەر بە ڕووداوی هۆتێل تارای مەهاباد و کوشتنی فەریناز خوسرەوانی لە ساڵی ٢٠١٥.

**پێنجەم**. نارەزایەتی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی شاری بانە دژی کوشتنی کۆڵبەران لە ساڵی ٢٠١٧دا.

**شەشەم**. نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان بەگشتیی و شاری مەریوان بەتایبەتی دوای ڕوودای شەهید بوونی شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی لە ساڵی ٢٠١٨دا.

**حەوتەم**. مانگرتنی گشتی و هەڵوێستی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرانبەر بە مووشکباران کردنی قەڵای دێموکرات لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان و هەروەها لەسێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسی بە ناوەکانی ڕامین حوسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی لە هەمان ڕۆژدا کە لە ڕاستیدا تازەترین نموونەی لووتکەی هەڵوێستی خەڵک و لووتکەی زیندوویەتیی

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بوو. ئەگەر سەرنج بدەین لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا سیاسەتی سەرکووتکردن و کەشی میلیتاریستی زاڵ بەسەر شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەتەنیا کەمی نەکردووە، بەڵکوو توندتر و دڕندانەتر بووەتەوە، ئەوەی لەم نێوانەدا گرنگە پەرچەکرداری خەڵکە کە نەتەنیا داخراویی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی سیستمی سیاسی نەبووەتە هۆی ئەوەی بکشێتەوە و دامرکێ، بەڵکوو وەک ئاگر زیاتر بڵێسە سەندوە و گڕدارتر بووە. بەدیویکی دیکەدا، ئەکرێ بێژین بەپێی ئەو نموونانەی سەرەوە، هەر چی گوشار و پەلاماری حکوومەت زیاتر و دڕندانەتر بووبێ، ئەوا لە بەرانبەردا پەرچەکرداری کۆمەڵگە بەرفراوانتر و بەهێزتر بووە. لە دوایین نموونەدا ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ساڵی پار، بەقەرا گەورەیی ڕووداوەکە، پەرچەکرداری کۆمەڵگەش گەورە و کاریگەر بوو.

## ڕۆڵی بژاردەی کۆمەڵگە

لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم ڕووداوە گەورانەدا کە کۆمەڵگە ئەهەژێنن، ناکرێ ڕۆڵی بژاردەی کۆمەڵگە ڕچاو نەکرێ و لە ڕاستیدا بەو جۆرەی کە باوە بژاردەکانی کۆمەڵگە ئەشێ ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕن و ئاراستەی ڕووداوەکان بکەن. بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە گەلۆ بژاردەی سیاسیی و هزریی ئێمە گەییشتووەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی و وشیاریی کە بتوانێ سنوورە تەسکەکان دەربازبکا و مەودای بیرکردنەوە و ڕوانینی فراوانتر بکا؟ ئەگەر بەپێی بۆچوونی "ئێدوارد سەعید" چاو لە بابەتەکە بکەین کە پێی وایە بژاردە و ڕووناکبیرەکانی کۆمەڵگە ئەشێ بەرانبەر بە ڕووداوەکان هەڵوێستیان هەبێ و ئەخلاق و بەها مرۆییەکان بکەنە پێوەر، ئەوا وەڵامی پرسیارەکە "نا" یە و مەخابن توێژی بژاردە لە کۆمەڵگە ئێمەدا هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی و فراوانبیری. لەم ڕوانگەوە ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بکەین، بەتایبەت ئەبینین ئەو بژاردەیە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەژی، نەیتوانیوە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێ و لەگەڵ گرفتی جیددی بەرەوڕوویە. بەدیوێکی دیکەدا، ئەم توێژەی کۆمەڵگەی ئێمە بەسەر چەندین گرووپی بچووک و ناوەندی جیاجیادا دابەش بوون و مەودای ڕوانین و هەڵوێستیان لەو بازنە بچووکانە ناترازێ و لەبەرگی "کوردایەتییەکی ڕووکەش"دا کە بە وەهم و خەیاڵ بارگاویی کراوە، جاروبار خۆی ئەنوێنێ.

هەڵبەت لێرەدا پێویستە دابەشکارییەک بکەین لە نێوان ئەو بژاردەیەدا کە لە دەرەوەی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێیە کە ئەویش یەکەم: بژاردەی سیاسییە کە حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵات تەعبیری لێ ئەکەن و دووەم: بژاردەی ڕووناکبیرییە کە پێک دێ لە کۆمەڵێک دەموچاو و کەسایەتیی جۆراوجۆر کە هەر کام لە بواری خۆیاندا ناسراون و خاوەن ناوبانگ و پێگەن. لە ئاستی یەکەمدا، ئەوەی کە حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو یەک دەنگ داوای مانگرتنیان کرد و ڕۆژی ٢١ی خەرمانان خەڵک بەدەم داواکارییەکەیانەوە هاتن و ئەوەی لە چوارچێوەی ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکان بینیمان، هەنگاوی باش بوون و تا ئێرە ناتەبا نەبوون لەگەڵ چاوڕوانیی کۆمەڵگە و پەیام و وەڵامی

کۆمەڵگەشیان بۆ ئەو پێکەوەبوونە لە ٢١ی خەرماناندا وەرگرتەوە. ئەوەی لێرەدا جێگای رەخنەیە و سەلمێنەری ئەوەیە کە بژاردەی سیاسی کورد نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی کە بازنەی بینینی فراوانتر بکا، ئەوەیە کە لە ئاستی جۆراوجۆردا کارەساتی ١٧ی خەرمانانیان تێکەڵ بە ململانێی حیزبی کرد و هەوڵ دەدرا لە گەورەیی ڕووداوەکە کەم بکرێتەوە.

لە ئاستی دووەمدا، بەداخەوە ئەکرێ بێژین بژاردەی ڕووناکبیریی ئێمە بە هەمان شێوەی بەشێک لە بژاردەی سیاسی، مەودای ڕوانینی فرە کورتە و زۆر جار ئەبنە پاشکۆی گرووپی جیاجیای نێو بژاردە سیاسییەکان. واتە، بەداخەوە ئەم توێژەش لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات نەیتوانیوە دەوری خۆی بگێڕێ ببێتە هاواری دەنگی کپکراوی کۆمەڵگەکەی و داکۆکیکاری حەقیقەت و بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان بێ. بۆ وێنە ئێمە سینەماکاری گەورەمان هەیە کە لە ئاستی فستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا ناسراوە و خاوەن ناوبانگ و پێگەیە لە بواری خۆیدا، کەچی بەرانبەر بە ڕووداوێکی گەورەی وەک ١٧ی خەرمانان هیچ هەڵوێستێکی نییە. ژمارەیەک هونەرمەند و نووسەری ناودارمان هەیە کە لە ئاست ڕووداوێکی وا گەورەدا بێدەنگ و بێ هەڵوێست بوون، لە کاتێکدا ئەیانتوانی ڕۆڵی زۆر باش بگێڕن و قورسایی و پێگەی خۆیان بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەکەیان، بۆ بەگژداچوونەوەی هەرچی زیاتری سیاسەتی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بۆ گەیاندنی هاواری ڕەوای گەلەکەیان بە گوێ دونیا، بەکار بێنن. مەخابن، ئەوەی چاوەڕوان ئەکرێ و ئەوەی ئەرکی ڕاستەقینەی ئەم توێژەیە زۆر نامۆیە لەگەڵ ئەوەی لە کرداری بەشێک لەم توێژە بینیمان. سەیر لەوەدایە، ژمارەیەک لە دەموچاوەکانی ئەم توێژە لە دەرکەوتن و ئاخاوتنەکانیاندا زۆر نەتەوەیی و ڕادیکاڵ دەردەکەون و بۆ ڕووداو و کێشەکانی پارچەکانی دیکە، هەمیشە ڕۆڵی "کەواسووری بەر لەشکەر" ئەگێڕن، کەچی بەرانبەری بەوەی پارچەیەکی لەشیان لە لایەن درندەترین و مەترسیدارترین دوژمنی سەردەمەوە ئەنجن ئەنجن ئەکرێ، کەڕ و بێدەنگن.

## کاردانەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان

خاڵێکی دیکە کە گرنگە ئاماژەی پێ بکرێ، کاردانەوەی بژاردە و ڕای گشتیی پارچەکانی دیکەی کوردستانە بەرانبەر بەو هێرشەی کە لە ١٧ی خەرماناندا کرایە سەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ڕۆژهەڵات بۆ پرسە نەتەوەییەکان هەمیشە پێشەنگ بووە و هیچ کات بەرانبەر بەو ڕووداوانەی کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕوویان داوە بێ هەڵوێست نەبووە و دەسبەجێ پەرچەکرداری هەبووە. بەرانبەر بە ڕووداوەکانی باکوور، بۆ عەفرین و کۆبانێ لە ڕۆژاوا، بۆ چەسپاندنی فیدرالیزم و ڕیفراندۆم و ١ی شوبات و ... لە باشوور، هەمیشە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات هەڵوێستی بوێرانە و چالاکانەی نواندوە، بەڵام لە بەرانبەر قەت وەڵامەکەی لە بەشەکانی دیکەی جەستەی وەرنەگرتووەتەوە. لە ئاستی حیزبەکاندا، تەنیا بە دەرکردنی چەند ڕاگەیەندراوێک تێپەڕێ و لە ئاستی بژاردەی



سەرچاوە
Serchawe

ڕووناکبیریشدا، جیا لە چەند کەسایەتی و چەند ناوێک، هیچ هەڵوێست و بەدواداچوونێکی ئەوتۆمان نەدی، تەنانەت چەند ڕۆژ دوای ڕووداوەکە "برێت مەکگۆرک"، نوێنەری تایبەتی ئەوکاتی سەرۆکی ئەمریکا لە ناوچەکە سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و "پرێس کۆنفراسێکی هەبوو، بەداخەوە یەک ڕۆژنامەنووس خۆی لەوە نەدا کە بپرسێ بەڕێز مەکگۆرک چەند ڕۆژ لەمەوبەر، چەند کیلۆمەتر دوورتر لێرە، کۆماری ئیسلامیی ئێران سنووری ئاسمانی عێراقی بەزاند (کە کۆنترۆڵەکەی لە ئەستۆی ئەمریکادایە) و موشەکی دژی هێزێکی کوردی بەکارهێنا، هەڵوێستی ئێوە چییە؟ ئایا پرسیارێکی لەو شێوەیە زۆری تێدەچوو؟ ئایا ڕووداوەکە ئەوەندە گەورە نەبوو کە لە ئاست تەنانەت یەک پرسیاردا بێ؟ لەئاستی ڕای گشتیی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، جیا لە بەهاناوە هاتنی خەڵکی شارەکەی "حاجی قادر"، لە هیچ کام لە شارەکانی پارچەکانی کوردستان هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆمان نەبینی. ئەمەش لە کاتێک دایە، ئەگەر ئەم ڕووداوە لە هەرکام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕووی بدابایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ڕۆژهەڵات خۆپێشاندانی هەزاران کەسی بۆ ڕێک دەخرا و بەدەیان کەسیش دەستگیر دەکران و ڕاپێچی تاریکخانەکان ئەکران، بەڵام ڕۆژهەڵات ئەم تێچوویەی نەدا کە لێرە تێچووشی نەدەبوو.

## ئەنجام

زۆر جار ڕووداوی بچووک ئەبێتە سەرچاوەی گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی مێژوویی، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ڕووداوە گەورەکانیش بە ئاسانی تێ ئەپەڕێنرێن و هیچ ڕوو نادا. بە واتایەکی دی سایکۆلۆژیای کورد زۆر جیاوازە و، ڕووداوە گەورەکانیش ڕایناچڵەکێنێ. نەتەوەیەک بە ئەنفال و کیمیابارن و ژێنۆساید وەخەبەر نەیە، پێویستە وەڵامی گەلێک پرسیاری کەڵەکەبوو بداتەوە. جوولەکە دوای هۆلۆکاست چییان کرد، ژاپۆن و ڤییێتنام چۆن ڕەوڕەوی مێژوویان بە قازانجی خۆیان گۆڕی، ئەمانە هەمووی ئەزموونی گەورە و بەنرخن و دەبوو کورد تا ئێستا لێیان فێر ببا. مەخابن دوای ئەو هەموو کارەساتەی کە بەسەر کورد هاتوە، ئێستاش ئەبینی هەر وەک خۆیەتی و لە هیچ کام لە ڕووداوە گەورە و چارەنووسسازەکان نەیتوانیوە کەڵک وەربگرێ و مۆرکی خۆی لە مێژوو بدا.

کاتێک ئاوڕ لە ڕابردوو ئەدەیتەوە، زۆر سەیر نییە بەلاتەوە کە ڕووداوێکی گەورەی وەک ١٧ی خەرمانانیش بە ئاسانی تێ ئەپەڕێنرێ. موشکبارانی ١٧ی خەرمانان و لەسێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسی کورد لە هەمان ڕۆژدا، پەلاماردانی بزووتنەوەیەک بوو کە بەداخەوە نەیتوانی ئاڵا هەڵگرانی بزووتنەوەکە (وەک بژاردەی سیاسی) و هەروەها بژاردەی ڕووناکبیریش لە کۆمەڵگەی کوردستان وەخەبەر بێنێ. ١٧ی خەرمان هەلێکی گەورە بوو کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نەیانتوانی بەباشی کەڵکی لێ وربگرن و بیکەنە خاڵی وەرچەرخان بۆ یەکگرتنەوە و تەبایی زیاتر و دەستپێکردنی سەرەتایەکی نوێ. لە ڕاستیدا، بەپلەی یەکەم لایەنەکانی دیکە لە ئاست چاوەڕوانیی خەڵکدا، بەرپرسیارانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکە



سەرچاوە
Serchawe

نەکرد و ڕێزیان بۆ پەیامی مانگرتنی گشتیی خەڵک لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دانەنا. لێرەدایە کە جارێکی دیکە، ئەتوانین بێژین بژاردەی ئێمە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە لە ئاگایی کە فراوان بڕوانێ و داهاتوو بنیات بنێ. بەتایبەتی، بەشێکی بژاردەی ڕووناکبیریی ئێمە ئەوەند بەرژەوەندخوازە کە هەموو بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان لە پێناو خۆیدا پێشێل ئەکا. بە پێچەوانەی بژاردەی کۆمەڵگە، ئەوەی جێگای هیوا و تێرامانە، پەرچەکرداری رای گشتیی ڕۆژهەڵات بوو کە بە ئاسانی بە لای ڕووداوەکەدا تێپەڕ نەبوو و بۆ هەمیشە ئەمێنێتەوە. لە لای ئەمەشدا خۆڕاگری و ورە بەرزی بنەماڵەی شەهیدان و بریندارەکانی پەلاماری مووشەکی ١٧ی خەرمان، قارەمانییەتی تێکۆشەرانی راستەقینەی دێموکرات و کۆڵنەدانی بنەماڵەی ئەو سێ بەندییە سیاسییەی کە لەسێدارەدران، بۆ هەمیشە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین ئەمێنێتە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# میتۆدی "شار" بۆ بەرگری لە "قەڵا"



شاڕوخ حەسەنزادە

دیالێکتیک یەکێک لە کەرەسەکانی فەلسەفەیە بۆ باس کردن و شەنوکەو کردنی بابەتە زانستی و فەلسەفییەکان. هێگڵ وەک بیرمەندێکی ناسراو ئەم پرسەی بە چڵەپۆپەی خۆی گەیاند و وەک کەسێکی ئیدەئالیست کاری پێدەکرد، بەڵام ئەوە "یوهان فیشتە" بوو وەک هاوڕێبازی هێگڵ لە تێرم و فۆرمۆلی تێز و ئانتی تێز و سەنتێز کەڵکی وەرگرت؛ کەچی لە مێژووی فەلسەفەدا زۆرتر بە شاکاری هیگڵ دادەنرێ. لەم شێوازە دیالێکتیکەدا سەرەتا، گوزارەیەکی دیار بە "تێز" دادەنرێ، دژبەرەکەی دەبێتە "ئانتی تێز" و لە ئاکام بەرکەوتنی ئەم دوو پارادۆکسە "سەنتێز" دەخولقێنێ.

ئەگە ئێمە ڕووداوی مێژوویی ٢١ی خەرمانان بخەینە نێو ئەم فۆرمۆڵە، مووشەک دەبێتە تێز، قەڵا، ئانتی تێزەکەیتی و مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش دەبێتە سەنتێز! واتە مانگرتنی پڕشکۆی ڕۆژهەڵات بە هەموو چین و توێژەکەوە ڕاستەوخۆ بەرهەم و مەحسوولی مووشەک بارانکردنی قەڵای دێموکرات بوو.

دوای ئەوەیکە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێژیمی کلاوچی و ترسنۆکی ئیسلامی ئێران بە مووشەک هێرشی کردە سەر قەڵای دێموکرات، جەستەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات زامدار بوو و خوێنی پێشمەرگە، کادر و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سێ لاوی تێکۆشەری نێوخۆ کە بە ناحەق لە سێدارە دران تێکەڵی یەکتر بوون و شەقامی شاری پێ ئاودێر کرا (لێرەدا مەبەست لە شار، پۆلیس یا مەدینەی پلاتۆن و ئەرستوویە کە بە گشتی بەرهەمی ژیارە و وەک ئەنجوومەنێکی سیاسی و مەدەنی لە یەونانی کۆن پێناسەی بۆ کراوە). ئەو برینە هێندە قورس و کاری بوو هەموومانی تاساند، بەڵام خەڵکی بە ئەمەگ و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات وەخۆ

کەوتن و داوایان لە خەڵکی خۆرهەڵات کرد جارێکی تر بێنە سەر خەت و بۆ پشتیوانی و هاوکاریی خەباتکارانی خۆیان هەڵوێست وەربگرن. دوای چوار ڕۆژ گرکانی خەفتیوی ڕۆژهەڵات وە گڕ کەوت و بە دەنگێکی بەرز و پڕ لە ژیار و شارستانییەت تۆڵەی تێکۆشەرانی دیمۆکراتیان لە تاران کردەوە و بە مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانان بە ڕۆژی ڕووناک و لە بەر چاوی حەپەساوی ئیدارەی ئیتلاعات و سپای پاسداران سەدان مووشەکیان ئاراستەی بەیتی ڕێبەری ڕێژیم کرد و دەگەڵ سارێژکردنەوەی ئەم خەمە قورسە، ئەمجارە ئەوان بوون کە بە پەژیوانی نەک هەر جەستەیان بەڵکوو کۆڵەکەکانی ئەو نیزامە دیکتاتۆرە وە لەرزین کەوت.

زۆر جار ڕەخنەی ئەوە لە خەڵکی خۆرهەڵات دەگیرا کە، خەڵکی ئەم بەشە لە کوردستان زۆرتر بە خەمی پارچەکانی ترەوەیە و بۆ خەم و شایی ڕۆژهەڵات دەنگی کپ و ماتە، هەرچەندە ئەمە لایەنی سیاسی و چۆنیەتیی ڕوانینی ناوەندە دیکتاتۆرەکان بە نیسبەت بەشەکانی کوردستانی دابەشکراو دەگرێتەوە، بەڵام لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو بە تایبەت ئەم سێ ساڵەی دوایی سەلماندیان چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەری بە حەق لە کوردستانی ئێران لەسەر پێیە بەڵام ئەوە ئاستی بەرزی شعوری سیاسی و تێگێشتنی پڕ لە مەدەنیەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە کە جارێک بۆ باشوور شایی دەکا و جارێک لە یەکی شوبات شین دەگێڕێ و لە بۆ سەرکردەیەکی باکووری دەچتە سەر شەقام و ئەنجومەنەکان بۆ کۆبانی شەوە شێعر و بەرنامەی جۆراوجۆر دادەنێن. بە ڕوانینێکی تر، خەڵکی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوە سیاسیەکانی لە کاتی قەیران و تەنگانەدا نەک هەر ناکەون و تووشی دارمان و نزم بوونەوە نایەن بەڵکوو بە پێچەوانە لەم حاڵەتانەدا زیاتر چالاک دەبن و بەردەوام ڕادەبن.

سێ ڕووداو لە ماوەی ئەم سێ ساڵە لە ڕۆژهەڵات ڕوویان دا کە دووانیان سروشتی و بوون و یەکێکیش ناسروشتی، لە هەردووک کارەساتە سرووشتیەکەی ١٣٩٦ی کرماشان کە بەداخەوە بەهۆی هاتنی بوولەرزە جگە لە وێرانکرنی ماڵ و حاڵی خوشک و برایانمان لە بەشی خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵات و زەرەری زۆری ماڵی، مەخابن سەدان کەس لە هاونیشتمانیانی کورد گیانیان لەدەست دا و بە هەزاران کەسیش بریندار بوون، یا لە ڕووداوەکەی تر لە نەورۆزی ١٣٩٨ بە هۆکاری هەستانی لافاو و لێمشت لە بەری لای ئیلام و لۆرستان، ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ هاونیشتمانیانی خۆی کرد لە کەمتر نەتەوە دەوەشێتەوە، ئەو ڕووداوە ناسرووشتیەی ١٧ی خەرمانانیش ئەگە ٢١ی خەرمانانی بەدوا دا نەهاتبا، دەبوو چ ببا؟! ڕۆلان بێرتۆن کەسایەتییەکە کە زۆرتر لە بەستێنی زانستە سیاسیەکاندا دەنووسێ و خاوەن پێگەیەکی بەرزی بۆچوونی سیاسییە، کتێبێکی هەیە بە ناوی "ئەتنە سیتە". ناوبراو لەو کتێبەدا باسی پێوەرەکانی کەسێکی ناسیونالیست دەکا.

**ئەو پێی وایە کەسێکی ناسیونالیستی ئاگا دەبێ ئەم خاڵانەی تێدا بەدی بکرێ هەتا وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر و گەلدۆست بێتە ناسین:**

**یەکەم**. پرسی زمانە، واتە کەسێکی ناسیۆنالیست هەم دەبێ زمانی یەکەمی واتە زمانی دایکی بەباشی بزانێ و هەمژی، ئەو کەسانەی لە حەوزەی زمانیدا خزمەتیان بەو زمانە کردوە بیانناسێ، بۆ وێنە کەسێکی ڕووسی کە لافی نیشتمانپەروەری و ڕووسی بوون لێ دەدا دەبێ بۆ میناک؛ فیئۆدر داستایوفسکی بناسێ و بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە یا لیئۆ تۆلستۆی ناسیبێ. لەهەموو گەلێک بەهەمان شێوە و بۆ کەسێکی کوردی نەتەوەگەراش ئەم پرسە درووستە، واتە دەبێ کوردێکی نیشتمانپەروەر جیا لە زانینی زمانی دایکی کەسایەتییەکانی وێژەیی خۆی بناسێ کەسانی وەک، خانای قوبادی، ئیل بەگی جاف و هێمن و... .

**دووهەم**. "مێژوو"یە. ئەمەش بە هەمان شێوە دەبێ ئەو کەسەی ئیدیعای خۆشەویستیی خاک و خەڵکی خۆی هەیە دەبێ ڕابردووی خۆی بزانێ، ئەگە لە کەسێکی فەرانسەوی بپرسێ ناپلئۆن بناپارت کێیە و نەیناسێ دەبێ گومانت لە فەرانسەوی بوونی ئەو کەسە هەبێ، دیسانی بۆ کوردیش ئەمە ڕاستە، واتە کەسێکی کورد کە کوردایەتی دەکا دەبێ لانیکەم بزانێ، لۆلۆ، کاسی، گوتی، میتانی، ئورارتوو، مانا، ماد و هەتا ماڵباتەکان و میرنشینەکان و شۆرشەکانی سەدەی 19 و بیست، کێ بوونە و چیان کردوە و لێی ئاگادار بێ.

**سێهەم**. ناسینی جوگرافیایە، واتە دەبێ جوگرافیا و شوێن و شار و لادێیەکانی وڵاتی خۆی بناسێ و بزانێ ئەم ناوچە و مەڵبەندە لە کوێ هەڵکەوتوە و دەکەوێتە کوێ و داب و نەریت و زاراوەکانی بە چ جۆرێکە. ئەگەرچی بێرتۆن زۆر لایەنی تریش باس دەکا بەڵام ئێمە بە چوارەمین خاڵ کە زۆر گرینگە، ئەم ڕایە دەپێچینەوە، هەستی ناسیونالیستی، هەرکەسێک بە هەر بیروباوەڕ و ئایین و ڕوانینێک مادام بڵێ من سەر بەو ڕەگەز و نیژادەم و سۆز و هەستی بۆی هەبێ ئەوە کەسێکی ناسیونالسیتە، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە هەر کەسێک بڵێ من کوردم و کوردستانی، دەکەوێتە خانەی کەسێکی نیشتمانپەروەر (بە پێوەری ڕۆڵان بێرتۆن کەسێکی ناسیونالسی دەبێ ئەم چوار خاڵەی باس کرا تێدا مەوجود بێ). حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک پێشەنگی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و میللیگەرایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێکە دەرفەتی بەو باسانە داوە و لە فێرگەکانیدا وەک وانە و دەرسی گرینگ دەیانڵێتەوە و بۆ گەشەی بیر و هەستی ناسیونالیستی تێ کۆشاوە.

تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆ لانیکەم ئەو هەستەیان تێدا پەنگ دەخواتەوە کە من کوردم و هەست و سۆز و عاتیفەم بۆ هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە هەیە. ئەمەیە نهێنیی شعووری بەرزی سیاسی و ئاستی پێگێشتوویی و تێگێشتوویی خەڵکی ڕۆژهەڵات. لەم نێوەدا و لە سەردەمی جیهانێکی ئاڵۆز و شپرزە، لە چاخی تیرۆر، کوشت و کوشتار و چەختی گەری، خەلکی خۆرهەڵاتی نیشتمان و بزووتنەوە مافخوازەکانی ئەم بەشە، بە حوکمی باوەڕمەند بوون بە شێوازی خەباتی مەدەنی و دوور لە توندووتیژی وەک فەلسەفەی بنەڕەتی و ڕەسەنی خۆیان، باش لەم مێتۆدە تێ دەگەن و تەنانەت



سەرچاوە Serchawe

خەلاقیەتیشیان هەیە.

"جین شارپ" وەکوو کەسایەتییەکی ئاکادێمی دەیان ساڵە بە شێوەی زانستی و پراگماتیک لەم بەستێنەدا چالاک بووە. ئەو کە وەک بەرنامە دارێـژەری چەنـدین بزووتنـەوەی خـەڵکی و مـەدەنی لـە ڕۆژهـەڵاتی ئورووپـا و وڵاتـانی دیکتـاتۆری وەک وێنزوئیلا بەشداریی ڕاستەوخۆی کردوە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی"لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی" باس لە ١٩٨ جۆر مۆدێل دەکا کە بزووتنەوەکان و چالاکانی ڕێکخراوەیی و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ بەدوور لە توندوتیژی کاری پێ بکا و پایە و ئەستوونی دیکتـاتۆران دارمێنێت. بـەرزە فـری نییـە کـە بڵێم، ئەگـە نـاوبراو مابـا ئێستا دەبـوو لـە شـەقام و بازارەکانی کوردستاندا گەرابا و فێری جۆرەکانی تری خەباتی مەدەنی ببا. ئەوە نییە لە بانە و شارەکانی تـری ڕۆژهـەڵات (لە ساڵی ١٣٩٧) درێژترین مـانگرتنی یـەک شـار لـە مێـژووی نـاوچەدا، خوڵقـا و ڕاخسـتنی سفرەی بـەتاڵ بـووە مۆد و لـە بەشەکانی تری ئێرانیش کرێکاران و بازارییەکان و ئەسناف پاتەیان کردەوە.

زۆر جار ئێمە گوتومانە، شەڕ خواز نین و ئەو چەکەی پێمانە بۆ بەرگرییە و ئەوە دوژمنە شەڕی بەسەرداسەپاندووین، واتـە مۆدێلی خەباتی چەکداری بۆخۆمان هەڵمان نەبژاردوە و بەسەرماندا سەپاوە، بەڵام شێوازی خـەباتی مـەدەنی دەنـاو خوێن و مێشکماندا دەجووڵێتەوە و ڕێژیمە دیکتاتۆر و زاڵ بەسەر کوردان کە ئـاخی کوردستـانیان داگیر کـردوە لـەم مۆدێلە تۆقیـون، چونکە هـەم لـە بـواری ئـاستی شعووری مـەدەنی و تێگەیشتن لـە مـاف و خواستەکانیان ڕەوشـەنگەری دەکـرێ، هـەم پانتـایی جوغرافیـایی بـەربڵاوتر لـە خـۆ دەگـرێ و هـەمیش بەشـداری زۆرینـەی خـەڵک لـەم ڕەوت و پێـواژۆیانە بـە ڕادەیـەکی زۆر بـە نیسبەت شێوازەکانی تر بوونی هەیە و وا بە هاسانی ڕەوگیر ناکرێن. ئەگەرچی مەبەستی من لێرەدا بایەخدانان و ئەرزش گوزاری نییـە لـە نێـوان مێتۆدەکـانی خـەبات و شێوازی بـەرەورووبوونـەوە، خـەڵقی کـورد بـۆی هەیـە لـە هـەموو دەرفـەت و مکانیزمێـک کـەڵک وەربگـرێ و خـەباتی چەکـدارییش یـەکێک لـەو مێتۆدانەیـە کـە لـە پەسـەندکراوەکانی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ژومارە ٢٢٢ و ٢٣٥ ی ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٧٨ دانی بە ڕەوایی خەباتی چەکداری داناوە بـۆ گەیشتن بـە مـافی دیـاریکردنی مـافی چارەنووسی گەلان. کەواتـە گـەلی کوردیش ئـەو مافـەی هەیـە بـۆ دەستەبەر کردنـی داخوازییـە مەشروعەکانی خۆی لە هەموو جۆرەکانی تێکۆشان یەک لەوان خەباتی چەکداری کەڵک وەرگرێ.

یا شێوازی دیپلۆماسی و دیالۆگ ڕێگەیەکی ترە لە خەباتی سیاسی و وەدەست هێنانی ماف و ویستی ئەتنیکێکی دیاریکراو.

بەڵام ماتەوزە و پتانسیەلی جۆری ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان یـا بزووتنـەوە کۆمەڵایەتیـەکان هـەر وەک لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا دەردەکـەوێ، دەسـەلمێنێ کـە گـەلی کـورد بـە تایبـەتی لـە خۆرهـەڵاتی نیشـتمان دەتـوانێ بـە پـلان و سیاسـەتی

ئاوەزمەندانە باشتر کەڵکی لێ وەرگرێ. بوونی دەیان ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە، هەروەها گەشەی تێرمی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک فاکتەرێکی بەهێز بوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەکانیش وەک پارتنێری بە هێزی پرۆپاگەندایی پاڵپشتی ئەم شێوازە خەباتەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## ٢١ی خه‌رمانان شكۆی شار



**مه‌نسوور مروه‌تی**

له مێژووی بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه و مافخوازانه‌ی گه‌لی كورددا زۆر ڕۆژ و بۆنه هه‌ن كه هه‌ركام به جۆرێك ده‌رخه‌ری ڕووداوێكی گه‌وره‌ی مێژوویین و له مێژووی گه‌لی كورددا جێگای تایبه‌تییان هه‌یه.

زۆربه‌ی ئه‌و ڕۆژ و ڕێكه‌وتانه دوانه‌یه‌كن له كاره‌سات و به‌رنگاری، واته جاری وابووه كه كاره‌ساتێك ڕووی داوه و گه‌له‌كه‌مان به گشتی هه‌ڵوێستێكیان نواندوه كه نه‌ك له كاره‌ساته‌كه‌دا نه‌ماونه‌ته‌وه كه‌چی له دڵی ئه‌و كاره‌ساته‌دا ژیانه‌وه و بووژانه‌وه و به‌رنگارییان خولقاندوه كه ئه‌و هه‌ڵوێسته مێژووییانه خۆی بووه‌ته لاپه‌ڕه‌یه‌كی زێڕین له مێژووی گه‌له‌كه‌ماندا.

كاره‌ساتی ١٧ی خه‌رمانان واته مووشه‌كباران كردنی قه‌ڵای دێموكرات و شوێنی به‌ڕێوه‌چوونی كۆبوونه‌وه‌ی كۆمیته ناوه‌ندیی حیزبی دیموكراتی كوردستان كه شازده شه‌هیدی لێ كه‌وته‌وه و له سێداره‌دانی چه‌ندین زیندانیی سیاسی كورد له به‌ندیخانه‌ی ناوچه جۆراوجۆره‌كانی ئێراندا ڕووداوێكی دیكه‌ی له‌م چه‌شنه بوو كه سه‌ره‌تا كۆست بوو، به‌ڵام دواجار شكۆی ٢١ی خه‌رمانانی به‌دوای خۆیدا هێنا. دیاره ئه‌گه‌رچی له ماوه‌ی ئه‌م چل ساڵه له ده‌سه‌ڵاتداره‌تیی كۆماری ئیسلامیی ئێران ئه‌وه یه‌كه‌م جار نییه كه تێكۆشه‌رانی كورد بكه‌ونه به‌ر په‌لاماری تێرۆریستیی ئه‌م ڕێژیمه و له‌م سۆنگه‌یه‌وه زه‌بریان به‌ر كه‌وێ، به‌ڵام كاره‌ساتی ١٧ی خه‌رمانان یه‌كێك له‌و ده‌گمه‌ن ڕووداوانه‌یه كه ده‌كرێ بڵێین له مێژووی بزووتنه‌وه‌ی كورد و ته‌نانه‌ت ناوچه‌شدا گرینگ، بێوێنه و باسه‌ڵگره. بێوێنه له‌م باره‌وه كه ئه‌وه یه‌كه‌م جار و له‌و ده‌گمه‌ن حاڵه‌تانه‌یه كه

ڕێژیمێک لەم ناوچەیە و بگرە لە جیهانیشدا سەرکردایەتیی حیزبێکی ئۆپۆزیسیونی خۆی بە مووشەکی دوورهاوێژ ئەویش لەنێو خاکی وڵاتێکی دیکەدا بکاتە ئامانج. هەروەها ئەوە یەکەم جارە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە ڕووهەڵماڵاوی بەرپرسایەتیی ئەو پەلامارە دەگرێتە ئەستۆ و ڕاشکاوانە دەڵێ کە ئامانجمان لەو پەلامارە لە نێوبردنی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

ئەگەرچی ئەو تاوانە تیرۆریستییە زەربەیەکی قورس بوو کە وە حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوت و شەش ئەندامی بەوەجی ڕێبەری و، هەشت کادر و پێشمەرگەی لێهاتووی ئەم حیزبەی لە بزووتنەوەی کورد ستاند، بەڵام ئەوە هەر حیزبی دیموکرات بوو کە توانیی سەرەڕای هەڵگرتنی ئەو برینە قورسە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و بۆ تاقە یەک ڕۆژیش لە کار و تێکۆشان نەوەستێ.

ئەم کارەساتە هەر برینێک نەبوو کە حیزب هەڵیگرێ، بەڵکوو لە راستیدا نیشتمانێکی زامدار کردبوو. هەر چوار ڕۆژ دوای ئەم تاوانەی ڕێژیم ئەوە خەڵک و بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان بوون کە لە هەڵوێستێکی ئازایانەدا ڕۆژێکی پڕسەروەریی دیکەیان خستە سەر پاشخانی مێژووی سیاسیی گەلەکەمان. ۲۱ی خەرمانان و مانگرتنی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان هەر بۆ ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران و پشتیوانی لە حیزب و ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆیان نەبوو، بەڵکوو بەولاوەتر ڕێفراندۆمێک بوو تا بە هەمووان بڵێ کوردستان کوێیە و خاوەنی کێن! بەڵێ ۲۱ی خەرمانان تەنیا ڕۆژێک و مانگرتنێکی سادە نەبوو، بەڵکوو زۆرانێکی زۆر جیددیی نێوان بزووتنەوەی کورد و کۆماری ئیسلامی لە ئێران بوو، کە دیار بوو دواتر کامیان براوەن!

چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بۆ کەلێن خستنە نێوان خەڵک و حیزبەکان و هەروەها شکان و بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی کوردستان هەرچی لە دەستی هاتووە کردوویەتی.

لە هەوڵە هەمەلایەنەکانی بۆ دەرپەڕاندنی سەرکردایەتیی حیزبەکان لە کوردستان بگرە هەتا تیرۆر و ڕەشەکوژیی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان، کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە حیزبەکان لە خەڵکی کوردستان دابڕێ و بە دنیای دەوروبەر و دەرەوەش بڵێ کە شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا نییە. هەڵبەت لەو ململانێیە چل ساڵەدا دۆڕاوی ئەو مەیدانە هەر کۆماری ئیسلامی بووە، و ۲۱ی خەرمانای ۱۳۹۷ی هەتاویش بەڵگەی زیندووی ئەم ئیددیعایەیە.

دیارە بە درێژایی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان و بە تایبەتی لەم چل ساڵەی رابردوودا ئەوە یەکەم جار نیە کە

خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر رووداوە جۆربەجۆرەکاندا هەڵوێست دەنوێنن. دەکرێ بڵێین سەرەڕای هەموو زەبر و زەنگ و فشار و گرتن و راوەدوونانی چالاکان و رێکخەرانی ئەو جۆرە حەرەکەتانە خەڵک بەردەوام لە سەر پێ و خاوەن هەڵوێست بوون. ئەو هەڵوێستەی خەڵک جاری وابووە بە هاتنە سەرشەقام و تەنانەت بۆ پشتیوانی لە خەباتی پارچەکانی تری کوردستان و جاری واش هەبووە بە مانگرتن و داخستنی دوکان و بازاڕ بەرانبەر بەو سەرەڕۆییانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەڕێوە چووە. نموونەی ئەوە دەکرێ ئاماژە بە هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لە سەرەتای پەلاماری ئەرتەش و سپای کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان یان کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان، یا دواتر نارەزایەتی نیشان دان بەرانبەر بە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و دواتر زیندانیانی سیاسی و چەندین رووداوی لەو چەشنە، بەڵام ئەو هەڵوێست نواندنە ئەوخەباتە یەکگرتوو و هەمەلایەنی خەڵکە دەکرێ بڵێین لە ٢١ی خەرمانانیدا گەییشتە لووتکە.

٢١ی خەرمانان کە زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی بە ڕێفراندۆمی خەڵکی کوردستان ناوی دەبەن، پەیامێکی زۆر روون و ئاشکرا و ڕاشکاو بوو بۆ هەموو لایەک. بەتایبەت پەیامی ئەو ڕۆژە بۆ دەسەڵاتدارانی تاران ئەوە بوو کە ئەم گەلە پشت لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆی ناکا و هیچ چەشنە ئامراز و شێوەیەکی سەرکوت ناتوانێ ئەوان لە مەیدان وەدەربنێ و بە تیرۆر و مووشەکی بالستیکیش چاوترسێن نابن.

هەڵبەت لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان لە جوابی داوای حیزبەکان بۆ مانگرتنی سەراسەری وێڕای جوابدانەوە بە داواکەیان و خولقاندنی ئەو حەماسەیە لە راستیدا پەیامێکیشیان بۆ حیزبەکان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو ئەگەر ئێوە یەکرتوو و پاڵپشتی یەکتر بن ئێمەش لە گەڵتانین.

پەیامێکی دیکەی ٢١ی خەرمانان بۆ ئەو لایەنانە بوو کە هاوتەریب لەگەل کۆماری ئیسلامی خەونی گولی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەبینن و چەندین ساڵە لە هیچ چەشنە دژایەتی و ناوزڕاندێک بەرانبەر بەم حیزبە درێغییان نەکردوە، لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان سەلماندیان و بە هەموو لایەکیان نیشان دا کە ئەوان حیزب و ڕێکخراوی جێ متمانە و ڕیشەداری خۆیان هەیە و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ حیزبەکان و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیان وەک هەمیشە پێوەندیی ئاو و ماسی و، خاک و خۆرە و هەرواش دەمێنێتەوە.

هەر بۆیە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان و ڕێفراندۆمەکەی ئەم ڕۆژە بۆ هەمیشە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا دەمێنێتەوە و تابلۆیەکی جوان و پڕ واتایە لە شکۆی "قەڵا" و "قەڵافەتی" "شار".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# کوردستان، هەرێمی خوێن و هەستانەوە



**کەریم فەرخەپوور**

**خەنەبەندانی خوێنە، خەرمانانە و مانگی خەم و فرمێسک و ژان و هەژان و بەرخۆدان و هەستانەوە.**

خەرمانانە و مانگی خەزان، دوێنێ شەهیدان لە باشووری نیشتمان لەبەر دەمی قەڵا و ئەمڕۆ لە میکۆنووس لەبەر دەمی قانوون. دوێنێ لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و ئەمڕۆش لە شەقامەکانی بێرلین. دوێنێ چراکانی چوارچرا خامۆش دەکرێ، پێشەوای سەرداری کورد لەنێو دڵی نیشتماندا لە دار دەدرێ، قاسملوو لەسەر هەق و لە پێناو هەقدا تێرۆر دەکرێ، لە قەڵای دێموکرات بە بۆمبا لە سەری ئێمە دەدرێ، کۆڵبەرێکی کۆڵ لە کۆڵ لەسەر پاروە نانێ وەبەر ڕەهێڵەی فیشەک دەدرێ، دوێنی ئازاد لە دیداری ئازادییدا سەر دەنێتەوە و ئەمڕۆش لەم ڕۆژە تاڵەدا لەبەردەمی کلیسادا شەڕەفکەندی لە خاچ دەدرێ.

لە زێدی من قازی لەجیی تاوانبار لە سێدارە دەدرێ، کورد بە ئایەتی قورئان ئەنفال دەکرێ، بە تاوانی کورد بوون ناسنامەی گەلێک دەسووتێ، دوکتۆرەکان وەبەر نەشتەر و شمشیر دەدرێن هەتا پزیشک و خەمخۆری کورد نەمێنن.

ئەی نیشتمان! بارتەقای ڕووبارەکان خوێنمان بۆ دای، بە ژمارەی ئەستێرەکان ڕوحمان فڕێ، چی لە تۆ پیرۆزتر و چی لە تۆ ئازیزتر و مەزنتر کە گوڵەکانت بە خوێن و دارهەنارەکانت بە فرمێسک ئاو دەدرێن.

ئەی نیشتمان! لە باوەشی تۆدا بێکەس و لە داوێنتدا هەر ماڵ لە کۆڵ و بێ پەنایین. چ ناخ هەژێنە مردن لە باوەشی

دایکدا و ئاوارەیی لە داوێنی نیشتماندا و غەریبی لە ماڵە باواندا. چ دڵتەزێنە حەرامکردنی بزە لەسەر لێو و ڕفاندنی دڵبەر لە ئامێزی دڵدار و پێکەنین لە ناخ و ماڵاوایی لە نیشتمان، بەڵام چ شانازییەک گەورەتر لەمردن لەڕێی ئازادی و بەخشینی ڕوح لە پێناو زێد و نیشتماندا.

ئەی ڕەقیب! ئەتۆش دڵنیابە، نە قەڵامان دەچەمێ، نە چیامان لە دار دەدرێ، نە کانیاوەکانمان دەخنکێن و نە قەندیلمان دەکرێنە دیل. ئێمە دەبینە دەنگی بێدەنگی و، نە کوردستان بێ پێشمەرگە و نە پێشمەرگە بێ کوردستان دەبێ.

ئەی ڕەقیب! بزانە و دڵنیا بە، نە هیواکانی تۆ لە نیشتمانی مندا بەر دەگرن و نە خوێن دەبێتە ئاو. نە قازی دەمرێ و نە وەسیەتەکەی و نە کۆمار فەرامۆش دەکرێن، نە وانەکانی قاسملوو دەسڕێنەوە و نە قاتڵەکانی میکۆنووس بە ئازادیی دەخولێنەوە. دڵنیابە دڵنیا، ئەمڕۆ یا سبەی گۆڕغەریبەکانی پێرلاشێز بەرەو نیشتمانی دایک دەگەڕێنەوە و ئاڵای سەرکەوتن لە چوارچرای قازی لەسەر کۆشکی کۆمار دەشەکێتەوە. ئێمە لە تۆرەمەی نەتەوەیەکین لە نێو دڵی خاکدا دەڕوێینەوە. لە ڕۆژی تۆڵەدا یەک دەبینینەوە. لە خەرمانانی سووردا گشت شەقامی شارەکانی نیشتمانم بە شێعر و مۆم و گوڵ و مێخەک دەڕازێنینەوە. پەیڤەکانی پێشەوا دەکەینە هەوێنی نەسرەوتن و هەستانەوە. دەوڵەتی کوردی بونیاد دەنێین و گشت ئاسەواری ئێوەی دێوەزمەی شوومی شەڕ لەسەر دارو پەردووی نیشتمانم دەسڕینەوە. لەسەر لووتکەی ئازادی هەموومان یەک دەنگ سروودی هەرمان و نیشتمان و ئەی ڕەقیب دەڵێینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# له بیرەوەری یەکساڵەی شەهید کرانی شازده تێکۆشەری دێموکڕات دا



**مستەفا شڵماشی**

ئەورۆ ١٧ی خەرمانان ساڵێک بەسەر یەکێک لە تاڵترین بیرەوەریەکانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانمان دا تێدەپەڕێ. ئێستاش دەنگی ئەندامانی شەهیدی کومیتەی ناوەندی لە گوێم دا دەزرینگێتەوە کە بۆ ئاخرین جار لە پلینۆمە خوێناویەکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا، چەند خولەکێک پێش موشەکبارانی کۆماری جینایەتکاری ئیسلامی ئێران بۆچونی سیاسی خۆیان سەبارەت بە مەسەلە سیاسیەکانی کوردستان و ئێران دە ردە بڕی. ئێستاش ئەو چرکە ساتانەم وە بیر دێنەوە کە هاوڕێیانمان تێیدا بێ دەنگ بوون و پلینۆم نوقمی بێدەنگیەکی سامناک بو و دوای چەند خولەک تۆرە کۆمەڵایەتیەکان پڕبوون لە وێنەی لە خوێن دا شەلاڵ بوی قەڵای بەرخۆدانی دێموکڕات و شەهیدانی سورخەڵاتی گەلەکەمان. چرکە بە چرکە و خولەک بە خولەک ئاسەواری موشەکباران گەورەتر دەبۆوە. هەر چرکە ساتە و خەبەری شەهید بونی سەرکردەیەک، فەرماندەیەک و پێشمەرگەیەک بڵاو دەبۆوە. قافڵەی شەهیدان درێژتر دەبۆوە و ئاسۆری ئێمەی بە جێماو لە قافڵە بەرینتر. کاتێک بە تەواوی قوڵایی برینی کارە ساتمان بۆ دەرکەوت کە زانیمان شەش ئەندامی ڕێبەری و دە کادر و پێشمەرگەی بەوەجی دێموکرات لەو هێرشە موشەکیە دڕندانەیەی ڕژیم دا گیانیان بەخت کردوە و زیاتر لە چل کەسی دیکە لە دڵسۆزانی گەل و نیشتمانە کە مان بریندار بوون.

دەبێ دوژمنی ڤین لە دڵ بزانێ کە هەرگیز ئەو جینایەتەمان لە بیر ناچێتەوە و لە شەقام بە شەقامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خۆشەویست دا وەڵامی ئەو جینایەتەوە دەگرێتەوە، هەروەک چۆن تەنیا چەند ڕۆژێک دوای موشە کباران، لە ٢١ی خەرمانان دا لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەڵامێکی بەهێز و تەزێنەر بە ڕژیم درایەوە.

له بیرەوەری یەکساڵەی شەهید کرانی شازده تێکۆشەری دێموکڕات دا سەری ڕێز بۆ گیانی پاکی شەهیدان دادەنوێنم و بەڵێن تازه دەکەمەوە کە تا دوا هەناسەی ژیانم درێژه دەری ڕێگایان بم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ژنی کورد و خەباتەکەی لە دوو سەنگەری بەبایەخدا



**شەونم هەمزەیی**

بیانووی نووسینی ئەم بابەتە یادێکە لە شەهیدان سۆیلا قادری و نەسرین حەداد، دوو چالاکی سیاسیی کورد، دوو تێکۆشەری بواری یەکسانیخوازی، دوو سەرکردەی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، دوو لیدەری ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە ساڵی ڕابردوو لە هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر قەڵای دێموکرات شەهید بوون.

سۆیلا و نەسرین وەک دوو ژنی کۆمەڵگەی کوردستان لە دەست زوڵم و ستەم و چەوسانەوە ڕاپەڕیبوون، ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی ڕەگەزی؛ ستەمێک کە بە درێژایی مێژوو لە نەتەوەکەیان وەک کورد و لە خۆیان وەک ژن کراوە. ئەوان هەم چالاک و هەم پێشمەرگە و هەم سەرکردە لە کاروانی شۆڕش و جووڵانەوەیەک بوون کە بۆ نەهێشتنی ئەم ستەمانە بەرێوەیە. ئەو دوو شۆڕەسوارە لەو مەسیرەدا گلان، گیانیان بەخت کرد، بەڵام خولیا و ئامانجە بەرزەکانیان؛ خولیا و باوەڕ و بەرنامەی ئێمەمانان و دەکرێ بڵێم هەموومانە.

سۆهەیلا و نەسرین کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون، هاوکات دوو کەسی دیاری بزووتنەوەی ژنانی کوردستانیش بوون. لە یەک ساڵەی شەهیدبوونی ئەم دوو کەسایەتییە دیارەی بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتدا، کورتە باسێک دەکەین لە

بزووتنه‌وه‌ی ژنانی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان و خاڵی هاوبه‌ش و هاوکات جیاوازییه‌کانی له‌گه‌ڵ بزووتنه‌وه‌ی ژنان له ئێراندا.

بزووتنه‌وه‌ی ژنان تابعێکه له هه‌لومه‌رجی کۆمه‌لایه‌تی، هه‌لومه‌رجێک که تێیدا ژن وه‌ک مرۆڤێک ده‌گا به ئاستێک له تێگه‌یشتن و فامکردنی مافه سروشتی و مرۆییه‌کانی که لێی زه‌وت کراوه، جا لایه‌نی زه‌وتکه‌ر نیزامێکی کۆمه‌لایه‌تیی پیاوسالار بووبێ، یان نیزامێکی سیاسیی دژه‌ژن. له‌و هه‌لومه‌رجه‌دا ژنان خۆیان ڕێک ده‌خه‌ن، تواناکانیان له کاری گرووپیدا ده‌نێنه سه‌ر یه‌ک و له هه‌ناوی کۆمه‌ڵگه‌دا ده‌ست ده‌که‌ن به خه‌بات، نافه‌رمانی، وشیارکردنه‌وه‌ی گشتی و هه‌وڵدان بۆ گۆڕان.

بزووتنه‌وه‌ی ژنان له ئێران مێژووه‌که‌ی بۆ شۆڕشی مه‌شرووته له ساڵی ١٩٠٦ی زایینی ده‌گه‌ڕێته‌وه و تێیدا ژنان دیارتر ده‌رده‌که‌ون و ڕۆڵی به‌رچاو له کایه سیاسی و کۆمه‌لایه‌تییه‌کانی ئه‌م سه‌رده‌مدا ده‌گێڕن. به‌ڵام زۆر زوو زاڵبوونه‌وه‌ی هه‌م نیزامی سیاسیی سه‌رکوت و هه‌م تۆخکردنه‌وه‌ی به‌ها و بایه‌خه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی نه‌ریتی پاڵی به ژنانه‌وه نا و تووشی وه‌ستانی کرد، به‌ڵام ئه‌م وه‌ستانه کۆڵدان و ده‌سته‌وه‌ستانی نه‌بوو.

مێژووی خه‌باتی ژنانی کوردیش بۆ ئه‌و سه‌رده‌مه ده‌گه‌ڕێته‌وه که تێیدا مه‌ستووره‌ی ئه‌رده‌لان ده‌بێته یه‌که‌م مێژوونووسی ژنی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست، بۆ ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی ژنانێکی وه‌ک ڕه‌وشه‌ن به‌درخان، حه‌فسه‌خانی نه‌قیب و میناخانمه‌کان قوتابخانه‌ی کچان ده‌که‌نه‌وه و کچان بۆ خوێندن و فێربوونی زانست هان ده‌ده‌ن.

له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان و له سه‌رده‌می کۆماری کوردستاندا بزووتنه‌وه‌ی ژنان مۆرکی تایبه‌ت به خۆی وه‌رده‌گرێ و به دامه‌زرانی ڕێکخراوه‌ی ژنان و کاری په‌روه‌رده‌یی و فێرکاری و سیاسی قۆناغێکی دی له خه‌بات و ژیانی سیاسیی ژنان ده‌نووسێته‌وه. له برگه‌یه‌کی دیکه‌ی مێژوویدا و دوای شۆڕشی گه‌لانی ئێران ئیدی خه‌بات و تێکۆشانی سیاسی و مه‌ده‌نی و مافخوازانه‌ی ژنی کورد ئیتیکێتی تایبه‌تیی خۆی ده‌درێتێ و ئیدی ناکرێ و ناتوانرێ ژنان په‌راوێز بخرێن.

له ئاستی ئێراندا به‌شداری له خۆپیشاندانی به‌رینی ١٧ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٥٧، ٢٠ ڕۆژ دوای سه‌رکه‌وتنی شۆڕش دژی ڕێژیمی پاشایه‌تی بۆ "ناگوتن" به حیجابی زۆره‌ملێ و دواتر گوڵکردنی ژنانی کورد له چالاکییه سیاسی و مه‌ده‌نییه‌کانی کوردستانی سه‌رده‌می ڕووداوه‌کانی دوای شۆڕش؛ ئاماژه‌گه‌لێک بوون که ده‌ریان خست بزووتنه‌وه‌ی ژنان له ئێران و کوردستان ڕچه و ڕێگه‌ی خۆیان دیوه‌ته‌وه. سه‌لماندی که ژنان ئیدی په‌راوێز ناخرێن، وه ناکرێ نادیده بگیرێن. خۆپیشاندانه مێژووییه‌که‌ی مه‌ریوان و به‌شداریی ژنان له ڕیزه‌کانی هه‌ره پێشه‌وه‌ی خۆپیشاندان و ناڕه‌زایه‌تییه سیاسییه‌کان، دروستبوونی کارگرووپه



سەرچاوە
Serchawe

جۆراوجۆرەکـان لە بـواری بەشـداری پێکـردن بە ژنـان و پەروەردە و فێرکردنیـان و؛ هەروەهـا بەشـداریی ژنـان لە ڕیـزی پێشمەرگانە و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەییدا کەسایەتیی تایبەتیی بە جووڵانەوەی ژنانی کورد بەخشی. ژنـان لەو قۆنـاغە بەولاوە سەلماندوویانە کە بەهێزن، کە شوێندانەرن، کە بەفیکر و خەللاقن، کە ئـازادخواز و شوناس‌ویستن و ئامادەن بـاج و هەزینە و تێچووی خەباتگێڕیی خۆشیان بدەن.

هەڵبەت لەم بەشە لە خەباتی ژناندا ناکری ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەبەرچاو نەگیرێن و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە بە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی خۆیان ڕۆڵی گرینگیان هەبووە لەو قەڵەمبازەی بـزووتنەوەی ژنانـدا. ئەم پێناسە نوێیەی ژنـان لە خەبـاتی نەتەوایەتـی و خەبـات بـۆ یەکسـانیی ڕەگەزی لە خۆیـان کـرد و حیزبە سیاسییەکانی کوردسـتان لە پشـتیان بـوون، ڕێـی لە زۆر بەرنـامە و ئیـدۆلۆژیی کۆمـاری ئیسـلامی گـرت و لەو پێوەنـدییەدا کوردسـتان ناوچەیەکی جیاواز بوو لە ئێران. بەمەش ڕەوتێک لە بـزووتنەوەی ژنـانی کـورددا دەستی پێکرد کە تـا ئێسـتاش لە گـۆڕەی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە.

ژنـان ئەمڕۆکە لە هەمـوو نافەرمانییەکـان، کـایە سیاسـی و مەدەنییەکـان، چـالاکییە ئەدەبـی و ژینگەپارێزییەکـان، بـۆنە نەیەوەیـی و نیشـتمانییەکان، نافەرمـامی و نـاڕەزایەتییەکـان ئەگەر پێشـەنگیش نەبـووبن، بەڵام شانبەشـانی پیـاوانی نیشتمانەکەیان لە سەنگەردان. جا هەر لێرەدا جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ زارا محەممەدی کە ئێستا زیـاتر لە سێ مـانگە لە زینـدانی ئیتلاعـات دایە و چارەنووسـی نـاڕوونە، بە کـام تـاوان؟ بە تـاوانی خۆشویسـتنی نیشـتمانەکەی، بە تـاوانی فێرکردنـی زمـانی کـوردی بە منـداڵان، بە تـاوانی پاراسـتنی ئەدەب و کولتـووری نەتەوەکەی. وە ئەوانە میـرات و سـامانی مەعنەویی سۆیلا و نەسرینن کە زاراکانی نیشتمان بەبایەخەوە دەیپارێزن و بۆی تێدەکۆشن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەرد و مەینەتییەکانی ژنی کورد لە ئێران، لە هەڵاواردنەکـان و لە توندوتیژی و بێمافییەکـان کەم نین و بەدەر لە هەڵاواردن و تونـدوتیژیی حکـومەت و چەوسـانەوە بەدەسـت قـانوون و دەسـەڵاتەوە، ژنـان سـتەمی میللـی و نەتەوەییشیان لێدەکرێ. لە هەژاریـدا هێشتنەوە و پشتگوێخسـتنی کوردسـتان لە گەشەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێ، بەشی سەرەکیی قوربانییەکـانی ژنـانن. بـا هەر دوو نموونە بێنمەوە: هێچمـان تـا ئێسـتا نەمـانتوانیوە سووتـانی کچانی شیناوێ لەبیر خۆمـان ببەینەوە، کارەسـاتێک کە لە کوردستان چەنـد جـاری دیکەش دووپـات بۆتەوە. یـان ئەگەر کۆڵبەرێک بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین لە بـن پێیدا یـان هەڵدێران دەکوژرێ یـان نقوستان دەبـێ، باری قورسایی ژیانی ئەم خێزانە دەکەوێتە سەر شانی ژنی ماڵ، بە هەموو ئەو مەینەتییانەی لەو سۆنگەیەوە بەسەری دێ. هەژاری و بێکاری، زۆربوونی تەڵاق، توشبوون بە مادە هۆشبەرەکان، پەرەسەندنی خۆکوشتنەکان و دەیان خەساری

کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌موو له سۆنگه‌ی سیاسه‌ته‌کانی کۆماری ئیسلامی به‌سه‌ر ژنانی کورد دێن.

سیاسه‌ته‌کانی کۆماری ئیسلامی به‌تایبه‌ت له کوردستان بۆ ئه‌وه نییه ژنان تواناسازییان تێدا بکرێ و قانوون پشتیان بگرێ و هاوبه‌ش بن له کایه سیاسی و ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان؛ به‌ڵکوو هه‌موو سیاسه‌ت و به‌رنامه‌کانی حکومه‌ت له خزمه‌ت سه‌رکوتی ژنان و مافه‌کانیانه. وه ئه‌وه‌ش بڵێم که تێچووی سه‌ربزێوی و نافه‌رمانی و ده‌نگهه‌ڵبڕین له کوردستان بۆ ژنان زیاتره، به‌ڵام به‌و حاڵه‌ش بزووتنه‌وه‌ی ژنان له کوردستان له پێناو پساندنی ئه‌م کۆت و به‌ندانه و ده‌سته‌به‌ری مافه مرۆییه‌کانیان به‌رده‌وامه.

که ده‌ڵێین بزووتنه‌وه، مه‌به‌ست مانا تایبه‌ته فمینیستییه‌که‌ی نییه، به‌ڵکوو له وڵاتێکدا و له سایه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ڕێژیمێکدا که ژنان تامی تاڵی هه‌موو هه‌ڵاواردن و بێمافییه‌ک به گیان و دڵ ده‌چێژن، هه‌رچه‌شنه ناڕه‌زایه‌تییه‌ک، هه‌ر چه‌شنه جموجۆڵ و ته‌نانه‌ت ده‌مه‌لاسکه‌ی نه‌ریت و بایه‌خه‌کانی ڕێژیم به له‌چکه‌فڕیدان یان دووچه‌رخه‌سواری و شاخه‌وانییه‌کیش له ڕیزی بزووتنه‌وه‌دا جێ ده‌گرن.

لێره‌دا جێی خۆیه‌تی که باس له ناحه‌قییه‌کیش بکه‌ین که له چالاکانی ژنی کورد، له زاراکان و ژنه تێکۆشه‌ره‌کانی دیکه‌ی کورد ده‌کرێ و هه‌موو ئه‌و تاوانه‌ش له سۆنگه‌ی کوردبوونی زاراکانه:

به‌داخه‌وه ئه‌گه‌ر سته‌می ده‌سه‌ڵات و سیستم له ژنان چه‌ندقاته، که‌چی ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌م سه‌رکوت و سڕینه‌وه‌یه‌ی ژنانی کورد له میدیاکانیشدا وه‌ک یه‌ک نییه، مه‌به‌ستم ته‌نانه‌ت میدیاکانی ئۆپۆزیسیونی دژبه‌ری ڕێژیمه. بۆ نموونه "نه‌سرین ستووده" و "ئاتنا داییمی" دوو زیندانیی سیاسیی ژن له ئێرانن که کاره‌کانیان به‌نرخ و بایه‌خه، به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌ی باس ده‌کرێن و له‌لایه‌ن میدیا و کۆڕ و کۆمه‌ڵه‌کانی مافی مرۆڤه‌وه ده‌خوێندرێنه‌وه، نه‌ک نیو ئه‌وه‌نده به‌ڵکوو سه‌تا یه‌کی ئه‌وان باسی زێنه‌ب جه‌لالیان ناکرێ که سزای ئه‌به‌دی دراوه‌تێ، یان باسی زارا محه‌ممه‌دی ناکرێ که به تاوانی وانه‌گوتنه‌وه‌ی به منداڵان بێسه‌روشوێن کراوه. ئه‌وانه هه‌مووی له سۆنگه‌ی کوردبوونی زێنه‌ب و زارایه و هه‌روه‌ها ده‌ربڕی یه‌ک ڕاستیی گرینگیشه: ئه‌ویش ئه‌وه‌ی جووڵانه‌وه‌ی ناوه‌ندته‌وه‌ر قه‌ت ناتوانێ هه‌ڵگری خواست و گوتاری ژنانی نه‌ته‌وه نافارسه‌کان و یه‌ک له‌وان ژنانی کورد بێ.

ئه‌وه پێمان ده‌ڵێ ده‌ردی ژنی کورد و داڵغه‌ی ژنی کورد و مافی ژنی کورد و گوتاری ژنی کورد جیاوازه له ئه‌ی ژن له ناوه‌ند، له تاران، له ئیسفه‌هان و مه‌شهه‌د. پێمان ده‌ڵێ ڕوانگه‌ی ئه‌منیه‌تیی زاڵ به‌سه‌ر کوردستان له سه‌ر چه‌ندی و چۆنیی

زەوتکردنی مافی ژنان، لەسەر سەرکوتی ژنان و نەدیتنی ژنانی کورد چەندەی کاریگەریی نەرێنی داناوە. وە شتێکی دیکەشمان پێدەڵێن. ئەویش ئەوەی خەباتی ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیدا و لە نێو ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتدا و، کۆبوونەوەیان لەبن چەتری گوفتومانی حیزب و یەکیەتیی ژناندا چەندە بەجێ و ڕەوا و لە هەمانکاتدا دەقیقە. چونکی بەشداریی ژنانی کورد لە ڕیزی جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و لە ڕیزی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژناندا نەک هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ خەباتی ئەوان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی نییە، بەڵکوو باشترین سەنگەر و مەتەرێزیشە. سەنگەر و مەتەرێزێک کە سۆیلا قادری و نەسرین حەدادی پێشەنگ هەڵیان بژارد و لەو سەنگەرەشدا گیانیان دانا.

## دوا قسە:

ژنان لە ئێران و ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافەکانیان دەستەبەر نابن، هەتا وەک نیوەی کۆمەڵ نەیەنە نێو مەیدانی بەکردەوە و بەشدارییان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان. هەڵبەت ڕوونە بەشداری و هاوبەشیی ژنان لە هەموو جومگە سیاسی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگە کاتێک وەدی دێ کە ژنان و پیاوان مافی وەک یەکیان هەبن لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا، دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەبێ بۆ بەدواداچوونی ئامانج و مەبەستەکانیان، ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەش ئازادیی بەکردەوە و تێکۆشانی مەیدانییان هەبێ، ئەمنییەت هەبێ، ئازادی هەبێ، وە ئەوانەش کۆمەڵێک شتی بنەڕەتی و ساختارین کە لە بوونی کۆماری ئیسلامیدا وەدی نایەن... نە بۆ کۆمەڵگە و نە بۆ ژنان...

بۆیە لەو قۆناغەدا هەمووماں دەبێ دەست لەنێو دەستی یەکتر و یەکڕیز و یەک مەبەست و یەک ئامانج، لەپێناو ڕووخان و نەمانی ئەم ڕێژیمەدا تێ بکۆشین و خەونی گەورەی شەهید سۆیلا و سۆیلاکان، شەهید نەسرین و نەسرینەکان وەدی بێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

# "شەقام" لە پشت "قەڵا"



**ناسر باباخانی**

ساڵێک تێپەڕی بەسەر مووشەکبارانەکەی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاتی ئەوە هاتوە لێکدانەوەیەکی وردتر و لەهەمان کاتدا خەسارناسانەترمان هەبێ بۆ دۆخی پاش ئەم ڕووداوە تیرۆریستییە.

ڕەنگە سووکەئاوڕێک بۆ مانگرتنەکان و جووڵە مەدەنییەکانی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و بەتایبەتی ئەو بەستێن و بوارەی مانگرتنەکان تێیدا شکڵ دەگرن بتوانێ بۆ شرۆڤەی مانگرتنە حیماسییەکەی 21ی خەرمانانی پارەکە یارمەتیدەر بێ.

ئەم بەستێنە، ئەم بوارەی کە دەرەتانی ڕەخسانی وەها جووڵە و بزاڤێک دەدا بە خەڵک بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان هەڵبڕن، من وەک "شەقام" پێناسەم کردوە!

شەقام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر جاران هەڵکشان و داکشانی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایمە لەسەر خەت بووە، تەنانەت بەنیسبەت پارچەکانی تریشەوە... شەقامەکانی ڕۆژهەڵات لە قاڵبی خەباتی مەدەنیدا بەردەوام داکۆکییان لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا کردوە لە بۆنە جۆربەجۆرەکانی ئەم پارچانەدا.

لە لایەکی تریشەوە لە قاڵبی خۆڕاگری و نافەرمانی مەدەنیدا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، بە بۆنەی تایبەتی، دووکان و بازاڕ

دادەخا و مانگرتنی سەراسەری سازدەکا. لە ژێر زەخت و زەبروزەنگی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، لە سێدارەدانی شەهید فەرزاد کەمانگەر، شەهیدکردنی شوانەی سەید قادر، ئیعدامی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد و... بوێرانە دەنگ هەڵدەبڕێ و مان دەگرێ و تێچووی قورسیشی بۆ دەدا.

کۆی ئەم نموونانە گوزارە لەوە دەکەن، شەقام لە ڕۆژهەڵات چەمکێکی جیاوازە. بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە قەرەباڵغی و هەندێ جار بە بێدەنگی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی پووچەڵ دەکاتەوە. شەقام تەنیا شوێنێکە کە کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە!

لەڕاستیشدا ئەوە لەسەر شەقامە کە ناسیۆنالیزمی کوردی، خەریکی تەقەڵ و دروومانی خۆیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێ "پێکەوەلکاوی ناسیۆنالیزمی" وەک دوامەبەست، بە ئاکام بگەیەنێ. مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، دەبینین بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بەناوی "کەلێن" بەرەوڕوو بووە کە دایمە لەمپەر بووە لەسەر ڕێی پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی.

ئەم کەلێنانە بریتین لە: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسی کۆمەڵگە شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن. بەڵام وێدەچێ هەم حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان و هەم چۆڵکردنی شەقامەکان، خەریکە کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات داپۆشێ و - هەرچەند تا گەیشتن بۆ ئەم مەبەستە گەلێ کۆسپی تریش لەئارادان - لەڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد، زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ، هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

**سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس کردن لە یەک دوو نموونە بتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ:**

**یەکەم**، هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی، ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان

شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا تەقەڵ و دروومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.

**دووەم**. نەهاتنەدەرێی خەڵک لە ماڵەکانیان لە ڕۆژی 21ی خەرمانان جۆرێ لە هاوپەیوەندیی نێوان سێکوچکەکەی خەباتی سازکرد، هاشتاگی # من - لەماڵ - نایەمەدەر لە سۆشیال میدیا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی تەنی و لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا زەینی نێوخۆی بەتەواوی ئامادە کرد بۆ دژکردەوەیەکی بەربڵاو! چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆ، بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر چەتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرئەنجام خواستی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەک گوتار بەرەنگاری مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ئەوان بە هاشتاگ چوونە شەڕی مووشەک! لێرەشدا واتە لە دنیای مەجازیدا سەرەڕای هەموو خاڵە لاوازەکانی، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی بەڕوونی خۆی دەردەخا.

دژکردەوەکە ئەوەندە خێرا و بەربڵاو بوو کە کۆماری ئیسلامیی تووشی شۆک کرد. ئەگینا بەپێی ئەو ناسیاوییەی لە کۆماری ئیسلامی هەیە، ئەم هێرشە تیرۆریستییە درێژەی دەبوو بە ئاقاری مەترسیدارتردا. هەرچەند حاشا لەوە ناکرێ هێرشەکەی سەر قەڵای دێموکرات، کارەساتێکی زیانبار بوو بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و کۆستێکی گەورە بوو، بەڵام بێ هیچ شک و گومانێک مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەهاتنەدەرێی خەڵک لە ماڵەکانیان، سارێژی برینی شەهیدبوونی پۆلێک کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و ئێعدامی سێ گەنجی جیابیری سەر جەستەی نیشتمانی کردەوە. بۆیە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دەبێ بکرێ بە ڕۆژی خۆڕاگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی!

لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەشدا، لاموایە زۆر لەوە ئاشکراترە کە بمانەوێ باسی هەست و دژکردەوەی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هاتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر شەقامەکان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەتەواوی پەلوپۆی هاویشتۆتە پارچەکانی دی و ڕەگئاژۆی کردوە و خەریکی تەقەڵ و دروومانی سنوورەکانە لەباری زەینی و سۆزدارییەوە. ڕۆژێک بۆ پەسندی فیدرالیزم لە عێراق یان پشتگیری لە شنگال یان بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشوور دێتە سەر شەقام، ڕۆژێک بە بیانووی کۆبانی بۆ ڕۆژاوا، ڕۆژێک بە بیانووی دەسبەسەرکردنی سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە باکوور و... بۆ هەموو ئەمانەش تێچووی بۆ داوە بە گیان و ماڵ و ژیان.

پرسیارێکی گرینگ کە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە کە بۆچی هێرش کرایە سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم

ساتەوەختەدا؟

**دیارە زۆر هۆکار دەسنیشان کراوە بۆ هێرشی کۆماری ئیسلامی وەک:**

- کۆماری ئیسلامی ئێران لەم کاتەدا وەک ستراتیژیی شاراوە و ئاشکرای خۆی، دەیەوێ بە خوڵقاندنی قەیران، خۆی لە قەیران ڕزگار بکا.

- پەیامێک بۆ ئەمریکا، پەیامێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و پەیامێک بۆ هاوپەیمانان کە دەکرێ وەک هەڕەشە دێکۆدەی کەین!

- لە دوای شکانی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سووتاندنی کۆنسوڵخانەکەی لە بەسرە، لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ قەرەبووی سومعەی تێکشکاوی.

- دارمانی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوخۆی ئێران.

- گوشارە دەرەکییەکان، بەتایبەتی گەمارۆکانی ئەمریکا

- بەئامانجکردنی لایەنێکی تایبەت بۆ مەبەستێکی تایبەت.
و... زۆر هۆکاری تر.

**بەڵام هۆکارەکان هەرچییەک بن، بێ چەند ئاکامێکی گرینگی لێکەوەتەوە:**

- هەرچەند باس کردن لە چەمکی شەرعییەت لە مابەینی حیزبێکی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە زۆرتر لە پارادۆکس دەچێ بەڵام هێرشی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵا، بەتەواوی شەرعییەتێکی شۆڕشگێڕی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستەبەر و مسۆگەر کرد.

- دووپاتبوونەوە و جەخت لەسەر نەبوونی شەرعییەتی سیاسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (دەتوانین زیاتر وەک جۆری پەیوەندیی وڵاتێکی داگیرکراو و وڵاتێکی داگیرکەر لێی بڕوانین!)

- یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵکی نێوخۆ.

- به تەعبیری هەندێ کەس ئەمە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی "نا" بوو بە کۆماری ئیسلامی کە چل ساڵ لەوەپێشیش خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەپێچەوانەی تەواوی خەڵکی ئێران بە کۆماری ئیسلامییان گوت: نا!

- ڕەواییدان بە خەباتی چەکداری (دەسەلاتێک کە شەڕت پێدەفرۆشێ، دەسەلاتێک کە قەلاچۆت دەکا... دەبێ و دەکرێ بە چەک بەرەنگاری ببییەوە.)

- وەک چۆن ئەم مانگرتنە لە سالانی ڕابردوودا و بەتایبەتی پارەکە وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕی لێ هات، دەبێ چەکی "من لەماڵ نایەمەدەر" بەدەستی خەڵکەوە بێ و بەردەوام لەسەرپێ بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتی سەرکوتکەر و ئازادیکوژ!

- سۆشیال میدیا بەستێن و بواری دەنگهەڵبڕینی ئۆنلاینی بۆ خەڵک ڕەخساند تا بە هاشتاگێک ڕووبەڕووی مووشەکە ڕووسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

لە کۆتاییدا ڕەنگە جێی خۆی بێ ئەم پرسیارە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین کە دۆسییەی شەهیدانی قەلا بە کوێ گەیوە و لەم پەیوەندییە چ کراوە؟

هەموو لایەک لەبیرمانە، نیکی هێیلی بالوێزی ئەو کاتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا باسی هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەلای حیزبی دێموکرات کرد، واتە ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا - ئەوەندەی من ئاگادارم - ناوی حیزبی دێموکرات لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە گۆڕێ کە بووەتە قوربانی تیرۆریزمی دەوڵەتی، کەوابوو ئەو پتانسییەلە بەهێزە هەبووە کە ئەم پرسە کە لەم ئاستەدا بۆ تەواوی دنیا خراوەتە ڕوو، بکرێتە کەیسێکی زۆر جیددی بە دژی کۆماری ئیسلامی و تیرۆریزمی دەوڵەتی. لە هەمان کاتیشدا میدیاکانی جیهان بە نیسبەت هێرشەکە ڕووماڵێکی باشیان کرد و ئەمەشیان هەر بە شێوەیەکی لەناخداهەڵگر دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی زیاتر دەمامک لە سەر ڕوخساری دەوڵەتێکی تیرۆریست لادرێ، بە تایبەتی کە ئێستا لە سپای پاسداران و ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بگرە تا پلەکانی خوارێ لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان!

بەهەرحاڵ وەک دواوتە ئەگەرچی جەستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد جارێکی تر بریندار بوو، بەڵام بێگومان ئەوە خەڵکی کوردستان بوون کە زامەکانیان ساڕێژ کردەوە و نیشانیان دا کە وەک هەمیشە شەقام پشت و پەنای قەلایە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

# پەیامێک پڕ بە قوڕگی مانگرتن



ڕزگار ئەمین‌نیژاد

لەسەر دیاردەی شۆرش و دەرکەوتەکانی شۆرش زۆر گوتراوە و تەنانەت کاری مەیدانیی زۆریشی بۆ کراوە. لەگشت توێژینەوەکاندا پێوەندییەکی ماندار لە نێوان دیاردەی شۆرش و دیاردەی گرژیدا دەبیندرێ و لە ئاکامدا خوێندنەوەی تایبەتی بۆ کراوە. ئەگەر دیاردەی گرژی لە بەستێنی عەینی و واقعی خۆیدا تاوتوێ نەکرێ، بێگومان غەدرێکی گەورە لە ماهییەتی شۆڕش دەکرێ. کەوایە کاتێ دەڵێین پێوەندییەکی ماندار لە نێوان شۆڕش و گرژیدا هەیە، پێویست دەکا لەدوای تێگەیشتن لەو فاکتۆرانە بگەڕێین کە ئەم پێوەندییە ساز دەکەن. لە زۆر یەک لە توێژینەوەکاندا فاکتۆری «ناکامی» وەک هۆکاری جۆشدانی دیاردەی «شۆرش» و «گرژی» پێناسە کراوە کە دەتوانێ وڵام یاخۆ پاساوێکی مەنتیقی بدا بە دەستەوە بۆ هۆکاری گرژینواندن لە کۆمەڵگەدا. بەپێی ئەم بۆچوونە ڕادەی ناکامی داواکانی شۆرش، چەندایەتی و چۆنیەتیی گرژی سیاسیش دیاری دەکا. لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا خەڵک ڕەفتاری نامەدەنیانە ناکەن و تەنیا لەو وڵاتانەدا خەڵک نامەدەنیانە هەڵسوکەوت دەکەن کە دەسەڵات وڵامدەر نابێ. جیاکردنەوەی گرژی لە شۆڕش یا خۆجیاکردنەوەی شۆڕش لە گرژی نە موومکینە و نە ڕەوایە، چوونکە شۆرش لەڕاستیدا بریتییە لە گرژیی سیاسی. بۆ نموونە ڕاپەرین، مانگرتن، ڕێپێوانی هێمنانە و هتد، مەدلوولی شۆڕشن و گرژی لێرەدا دالی شۆرشە، هەڵبەت خەباتی چەکداریش دیاردەیەکی دیکەیە کە دواتر لەم وتارەدا تیشکی دەخرێتە سەر. بەگشتی ئەو نموونانەی کە ئاماژەیان پێدرا، هەرکامەیان ئیمکانێکی شۆرشن کە لە شەقامی گشتیدا کۆنتراستی حەقیقەتی سیاسی پڕڕەنگتر دەکەن. بەڵام ئەم ئاکسیۆنانە کاتێ دەچنە فازی پێکدادان



سەرچاوە
Serchawe

کە حکوومەت زەرفییەتی ئەوەی نەبێ گرژییەکان بەرەو ئاقارێکی مەدەنی ببا و ڕێ لە هەرچەشنە تەعامولێکی دێمۆکراتیک دەگرێ بۆ چارەسەرکردنی پرسە ئاڵۆزاو و تێک چڕژاوەکان.

کاتێ باس لە گرژیی سیاسی دەکرێ، بێگومان سەرنجێکی زیاتر بە بەستێن و دەرفەتەکانی گرژی دەدرێ. واتە چ هۆکارێک زەمینە بۆ گرژی خۆش دەکا و ئەو دەرفەتانە چین کە ڕەچاو نەکراون بۆ ئەوەی دەنگی شەقام بەرەو پێکدادان نەچێ. لە وەها دۆخێکدا زۆرترین بەرپرسایەتی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی. هەڵبەت بۆ تێگەیشتن لەم بۆچوونە پێویست دەکا سەرنج بە ماهییەتی تیۆریکی «دەوڵەت - نەتەوە» بدەین. ماکس وێبەر گرژی وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت - نەتەوە پێناسە دەکا. واتە کارکردی دەوڵەت - نەتەوە وەهایە کە گشت ئامێرەکانی گرژی نواندن بکەوێتە پاوانییەوە بۆ ئەوەی ئاشتی و تەناهی لە کۆمەڵگەدا مسۆگەر بکا. لە فازی یەکەمدا دەوڵەت گشت ئامێرەکانی گرژی دەخاتە پاوانی خۆی و بۆ ئەوەی ئامێرەکانی گرژی لە خزمەتی پاراستنی بەرژەوەندیی چینی باڵادەست یاخۆ هەڵاواردنی نەتەوەیی نەبێ، پێویستە بەرەو فازی دووهەمی دەوڵەت - نەتەوە بچێ، واتە؛ نەهێشتنی زەمینەکانی گرژی. بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەت دەبێ سەرەتا لە خۆیەوە دەست پێبکا، یاسامەند بێ، وەڵامدەر بێ، ڕەوایی دێمۆکراتیکی خۆی بسەلمێنێ و ڕەفتارێکی مەدەنیانە لەگەڵ هاوڵاتیان بکا. بنیاتنانی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران ئیستعدادی ئەوەی نەبووە کە بەرەو فازی دووهەم واتە دامەزراندنی دەوڵەتی دێمۆکراتیک بچێ و هەر لە فازی یەکەمی دەوڵەت - نەتەوە، واتە پاوان کردنی ئامێری گرژیدا چەقیوە و لە ڕاستیدا بۆخۆی بوو بە «عیللەتی» گرژی نواندن لە ئێراندا. ڕێژیمی دوای ئینقلابیش، هەنگاوێک زیاتر لە فازی یەکەمی دەوڵەت - نەتەوە کشایەوە ق، ئامێرەکانی گرژیی لە پاوانی دەوڵەت دەرهێنا ق،کردی بە فەزیلەتێکی شەرعی و خستیە پاوانی ئومەتی ئیسلامی بۆ ئەوەی پلۆرالیزمی سیاسی و کولتووریی ئێران لەبار ببا و بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتیکی کوردستان سەرکوت بکا. فتوای جیهادی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بۆ سەر کوردستان، یەکێکە لە نموونەکانی گرژی نواندنی شەرعی.

هەموومان لەگەڵ ئەم تیۆرییەدا ئاشناین کە؛ دەوڵەت ڕێسای گەمەی سیاسی دیاری دەکا، چوونکە دەوڵەت هەم دەسەڵاتی هەیە و هەم کۆنترۆڵی دەرفەتەکانی لەدەست دایە. بەپێی ئەم تیۆرییە دەوڵەتەکان مەیدان و مێتۆدی خەبات بۆ ئۆپۆزیسیۆن دیاری دەکەن. لە وڵاتە دێمۆکراتیکەکان،کۆمەڵگەی مەدەنی وەک مۆدێمێکی نێوانگر هەوڵ دەدا کێشەی دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆن بخاتە فازی ڕەفتاری کۆمۆنیکاتیڤەوە(١)و «حەوزەی عوومی(٢)»ش دەکا بە بەستێنی داوەری کردن. بەڵام ئەو ڕێژیمانەی کە ڕەچاوی ستانداردەکانی دێمۆکراسی ناکەن، نە مەجال بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەدەن و نە تەمای ڕەفتاری کۆمۆنیکاتیڤیشیان هەیە، کەوایە هەوڵ دەدەدەن ئۆپۆزیسۆن بەرەو کردەوەی گرژین واندن پاڵ پێوەنێن، چوونکە لە وەها دۆخێکدا زۆر بە ئاسانی دەست بۆ ئامێری گرژی (کە لە پاوانیدایە)دەبا بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن.



سەرچاوە
Serchawe

پرسی کورد له ئێران یەکێکه لەو نموونانه که کۆماری ئیسلامی له سەرەتاوه هەوڵی دا مێتۆدی خەباتی چەکداریی بەسەردا بسەپێنێ و له ڕێگای سیناریۆسازییەوه پلانه شوومەکانی خۆی یەک بە یەک بباتە پێش. سەرەتا فتوای جیهادی دەرکرد، دواتر هێرشی کرده سەر کوردستان و دواجار هەوڵی بەردەوامی داوه بۆوەی مەرجەعه سیاسییەکان لە کۆمەڵگه جیا بکاتەوه بۆ ئەوەی مەجالێکی باشتری هەبێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی کوردستان. یەکێک له خەسارناسییەکانی شۆڕشی کورد بەداخەوه، لەم حەقیقەتە تاڵەدا دەرکەوتووه کە ڕێژیمەکان مێتۆد و ڕێسای گەمەی خەباتیان بەسەردا دەسەپێنن. ئێمە ناچارین ئەم ڕەخنەیه قبووڵ بکەین بۆ ئەوەی ڕێگایەک بدۆزرێتەوه بۆ دەربازبوون لەم گرفته ڕووکردییه.

حیزبەکانی کوردستان لەسەر ئەو بۆچوونه کۆکن کە خەباتی چەکداری ئامانجی حیزبەکان نەبووه و ڕێژیم ئەم مێتۆدەی بەسەردا سەپاندوون (ڕێسای گەمەی دوژمن). ئەم بۆچوونه هەم لەباری تیۆریکەوه ڕاسته و هەم لەباری مێتۆدیکەوه سەلمێنراوه. لەباری تیۆریکەوه هیچ کام له حیزبەکانی کوردستان خەباتی چەکدارییان وەک زەروورەتێکی دیالیکتیک بۆ دەسپێکی خەبات لەبەرچاو نەگرتبوو چوونکە ئەم حیزبانە بەرهەمی داوایەکی ڕەوا و جەماوەریی بوون، لە کەشێکی مەدەنیانەدا دامەزراون و دواتر بۆ بەرگریکردن دەستیان بۆ چەک بردوه. ئەم ڕەوەندە لەگەڵ تیۆرییە مائۆئیستییەکان ناتەبایه که خەباتی چەکداری وەک دیالیکتیکی ئینقلابی پناسە دەکا. لەم تیۆرییەدا شاخ یاخۆ گوندەکان وەک چەخماخەی خەبات دیاری کراون که ئاراستەکەی شاره و بە هیوان بزووتنەوەکه لەوێ پەره بستێنێ. بۆ نموونه شەری سیاهکەل لە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٤٩ وەک دەسپێکی خەباتی چریکە فیداییەکان، بەپێی ئەم ڕوانگه ڕۆمانتیکه دەستی پێکرد و ئامانجەکەیان ڕاپەڕینی شار بوو، بەڵام قەت ئەم ئامانجە نەهاتەدی؛ چوونکە دۆخی ئێران جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چین و کوبا و وڵاتانی دیکه هەبوو.

حیزبە کوردستانییەکان لەباری مێتۆدیکیشەوه بە دوو هۆکار جیاوازییەکی بنەڕەتیان هەبوو: یەکەم ئاقاری خەبات بوو؛ ئەوان لە شاردا پەرەیان سەند و لە شاخدا بەرگرییان کرد. دووهەم ماهییەتی خەبات بوو؛ خسڵەتی خەباتی چەکداریی حیزبە کوردستانییەکان بەرگریکردن و پاراستنی ئازادی و دەسکەوتە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد بوو. لێرەدا پرسیارێکی مەنتقی دێتە ئاراوە کە ئەگەر دوژمن لە دیاریکردنی مێتۆدی خەباتدا ڕۆڵی هەبووە، چۆنە حیزبە کوردستانییەکان وەها مکووڕن لەسەر بەردەوام بوون له گەمەیەکدا که دوژمن ڕێساکەی بۆ داناوه؟

له کەس شاراوه نییه که حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لانیکەم بەدوای کۆنگرەی ١٤ی ئەو حیزبەدا، گۆڕانێکی بنچینەیی لە تەعامولی سیاسی خۆی لەگەڵ واقعەکانی ئەمڕۆی ئێران و کوردستاندا کرد و هەروەها بە شێوەیەکی ڕێژەیی ڕەچاوی کۆمەڵێ پرەنسیبی بنەمایی دەکردکه ئەو حیزبەی زیاتر له دۆخی ڕۆمانتیکی خەبات دوور دەخستەوه و بەهەمان ڕادەش له

دۆخی ڕیئالیستیانه‌ی سیاسه‌ت نزیکتر ده‌بۆوه‌. ده‌ره‌نجامی ئه‌م وه‌رچه‌رخانه‌ ته‌عامولییه‌ لانیکه‌م خۆی له‌ سێ ڕووکردی کرده‌وه‌ییدا ده‌بینێته‌وه‌:

ڕه‌ووکردی یه‌که‌م؛ تۆختر کردنی کۆنتراستی حه‌قیقه‌تی سیاسی له‌ شه‌قامی گشتیی کوردستانی ئێران بوو. ئاوڕدانه‌وه‌ و به‌ هه‌ندگرتنی چالاکییه‌ سیاسی و مه‌ده‌نییه‌کانی نێوخۆی کوردستان و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌م ئێکۆسیسته‌مه‌ نیشتمانییه‌ له‌ ڕاگه‌یاندنه‌کانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا هۆکارێکی جیددی بوو بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م کۆنتراسته‌ حه‌قیقیه‌ له‌ کوردستانی ئێراندا پڕڕه‌نگتر و زیندووتر له‌ جاران ده‌رکه‌وێ.

ڕووکردی دووهه‌م؛ کولتوورێکی سیاسی بوو که‌ ئه‌م حیزبه‌ی له‌ پێهاته‌یه‌کی دسیپلینییه‌وه‌ بۆ حیزبێکی پراگماتیک گۆڕی. له‌ ڕاگه‌یاندنه‌کانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕه‌خنه‌ی ده‌روون پارادایمی ئاساییه‌ و دیسیپلینی حیزبی ڕێگری له‌ ئازادیی به‌یان ناکا. هه‌ر وه‌ها ئه‌م حیزبه‌ پیشانی داوه‌ که‌ تا چه‌ند ئیستعدادی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ڕه‌قیبه‌ سیاسییه‌کانی خۆی له‌ ته‌عامولدا بێ و له‌ ئه‌نجامدا زه‌مینه‌ی کۆده‌نگی و پێکه‌وه‌کارکردن خۆش بکا. ڕه‌نگه‌ به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ بنه‌ماکانی دێمۆکراسیی ده‌روون حیزبی هه‌ست به‌ که‌موکوڕی بکرێ، به‌ڵام ئه‌م کرانه‌وه‌ سیاسییه‌ له‌ خۆیدا به‌رچاوگه‌ی کولتووری سیاسی "حدک"ی گه‌شتر کرد و له‌ کۆمه‌ڵگه‌شدا به‌ چاوی هومێده‌وه‌ سه‌یری ده‌کرێ.

ڕووکردی سێهه‌م، گۆڕانێکی ڕێتۆریکه‌ له‌و حیزبه‌دا که‌ ڕه‌هه‌ندی ئیستدلالی و مه‌نتقی ڕێتۆریکی حیزبی به‌هێز کردوه‌. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان تا دێ له‌ زمانی پرۆپاگاندایی و ڕۆمانتیک، له‌ زمانی ئه‌وتۆریتاری و ئینته‌زاعی دوورتر ده‌که‌وێته‌وه‌ و به‌و ڕاده‌یه‌ش له‌ نسبیه‌تی زمانی نزیکتر ده‌بێته‌وه‌. ئه‌م ڕه‌وه‌نده‌ ڕێتۆریکه‌ به‌پێی بۆچوونی توێژه‌رانی کۆمه‌ڵایه‌تی، کارتێکه‌ریی حیزب له‌سه‌ر کۆمه‌ڵگه‌ زۆرتر ده‌کا و مه‌یدانێکی زیاتر به‌ مانۆری سیاسیی حیزبه‌کان ده‌دا.

ئه‌گه‌رچی ئه‌م گۆڕانکاریانه‌ زۆر گران له‌سه‌ر حیزبی دێمۆکراتی کوردستان که‌وتوون و به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ک که‌وتۆته‌ به‌ر هه‌جمه‌ی هه‌یاران و نه‌یارانی، به‌ڵام له‌ ڕاستیدا به‌م هه‌ڵوێستانه‌وه‌ خۆی له‌ چاره‌نووسێکی شووم ڕزگار ده‌کرد که‌ چیدی مه‌جال به‌ ڕێژیم نه‌دا مێتۆدی خه‌باتی بۆ دیاری بکا و نه‌یویست به‌پێی ڕێساکانی گه‌مه‌ی دوژمن کایه‌ بکا. هه‌ڵبه‌ت حه‌ساسییه‌ته‌کانی ڕێژیم له‌مه‌ڕ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان له‌ که‌س شاراوه‌ نییه‌ و کۆمه‌ڵگه‌ی کوردستان ئاگادارن که‌ چۆن ڕێژیم په‌نا بۆ هه‌ر چه‌شنه‌ کرده‌وه‌یه‌کی شووم ده‌با بۆ ئه‌وه‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستان به‌ره‌و ئه‌و مه‌یدانه‌ په‌ڵکێش بکاته‌وه‌ که‌ به‌ پشتبه‌ستن به‌ ته‌کنۆلۆژیای شه‌ر پێی ده‌وێرێ. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ بۆمب ده‌با بۆ به‌رده‌م ده‌فته‌ری سیاسیی ئه‌و حیزبه‌، کادره‌کانی تیرۆر ده‌کا و دواجار ئه‌و مووشه‌کانه‌ی تێده‌گرێ که‌ قه‌راربوو ئیسرائیلی پێ له‌سه‌ر نه‌خشه‌ی جیهان

بسرێتەوە.

حەساسیەتی هەیاران لەمەڕ گۆڕانکارییە ڕووکردییەکانی حدک دیاردەیەکی ئاساییە چوونکە هەر پێکهاتەیەکی سیاسی کاتێ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دیاردەکان دەکا و هەڵوێستەکانی جیاواز دەبن تووشی وەها هەجمەیەک دەبێتەوە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە هەجمەکارانی ئەو پێکهاتەیە نایانهەوێ لە مەلۆتکەی عادەت بێنە دەر و دارەداری داهێنان تاقی بکەنەوە.

مانگرتنی گشتی لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کورد، ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی کۆمەڵناسیانەوە سەیری بکەن. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئێمە ئیرادەیەکی ڕژد دەبینین کە پرسی کورد بەرەو «حەوزەی عمومی» بانگێشت دەکا و ڕێسای گەمەی دوژمن دەشێوێنێ. داخستنی دوکان و بازار لە شارەکان ڕەنگی کۆنتراستی حەقیقەتی سیاسیی تۆختر کرد و ڕێژیمیان ئاگادار کردەوە کە گشت پێکهاتە سیاسی، مەدەنی، سینفی، بازاری، کرێکاری، هونەری، ئەدەبی و ئایینییەکانی کوردستان، چ لە دەرەوەی سنوورەکان و چ لە ژوورەوەی سنوورەکان بن، بەشێکی گرنگن لە ئێکۆسیستەمی نیشتمانی و خەڵکی کوردستان لە حاندیاندا خەمسارد نین، بە هی خۆیانی دەزانن و بەرگرییان لێدەکەن. ئەگەر گرنگترین پەیامی مانگرتن، بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسی، پرسی یەکگرتن بوو، لە ڕاستیدا ئەم یەکگرتنە دەبێ لەگەڵ پێکهاتەکانی نێوخۆی نیشتمانیش بێ. ڕوانگەی سەلیقەیی سیاسەت لە حەوزەی عمومی کوردستاندا جێی نییە و هیچ هێزێکی سیاسی بۆی نییە نیشتمان بەسەر چاک و نەچاکدا دابەش بکا بەڵکە پرسی کورد هەردەبێ بگەڕێتەوە بۆ شەقامی گشتی و لەوێدا ئامانج و ئەجندای لایەنە سیاسییەکان لە مەحەک دەدرێن.


هێرشەکانی ڕێژیم و مانگرتنی خەڵکی کوردستان هەڵگری ئەم پەیامەش بوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ستراتیژیی حیزبەکەتان کار دەکا و زۆریش جیددییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرێتە ئامانج؟



**سمایل شەرەفی**

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە "قەڵای دێموکرات"، هەڵکەوتوو لە باشووری کوردستان کرایە ئامانجی هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە ئاکامدا ١٦ کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە شەش کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون شەهید کران و بە دەیان کەسی دیکە لە کادر و پێشمەرگە و، ئەندامانی سەربە بنەماڵەکانی حیزب بریندار بوون. هەر دوو ساڵ پێش لەم هێرشە تێرۆریستییە، ئێوارەی ڕۆژی 30ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، پەلامارێکی دیکەی تێرۆریستی کرایە سەر ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا کە بەبۆنەی ساڵرۆژی لەدایکبوونی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە لایەن تێکۆشەرانی دێموکراتەوە ڕێک خرابوو و، لە ئاکامی دوو تەقینەوەدا کە هەر زوو سەلمێندرا دەستی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە پشتە، ٥ کادر و پێشمەرگەی حیزب و ٢ پێشمەرگەی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی باشووری کوردستان شەهید کران. هەر لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا بە دەیان پەلاماری تێرۆریستی کراونەتە سەر حیزبی دێموکرات کە بەداخەوە لە ئاکامی هێندێک لەم پیلانانەدا ڕێژیم توانیویەتی بەشێک لە ئامانجەکانی خۆی هاوچەشنی تێرۆری فەرماندەی بەووەجی هێزی پێشمەرگە، شەهید قادرقادری، بپێکێ.

بە ئامانجگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سێرە لێگرتنی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ماوەی ئەم چواردەیەی ڕابردوودا، دۆسیەیەکی ئەستوور و پڕ بە باڵای ئەم ڕێژیمەیە؛ تێرۆری دوو ڕێبەری هەڵکەوتووی ئەم حیزبە، شەهیدان؛ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە لایەن تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، تۆپبارانی بنکە و

بارەگانی حیزب لە سنوورەکانی لە ماوەی ئەم ٤٠ ساڵەدا و پیلانی تیرۆر و دەرمانداوکردنی بە دەیان و سەدان کادر و پێشمەرگەی ئەم حیزبە لە باشووری کوردستان و، بە دەیان پیلان و کردەوەی دیکەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات سەلمێندرا و تۆمار کراون.

***

کۆماری ئیسلامی ئێران کە تا ئێستایشی لە گەڵدا بێت بەرانبەر بە پرسی ڕەوای نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان سیاسەتی ئینکار و دژگەلیانەی گرتۆتە بەر و هەوڵی داوە لە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە سەیری کوردستان و بزووتنەوەی کورد بکا، هەمیشە وای نیشانداوە کە حیزبە کوردییەکان هیچ پێگەیەکیان لە نێو خەڵکی کوردستاندا نییە و بە هەڵوەشاوە و نەماو، ناوی بردوون. بەتایبەت لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا کە بەهۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی تایبەت و فاکتەری هەرێمی، حیزبەکان لە ڕووی حزووری پێشمەرگانەوە، جموجۆڵیان لە نێوخۆی وڵاتدا کەمڕەنگ بۆتەوە، ڕێژیم هەموو هەوڵێکی تەبلیغاتیی خۆی خستبووە گەڕ کە بزووتنەوەی کورد و حیزبەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نەبوو و نەماو وێنا بکا. بۆیە لە ئاستێکی بەرینی تەبلیغاتیدا و بە تەرخانکردنی هەزینەیەکی زۆری ماڵی، ئینسانی و تەنانەت بە پاڵپشتیکردنی کۆمەڵێک لایەنی نەیاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵی لەپەراوێزخستنی پرسی کورد لەم بەشە لە کوردستان دەدرا. هاوکات لە گەڵ هەموو ئەم پیلان و دوژمنکارییانەی ڕێژیم بەرانبەر بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەداخەوە حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات بە هۆی کێشەی نێوخۆیی و دواتر لێکترازانەوە تا ڕادەیەک لە قورسایی و کاریگەرییان لە سەر ڕەفتاری خەڵکی کوردستان کەم دەبوویەوە. لەم پێوەندییەدا ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات لە گەڵ هەستکردن بە هەموو ئەم پیلانگێڕی و کەمایەسیانە، بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و پێداچوونەوە بەسەر هەڵوێست و سیاسەتەکانی خۆی، هەوڵی دا بە تێگەیشتن لە کەمایەسییەکان، پتانسێلی کۆمەڵی کوردەواری و خوێندنەوە بۆ دەرفەت و مومکینەکان، بە ڕوانین و رویکەردێکی تازەوە درێژە بە خەبات بدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات لەگەڵ پێداگری لە سەر حزووری پێشمەرگانەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات بە مەبەستی چالاکیی تەبلیغی و هیوابەخشین بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە چوارچێوەی گوتارێکی نوێی گشتگیردا، تێ کۆشا لە ئاست و پانتاییەکی بەربەرینی جەماوەریدا خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سیاسەتە دژگەلییەکانی بکاتەوە. ئەوە بوو کە لە گەڵ ئەوەیکە تیمەکانی هێزی پێشمەرگە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بە حزووری خۆیان، هیوا و هومێدیان بە خەڵک دەبەخشی و پەیامی هەرمانی بزووتنەوەی مافخوازانەیان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەیاند، ڕێبەریی حیزب بەردەوام ڕوو بە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، چالاکانی سیاسی، مەدەنی، خوێندکاران، ڕێکخراوە ئەدەبی و ژینگەپارێزییەکان، لاوان و ژنانی داوای لێ دەکردن کە بەرانبەر بە

چارەنوسی خاک و خەڵکی کوردستان نابێ کەمتەرخەم و پەراوێزخراو بن و پێویستە کە هەر دەرفەت و مەجالێکی گونجاو بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ویست و داخوازییە خۆیان و نەتەوەکەیان کەڵک وەربگرن.

زۆری نەخایاند کە ئەم هەڵوێست و بڕیارانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی گوتاری "ڕۆژهەڵاتمێحوەری"دا هێوا و جموجۆڵێکی بەرچا و سەرنجڕاکێشیان خستنە نێو دڵ و کۆمەڵگەی کوردستانەوە؛ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەشی ئاوەڵاوە لە ناوچەکانی کوردستان پێشوازییان لێ کرا و سروودی "هاتنەوە هاتنەوە پێشمەرگانی دێموکرات" بوو بە وێردی سەرزمانی گەورە و چووکەی ئەو خەڵکەی کە چاویان بە پێشمەرگەکان دەکەوت و لە دڵی خۆیاندا میوانداریيان دەکردن و دەیانحەواندنەوە. لە یەکی دیکەوە جموجۆڵە مەدەنییەکان ڕۆژ لە گەڵ لە پەرەسەندن و گەشەسەندندا بوون، ڕێکخراوە و ئەنجومەن و ناوەندە جۆراوجۆرە مەدەنییەکان زیاتر و ئاوەدانتر بوونەوە. خەڵکی ئاسایی چیدیکە بە چاوی گومان و دڵەڕاوکێوە نەیدەڕوانییە چالاکانی نێوخۆی وڵات و زۆری نەخایاند لە سەر بنەمای پشگیری و پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چالاکانی نێوخۆی وڵات، خەڵک بتمانەیان بە چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەخشی کە ئەمە لە نوعی خۆیدا دەسکەوتێکی بەرزی جەماوەرییە بۆ بزووتنەوەیەک گشگیری نەتەوەیی.

پەرەسەندنی گوتاری نەتەوەیی لە کوردستان و شۆڕبوونەوەی بۆ ناوچەکانی خوارووی کوردستان، بەتایبەت لە ئیلام و کرماشان کە حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتی ئەم گوتارە دەکا و لەم پێناوەدا چ لە ڕووی گرینگیدان بەم ناوچانە لە گوتار و هەڵوێستیدا چ لە ڕووی گرێنگیدان بەم ناوچانە لە میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیدا، گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی بەرانبەر بە ڕێژیم و سیاسەتەکانی بەرفراوانتر کرد. بەتایبەت لە قەزیەی بوومەلەرزەکەی شاروچکەی ئەزگەلەی سەر بە پارێزگای کرماشان کە خەڵکی کوردستان لە هەڵوێستێکی نەتەوەیی گشتگیری جەماوەریدا بە هانای خەڵکی بوومەلەرزە لێدراوانەوە چوون، لە نەوعی خۆیدا حەماسەیەکی مێژوویی لەبیرنەکراوبوو.

سیاسەتی لە پەراوێزخستنی پرسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بە ئاکام گەیاندنی زۆری پیلان گێڕا و زۆری هەزینە بۆ کرد، لە ئاکامی سیاسەت و گوتاری "ڕۆژهەڵاتمێحوەری"ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پووچەڵ کرایەوە. ئەمە سەرکەوتنە سیاسییە گەورەیە کە بێگومان ئەگەر هیمەتی پێشمەرگە قارەمانەکان و گیانبازیی شەهیدانی هەرگیز لەبیرنەکراومانی لە گەڵ نەبا وەدەست نەدەهات، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازییەکی گەورەیە و ڕیشەی لە پێگەی مێژوویی ئەم حیزبەدا هەیە. پێگەیەک کە ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی ئێران نەتەنیا چاوی دیتنی نیە، بەڵکوو بۆ سەر تێفکرینە دواکەتوانەکانی و سیاسەتە ناپەسەندەکانی بە مەترسی دەبینێ. بۆیە جارێک بە تیرۆری ڕێبەرانی، قۆناغێک بە ڕەشەکووژی و دەرماناوکردنی کادر و پێشمەرگەکانی، دەرفەتێک بە لە سێدارەدانی



سەرچاوە
Serchawe

تێکۆشەرانی بەندکراوی، جارێکی دیکە بە تەقینەوە و دوایین جاریش بە پێشکەوتووترین چەکی ڕۆژ، مووشەکی بالستیک دەیکاتە ئامانج.

بە ئامانجگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە کاریگەریی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە لە سەر ڕەفتار و هەڵوێستی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، پێوەندی بە پێگەی جەماوەریی ئەم حیزبە لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، پێوەندی بە ئەو پاشخانە دەوڵەمەندە سیاسی و مەعریفییەوە هەیە کە حیزبی دێموکراتیان کردۆتە بەشێک لە کولتووری سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان.

بەئامانجگرتنی کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی و هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر قەڵای دێموکرات، سەلمێنەری بوونی پێگەیەکی بەهێزی جەماوەریی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان و کاریگەربوونی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەم حیزبە و لایەنەکانی دیکەیە لە سەر ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایەش تەنیا پێویستە ئاماژە بە مانگرتنە گشتییە پڕشکۆکەی ٢١ی خەرمانان (چوار ڕۆژ دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات) بکەین. خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا و لە سەر داوای حیزبەکانی کوردستان لە مانگرتنێکی گشتیی بێوێنەدا وڵامێکی ددانشکێنیان بە کۆماری ئیسلامی ئێران دایەوە و کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانیان مەحکووم و ڕیسوا کرد.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

# ساڵێک دوای ١٧ی خەرمانان



برایم چووکەڵی

لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەردەوامی ڕوو لە زیادبوونە، ئەگەر بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ڕابردوو، بەدەیان و سەدان بیرەوەریی تاڵ و ناخۆشمان دێتەوە یاد، ئەگەرچی حەسرەتێکی زۆرمان بۆ بەجێ دێڵن؛ بەڵام ئەزموونی پێویستیان لێ وەردەگیرێ و دەبنە هۆی دڵگەرمیی زیاتر بۆ بڕینی ڕێگا پڕ لە کەند و لەندەکانی سەرکەوتن. بێگومان لەم نێوەدا تاڵترین بیرەوەرییەکانی مێژووی خەباتی ئەم نەتەوە بندەست و ماف لێ زەوت کراوە، ژیانی پڕلە شانازیی ئەو دەستە لە ڕۆڵەکانی دەگرێتە خۆ کە لەپێناو ڕزگاریی گەلەکەیاندا گیانی ئازیزی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژانی تەنگانەی زۆری هەبووە کە ئەگەرچی زیانیان بەم حیزبە گەیاندوە، بەڵام بە سەربەرزی و ڕووسوورییەوە تێپەڕی کردوون؛ ١٧ی خەرمانان یەک لەو ڕۆژانەیە.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا کە کەشێکی سەرکوت و زەبروزەنگ بەسەر هەموو گەلانی بندەست و کەمینەی ئێراندا زاڵ بوو، هەم دژکردەوەیەک بوو بەرامبەر بە سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی و هەمیش توانی ببێتە خاڵێکی وەرسووڕان لە بزاڤی سیاسیی نەتەوەی کورد بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی. ئەم حیزبە بە گیانبازی و گیان لەسەر دەستیی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆی توانی دەنگی کپی کۆمەڵگەیەکی ئازادیخواز و دژە ستەم بەرز بکاتەوە و بیگەیەنەتە گوێی هەموو جیهان. لەم پێناوە پیرۆزەدا حیزبی دێموکرات بەدرێژایی پتر لە حەوت دەیە خەباتی خۆی و بە

پێشکەشکردنی زیاترین ڕادەی شەهیدان بە بارەگای سەربەستیی ئەم گەلە بەگژ گەرووی دوژمنی درندەدا چۆتەوە و؛ هەتا بە ئێستا ئاڵای خەباتی پڕلە شانازیی خۆی شەکاوە ڕاگرتوە.

ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، نەک نەبووە هۆی ئەوە یاد و ناو و ڕێبازی حیزبەکەی و کۆمارە ساواکەی تۆزی لەبیر کردن لەسەری بنیشێ، بەڵکوو بووە هەوێنێک بۆ درێژەدان بەم تێکۆشانە لەلایەن نەوەکانی داهاتوو. شڵەژاندنی گۆمی مەندیی پاشایەتی لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧دا دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە ڕێبازی دێموکرات لەنێو هەناوی خەڵکی کوردستان چەکەرەی کردوە و مستێکی توند بوو لە دەمی بەناو ژاندارمەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین.

ئێستا زیاتر لە ٤٠ ساڵە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەستاوەتەوە و لەو ماوەیەدا بە شێوەی جۆراوجۆر خەباتی خۆی درێژە پێداوە و، قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەرکوت کردنی جووڵانەوەی کورد لە هیچ جەنایەتێک نەپرینگاوەتەوە و هەموو ڕێگە و ڕەفتارێکی دژە ئینسانی بەمەبەستی بەچۆک داهێنانی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تاقی کردۆتەوە. هەر لە قەڵاچۆکردنی خەڵکی بێدیفاعی کوردستانەوە بگرە هەتا ئابلۆقەی ئابووری و تۆپ و خۆمپارەبارانی شار و دێ و مووچە و مەزراکان و کاولکردنی دێهات و بە کارهێنانی بۆمی ناپاڵم و زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارە دان و... بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا نەیتوانیوە لە ورەی پۆڵایینی خەڵک و هێزی پێشمەرگە کەم بکاتەوە. لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی بێپسانەوە لەبیری لەنێو بردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوە بەرحەقەکەیدا بووە؛ لەو پێناوەشدا بەداخەوە هێندێک جار توانیویەتی پیلانە گڵاوەکانی خۆی بەرێتە سەر کە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین.

لە ڕووبەڕووبوونەوە لە مەیدانی شەڕدا هەمیشە هێزەکانی دوژمن زیاترین خەساریان بەر کەوتوە، بەڵام ئاماژە بەچەند بەشێک کە لەوێدا هێزی پێشمەرگە زەبری قورس وێکەوتوە مەبەستی ئەم دێڕانەیە.

لە سەرەتای شۆڕش و لە شەڕێکی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی ڕێژیمدا نیزیک بە چل قارەمانی دێموکرات لە ورمێ شەهید بوون، لە ناوچەی موکریان ساڵی ١٣٦٣ لە عەمەلیاتێکدا بیست وپێنج پێشمەرگەی قارەمان و فیداکار شەهید و، لە کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژی ساڵی ٦٢ لە ناوچەی سنە ١٦ کوڕی لێهاتوو بوونە قوربانیی هێرشی درندانەی ڕێژیم؛ بەڵام ئەوانە هیچکام نەیانتوانی کەمترین کارتێکەرییان لەسەر هێزی پێشمەرگە هەبێ و زۆر زوو توانییان هەم هێزەکانیان زیندوو و هەمیش تۆڵەی هاورێکانیان بکەنەوە.

ڕێژیمی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی بە پیلانە گڵاوەکانی توانی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو تیرۆر بکا و، دەری خست کە نایهەوێ لە نێوەرۆکی ڕەش و لە ڕەفتار و کردەوەی دژەمرۆیی خۆیدا ئاڵوگۆڕێک پێک بێنێ. دوژمن پێی وابوو بە شەهید کردنی دوکتور قاسملوو ئاسەوارێک لە جووڵانەوە و حیزبی دێموکرات نامێنێ، بەڵام تەنیا دوو ڕۆژ دوای شەهید بوونی تێکۆشەرانی دێموکرات بەڵێنیان دا کە ڕێبازی قاسملوو بگرنە بەر و لە سەرانسەری کوردستان بە زەبر لێدان لە هێزی ڕێژیم نیشانیان دا کە دێموکرات هێشتا هەر زیندووە.

دواتر تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندیش، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەبات بەکردەوە چقڵی چاوی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری ئێرانە. ڕێژیمی تاران بەم تێرۆر و وەحشیگەرییانەی لە خەیاڵی خاوی خۆیدا دەیهەویست حیزبی دێموکرات بەگشتی لەنێو ببا.

هێرشی فڕۆکەیی بۆ سەر پلینۆمی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٧٣ی هەتاوی و پەلاماری زەمینی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە قووڵایی خاکی هەرێم لە گەلاوێژی ٧٥ و دەیان کردەوەی قیزەونی دیکە و تەقینەوەی شەوی یەلدا لە نیزیک قەڵای دێموکرات و لەسەر ڕێگای هاتوچووی ژن و منداڵانی بەشداربوو لە ڕێورەسمی ئەو شەوەدا؛ هەر لە درێژەی هەمان پلانی سڕینەوەی ئەم حیزبە ئیلهامدەرەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

پەلاماری مووشەکیی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویش حەولێک بوو بۆ زەبر لێدانێکی جیدی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام دیسانیش و ئەم کردەوەیەش هەر ئاسنی سارد کوتان بوو، چونکی تێکۆشەرانی دێموکرات لێ بڕاوانە هەتا دوا قۆناغی سەرکەوتن لە مەیدانی خەباتدا بەڵێنی مانەوەیان داوە.

بێگومان کۆماری ئیسلامی پتر لە پێش ئەم ڕاستییە تاڵەی بۆ دەرکەوت کە حیزبی دێموکرات ڕیشەی لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندایە و بەم هەڕەشە و کردەوانە تەنیا شێلگیرتر دەبێ، چونکی تەنیا سێ ڕۆژ لە دوای ئەم هێرشە، خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان لەبیر نەکرد و؛ بە مانگرتنی شکۆمەندیان لەگەڵ دەربڕینی پشتیوانیی هەمە لایەنەی خۆیان سەرەڕای هەموو زەبر و زەنگێک، مۆرکی قەبووڵیی سیاسەتە دروستەکانی حیزبەکەی خۆیان لە کارنامەی پڕلە شانازیی حیزبی دێموکرات بۆ هەتا هەتایە زیاد کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## قەڵای لە گیران نەهاتووی دێموکرات



**مەنسوور مروەتی**

**یەکساڵ بە سەر کارەساتی ١٧ی خەرماناندا تێپەڕی.**

ساڵی رابردوو لە وەها ڕۆژێکدا و کاتژمێر ١٠ و ٤٥ دەقیقەی پێشنیوەڕۆی ١٧ی خەرمانان سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان و شوێنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە لە قەڵای دێموکرات لە نیزیک شاری کۆیەی باشووری کوردستان کەوتە بەر پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران. سەرلەبەیانیی هەر هەمان ڕۆژ سێ زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج لەسێدارە دران . لە ئاکامی ئەو مووشەکبارانەی سپای پاسداراندا ١٦ کەس لە کادر و پیشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات شەهید بوون کە شەش کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب و لە بەشدارانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوون. هەروەها دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی سەربەحیزبی دێموکرات و بە تایبەت ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەسەختی بریندار بوون.

ئەگەرچی ئەوە یەکەم جار نەبوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە گشتی و ئۆرگانی کۆمیتە ناوەندی بە تایبەتی دەکەوتە بەر هێرشی تیرۆریستانەی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەو ڕووداوە لەو دەگمەن ڕووداوانەیە کە بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتوە. تەنانەت دەکرێ بڵێین ڕووداوی وا لە هیچ کوێی ناوچەکە و جیهانیشدا ڕووی نەداوە. چونکە ئەوە یەکەم جارە ڕێژیمێک بە پێخوستکردنی هەموو ڕێسا و یاسا



سەرچاوە
Serchawe

نێودەوڵەتییەکان سەرکردایەتیی حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی خۆی لە خاکی وڵاتێکی دیکەدا دەداتە بەر ڕەهێڵەی مووشەک و هاوکاتیش وێڕای وەئەستۆ گرتنی ئەو پەلامارە بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ کە مەبەستی لەو کارە لەنێوبردنی ئەو سەرکردایەتییە بووە. سپای پاسداران لە هەمان ڕۆژدا بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێک بەئاشکرا جاڕی دا کە مەبەستی سپای پاسداران لێدان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەنێوبردنی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات بە گشتی بووە. سپای پاسداران لەو ڕاگەیاندراوەدا بۆ پاساوی پەلامارەکەیان دەڵێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمنیەت و ئاسایشی ئەوانیان خستووەتە مەترسییەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان چۆن و بە چ شێوەیەک جووڵاوەتەوە کە سپای پاسداران پێی وایە بەوە ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی چووەتە ژێر پرسیار و هەڕەشەی لە سەر بووە؟ یان بە واتایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی لە چ جموجۆڵ و سیاسەتێکی حیزبی دێموکرات زراوی چووە کە ئاوا دڕندانە و بە بێ لە بەرچاو گرتنی سەروەریی وڵاتێکی دیکە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بنکە و بارەگا و سەرکردایەتیی ئەو حیزبە لە خاکی وڵاتێکی دیدا دەداتە بە پەلاماری مووشەکەکانی و زۆر بە ڕووهەڵماڵاوی ئەو کردەوە تیرۆریستییەش دەگرێتە ئەستۆ؟ سپای پاسداران لە یەکەم پاساودا گوتی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هێرشیان کردووەتە سەر پایەگایەکی ئەوان و چەند پاسدارێکیان لێ کوشتوون، بەڵام هەر لەجێدا ئەوەی سپای پاسداران گوتی لە بنیڕا چەوت و ناڕاست بوو. چونکی ئەم ڕووداوەی سپای پاسداران باسی دەکرد ماوەیەک پێش ئەم هێرشە لایەنێکی کوردیی دیکە کردبووی و بەئاشکراش بەرپرسایەتیی ئەم کردەوەی خۆیان وەئەستۆ گرتبوو. دیارە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمە ئەگەر سیناریویەکی گەپچاڕانەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانیش نەبووبێ، ناتوانێ پاساو بۆ هێرشێکی گەورەی لەم چەشنە بۆ سەر قەڵای حیزبی دێموکرات بێ.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان ئەگەرچی بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کارەساتێکی جەرگبڕ بوو، بەڵام ئەوە هەر ئەم حیزبە بوو کە توانیی سەرەڕای ئەو کارەساتە قورسە دەمودەست بە سەر ڕووداوەکەدا زاڵ بوو و تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش ڕێگای نەدا کار و چالاکیی ئۆرگانە جۆربەجۆرەکانی بوەستێ.

ڕۆژی دواتر شەهیدەکان لە نێو ئاپۆرای خەڵکی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات و بەتایبەتی خەڵکی شاری کۆیە لە قەبرستانی شەهیدانی دێموکرات بە خاک سپێردران و کادر و پێشمەرگەی دیموکرات هەر ڕۆژی دواتر دەستیان بە پاک و خاوێن کردنەوەی ئۆرگانەکانی خۆیان کرد و پازدە ڕۆژ دواتریش کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای لە دەستدانی شەش کەس لە ئەندامانی خۆی لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا، کۆبوونەوە تەواونەکراوەکەی بە ئاکام گەیاند و بە هەموو لایەکی نیشان دا کە ئەو حیزبە وەها ڕێکخراوێک نییە کە سەرەڕای دڕندەترین پەلامارەکان وا بە ئاسانی بەچۆکدا

بێ.

ئەم ڕۆژانە لەگەڵ بەشداریی گەرموگوڕی خەڵک و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، لە پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، سەردانی بەردەوامی خەڵک و لایەنە سیاسییەکان لە سکرتاریای حیزبی دێموکرات و دەربڕینی هاوخەمی و پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەورەترین و پڕواتاترین هەڵوێست، مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی خەڵک لە شار و دێهاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

چوار ڕۆژ دوای کارەساتەکە و لە ٢١ی خەرماناندا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مانگرتنێکی سەرتاسەری لاپەڕەیەکی دیکەی زێڕینیان بە مێژووی پڕ لە سەروەریی خۆیان زیاد کرد و بە داخستنی دوکان و بازاڕ و نەچوونە سەرکارەکانیان پەیامێکی زۆر ڕوون و ڕاشکاویان بە هەموو لایەک و بە تایبەتی بە کۆماری ئیسلامی دا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران چل ساڵە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی کەلێن خستنە نێوان خەڵک و حیزبەکان و لێکدابڕانی ئەواندا بووە و ئەوەی لە دەستی هاتبێ دریغیی نەکردوە. هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ئەوان و فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان و کوشتن ئیعدامی تێکۆشەرانی کوردەوە بگرە هەتا سووتانی و وێران کردنی گوندەکان و کۆمەڵکوژکردنی خەڵک و ڕاوەدوونان و تیرۆری ڕێبەرانی کوردەوە تا دەگاتە مووشەکبارانەکەی ١٧خەرمانان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ئاسەوارێک لە بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و ڕێبەرانی ئەو بزووتنەویەوە نەهێڵێ. بەڵام ئەوەی لە ٢١ی خەرمانان ڕووی دا ئەوەی سەلماند کە چل ساڵە چی جینایەت و تیرۆر و تۆقاندنی کۆماری ئیسلامیە نەیتوانیوە نە چۆک بە بزووتنەوەی کوردستاندا بدا و نە خەڵک و تێکۆشەرانی سیاسیی ئەم گەلە لە یەک دابڕێ.

ئێستا یەک ساڵ بەسەر ڕووداوی ١٧ی خەرماناندا تێدەپەڕێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان برینێکی قورسی هەڵگرت بەڵام هەروا قورس و قایم لە مەیدانی خەباتدایە، بزووتنەوەی کوردستانیش بە هێزتر لە جاران ڕێگە دەبڕێ. پرسیار ئەوەیە کە ئەرێ ١٧ی خەرمانان چ دەسکەوتێکی بۆ کۆماری ئیسلامی هەبووە و دواجار ئەو کردەوە تیرۆریستییە چۆن بە ڕوویدا شکایەوە؟

حیزبی دێموکرات لەم ڕووداوەدا چۆن دەرکەوت و ئەوەی دەکرێ لەو مەیدانە وەک دەسکەوت چاوی لێ بکرێ چین و بەر کام لایەن کەوت؟

له ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران دیسان چەندین جار هەڕەشەی لێدان و لەنێوبردنیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردووە، هەڵبەت ئەوە تازە نیە و سیاسەتی چل ساڵەیانەوە و تەنانەت زۆر جاریش حیزبی دێموکراتیان بە لەنێوچوو ناو بردوە، ئەو پرسیارەش ناکەین کە ئەگەر حیزبی دیموکرات لە نێوچووە ئەی ئەو هەموو تێچووە قورسە چییە بۆ لێدان لەو حیزبەی دەکەن، هەروەها پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی توانای لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستانی هەیە؟

وڵامەکەی ڕوونە، حیزبی دێموکرات لە بنەڕەتدا دامەزرانەکەی وڵامدانەوە بە ویست و داخوازیی سەردەمیانەی نەتەوەیەک بوو، ویستێک کە دوای تێپەڕینی پتر لە حەوت دەیە و گوتارێک کە پاش ئەم مێژووە دوور و درێژە ئێستاش هەر ویستی سەرەکیی خەڵک و گوتاری شوناسخوازیی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی کوردستانە.


بۆیە ئەم حیزبە نە بە کۆماری ئیسلامی و نە بە هیچ ڕێژێمێکی دژە کورد لە بن نایە و ریسالەتی خۆی لە دواجاردا بە ئاکام دەگەیەنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## "سپیباڵەکانی قەڵای پێدەشتان"



**هەردی سەلیمی**

وەک لەبیرم بێ لەو یەکەم جارانەی کەوا گوێم لە دەستەواژەی "قەڵای دێموکرات" بوو، دەگەڕێتەوە بۆ تەقینەوەی تێرۆریستیی شەوی یەلدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوێدا کرابووە ئامانج. کاتێک کە هەواڵنێرییەکانی باشووری کوردستان هەواڵی ئەو تەقینەوەیان بڵاو دەکردەوە و باسیان لەوە دەکرد کە لە بەردەم بارەگای فەرمیی ئەم حیزبەدا لە شاری کۆیە تەقینەوەیەک ڕووی داوە و، ئاماژەیان بەوە دەکرد کە بە قەڵای دێموکرات دەناسرێ؛ هیچکات بیریان لەوە نەدەکردەوە ئەم پێکهاتە وشەییە دەتوانێ ڕۆژێک ببێتە هێما و سیمبولی خۆڕاگری و هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵات بگرێتەوە. تەنانەت بۆ هاوڕێیانی حیزبیش وشەی قەڵا بەتەنیا نا، بەڵام دەستەواژەی "قەڵای دێموکرات" پێکەوە، بڕێک نامۆ بوو و، ڕەنگە دەتوانم بڵێم ناسیاوییەکەی هەر بۆ شۆفیر تاکسییەکانی شاری کۆیە بوو.

بەڵام چۆن و بۆ ئەم دەستەواژەیە لە چوارەمین دەیەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە لووتکە و، دەتوانم بەڕاشکاوییەوە بڵێم بووەتە بەشێکی جیانەبوو لە مێژووی خەباتی بەرەنگاریی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

کە لاپەڕە لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان هەڵدەدەینەوە دەبینین کە تەنیا کەسایەتییەکان نین ناویان لە مێژوودا هەرمان دەبێ، بەڵکوو زۆر شوێن و جێگاش گرینگیی تایبەت بەخۆیان دەبێ بۆ نموونە شاری ستالینگراد یان کۆبانی و... هەتا هەتایە ناویان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. قەڵای دێموکرات لانیکەم بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیتر شوێن و جێگایەکی



سەرچاوە Serchawe

نامۆ نییه. ئه‌م قه‌ڵایه شوێنی کاروباری ئیداریی حیزبی دێموکراته و بیر و ئه‌ندێشه‌ی ئه‌م حیزبه لێره‌وه بیچم ده‌گرێ و له‌ڕێگه‌ی جۆراوجۆره‌وه پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ به‌رده‌نگه‌کانی خۆی که خه‌ڵکی کوردستان بن دروست ده‌کا و ئاڕاسته‌یه‌کی مرۆیی و ئازادیته‌وه‌رانه‌یان پێ ده‌به‌خشێ. قه‌ڵای دێموکرات وه‌بیر هێنه‌ره‌وه‌ی ئیراده و هه‌ستانه‌وه‌یه، وه‌بیر هێنه‌ری به‌چۆکدا نه‌هاتن و تێکۆشانی بێپسانه‌وه‌یه.

١٧ی خه‌رمانان یه‌که‌م هه‌ڕه‌شه و هێرش نه‌بوو له‌سه‌ر قه‌ڵای دێموکرات، ئه‌م قه‌ڵایه به چه‌ندین جار کراوه‌ته ئامانج به‌ڵام ئه‌م هێرش و په‌لامارانه ده‌سکه‌وتی زیاتری بۆ حیزبی دێموکرات بووه هه‌تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی! ڕاسته ئێمه چ له ته‌قینه‌وه‌ی شه‌وی یه‌لدادا و چ له مووشه‌کبارانی ١٧ی خه‌رمانانذا پۆلێک له باشترین ڕۆڵه‌کانی ئه‌م گه‌له‌مان لێ ستێندرا؛ لێ جارێکی تر مۆری زیندووبوون و ڕاوه‌ستاوی له تێکۆشان ته‌نانه‌ت له تاراوگه‌شدا هاته بن کارنامه‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان به ڕه‌چاو کردنی شێواز و پتانسییله جۆراوجۆره‌کانی خه‌بات و گرتنه به‌ری سیاسه‌تێکی ئاوێته به واقعیه‌ت توانیویه‌تی هه‌ستی هاوسۆزیی زۆربه‌ی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی کوردستان له جووتیار و کرێکار و کۆڵبه‌ره‌وه هه‌تا بژارده‌کانی کۆمه‌ڵگه و که‌سانی چالاک له بواره‌کانی کولتووری، هونه‌ری، ئه‌ده‌بی، سیاسی، ئایینی، کۆمه‌ڵایه‌تی، ژینگه‌پارێزی و... بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئه‌م پێگه جه‌ماوه‌رییه له‌خۆڕایی به‌ده‌ست نه‌هاتووه و ئه‌مه به‌رهه‌م و ده‌سکه‌وتی ساڵگارێک خه‌باتی ڕاستکردارانه‌یه؛ به‌رهه‌می خوێنی شه‌هیدانی ڕێگای سه‌ربه‌ستیی ئه‌م نیشتمانه‌یه.

کاتێک که ته‌نیا ٤ ڕۆژ له‌دوای ئه‌م هێرشه خوێناوییه خه‌ڵکی کوردستان به تێکڕای نه‌ک ته‌نیا یه‌ک خوله‌ک بێده‌نگی به‌ڵکوو یه‌ک ڕۆژ بێده‌نگی بۆ ڕێز له یاد و ناوی شه‌هیدان ڕاده‌گرن و، خۆیان ده‌که‌نه خاوه‌نی پرسه و سه‌ره‌خۆشیی ڕۆڵه گیان به‌ختکردووه‌کانی خۆیان؛ له‌و کاته‌دایه ئه‌و هه‌سته خۆشه‌ت ده‌بێ و ده‌زانی به‌ره‌و وه‌ده‌ستهێنانی ئامانجه‌کانت هه‌نگاوی و زۆرت نه‌ماوه هه‌تا گه‌یشتن به دواوێستگه‌ی مه‌به‌ست. کاتێک که شاره‌کانی کوردستان یه‌ک له دوای یه‌ک و له ماکۆوه هه‌تا ئیلام ده‌بنه "قه‌ڵای دێموکرات" و یه‌کتر دڵنیا ده‌که‌نه‌وه له‌وه‌ی قه‌ڵا ئاوه‌دانه و که قه‌ڵاش ئاوه‌دان بوو واته سه‌نگه‌ری تێکۆشان ئاوه‌دانه؛ کۆی ئه‌م هاوسۆزی و هاودڵییه‌ی خه‌ڵک بووه ئاوێک و به‌سه‌ر ئاوری خه‌می له‌ده‌ست دانی ١٦ شه‌هیدی کوردستاندا کرا که‌واته با خه‌م لاچێ...

هه‌ر ئه‌م جێگه و پێگه جه‌ماوه‌ری و کارتێکه‌رییانه‌ی حیزبی دێموکرات له‌سه‌ر بزووتنه‌وه‌ی مافخوازانه‌ی گه‌لی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانه، که په‌رده له‌سه‌ر ڕازی به‌سیبل بوونی ئه‌م حیزبه به‌گشتی و قه‌ڵای دێموکرات و سه‌رکردایه‌تییه‌که‌ی

بەتایبەتی لادەدا. ئێستا کە نیزیک بە هەشت دەیە لە خەباتی حیزبی دێموکرات تێپەڕ دەبێ، لێبڕاوانەتر لە پێشوو هەموو مێتۆدەکانی خەبات بە پشوودرێژییەکی لەبڕاننەهاتووەوە تاقی دەکاتەوە و هیچکات تۆزی دووری و "نیشتەجێ بوون لە دەشتی کۆیە" بە ڕوخساری تێکۆشانییەوە دیار نییە؛ هەربۆیەش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە باشترین شێوە لەم ڕاستییە تێگەیشتووە و بە چاوی سەرەکیترین دوژمنی خۆی سەیری دەکا.

ئێمە پۆلێک لە لاوەکانی کوردستان لە کاتی مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا لە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەدا بەشدار بووین و لە نیزیکەوە شایەدی ئەم رووداوە دڵتەزێنە نەبووین، هەر بەو بۆنەیەوە دەورەی ئێمە بە دەورەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ناودێر کرا و بێجگە لەوەی کە هەستمان دەکرد چەکهەڵگری خاکێکین کەوا دوژمن لەسەری زاڵە؛ ئەمجار چەکی هاوڕێیانێکمان هەڵگرتبوو کە گیانی پیرۆزی خۆیان پێشکەشی بارەگای ئازادی کردبوو. بۆیە بەڵێنمان ئاوەدان کردنەوەی سەنگەرێک بوو کە ئیتر بە تەنیا سەنگەری ئەوان و ئێمە نەبوو؛ بەڵکوو ئەو قەڵای دێموکراتەی کە لەنێو دووکەڵ و تۆز و ئاوردا بە پشتیوانیی لێبڕاوانەی خەڵکی کوردستان و هەروەها بە هیممەتی یەکە یەکەی ئەندامانی ئەم حیزبە تۆزی وێرانی لەخۆی داتەکاندبوو و سەرلە نوێ هەستابۆوە سەرپێ.

ڕەنگە ئێستا و لە دوای ساڵێک کە بەسەر ئەم رووداوە دڵهەژێنەدا تێدەپەڕێ دوو حەسرەت لە دڵدا هەبێ؛ یەکیان ئەوەیە کە لە بەرەبەیانی ئازادیدا جێگەی بەتاڵی ئەم شەهیدانە و سەرجەم شەهیدان دیارتر لە دیارە و؛ دووهەمیان ئەوەیکە وەک شەخس نەمتوانی لە نیزیکەوە لە خزمەتی ئەم تازەترین شەهیدانەدا بم بەڵام بە دڵ با.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# لە بەر بانێژەی قەڵاوە



**کەریم فەرخەپوور**

قەڵای دێموکرات، قەڵاو قامەتی شەهیدان، قەڵای مەردانی مێرخاس و قەڵای کچان و ژنانی پێشەنگ و یەکسانیخواز، قەڵای دێموکرات، قیبلەی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و نوێنگەی بیری کوردایەتی و بیروهزری ژێکاف و حەزرەتی پێشەوایە.

قەڵای دێموکرات، قەڵای بەرەنگاریی خانی لەپ زێڕین و قەڵای هەولێری هۆلاکۆ بەزێن و قەسیدە نەبڕاوە و نەپساوەکەی کۆمار و سێدارەکەی قازی و چیرۆکی دوازدە سوارەی مەریوان و کوشتاری قاڕنێ و قەڵاتان و خاچەکەی باڵای قاسملوو و کراسە خوێناوییەکەی شەڕەفکەندی و پرچی سپی و نەهۆنراوەی دایکی شەهید و لاواندنەوە و حەسرەتی نەوبووکە نازلێشێواوەکانی زێدەکەی من و پێشمەرگە شەهیدە گۆڕغەریبەکانی دەستی داگیرکەر و سووتانی گەنم و گوڵ و مەل و باغ و دارستان و جەستەی زامداری خاک و یادەوەری و سەنگەری بەرخۆدانی هەزاران هەزار شەهیدی سەربەرزی ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانە.

خەرمانانە و مانگی کۆچی خەونەکانە، پەڕەسێلکەکانی قەڵا لەبەر بۆنی باڕووت و گرمەی بۆمبا کۆچ بەرەو باواجی هەڵیگرتوون، خەرمانانە و خەرمانی شەهیدانمان لە هەڵکشانە، خەرمانانە و شەڕەفکەندیی ڕێبەر، سەرقافڵەی کاروانێکە کە بە نێو ڕووباری هەنیسک و فرمێسک و خوێندا تێدەپەڕێ و بەنێو ئاگری بەردەم فتواکەی جەمارانـدا هەنگاو دەنێ.



سەرچاوە
Serchawe

خه‌رمانانه و خوێن له جه‌سته‌ی زامداری کورد ده‌چۆڕێ، خه‌رمانـان که‌ژاوه‌ی کچه ڕووسووره سینگ و ڕوومه‌ت خوێنـاوییه‌که‌ی ده‌سته‌خوشکی خاکه‌لێوه‌ی خوێن و پووشپه‌ڕی په‌ڕپه‌ڕ و زامی به‌ژانی گه‌لێکی بنده‌سته.

خه‌رمانانه و گه‌رچی سه‌رم کرایه نیشـانه‌ی ڕمی ده‌ستی دوژمن، گه‌رچی که‌وتـمه به‌ر هـوروژمی خێلی ڕه‌ش و سپای دۆزه‌خ و دڵڕه‌شان، به‌ڵام کچان و کوڕانی دڵ پڕ له گڕ و تین و ئه‌وینی نیشتمان، له مـانگی خوێن و گیانبازیدا، له خه‌نه‌به‌نـدانی خه‌رماناندا، پۆل پۆل و ده‌سته ده‌سته، کـاروان کـاروان و کۆمه‌ڵ کۆمه‌ڵ، بـۆ یـادی نه‌مران مۆم داده‌گیرسێنن، تـۆوی تـۆڵه ده‌چێنن، پشت له ژوانی دڵـدار و ده‌زگیران، بـاوه‌ش به ئه‌شکه‌وت و سـه‌نگه‌ر و چیـادا ده‌که‌ن، چه‌ک له شـان و مه‌شخه‌ڵ به ده‌ست ده‌بنه پێشـه‌نگ و پێشمه‌رگه، ده‌بنه قـۆچی قوربـانیی وڵات تـاکوو ئـاڵای کورد هه‌ر شـه‌کاوه و قه‌ڵای دێمـوکرات هه‌ر سه‌ربه‌رز و له‌سه‌رپێ و به‌پێوه بێ.

خه‌رمانانه و گه‌رچی ئه‌م ڕێگه‌یه به ئاگر و باڕووت و ته‌ناف ته‌نراوه، به‌ڵام لاوانی کـورد ده‌بنه بورکـان و ته‌خت و تـاجی زۆردار دێنــنه له‌رزه، ئــازاترین ڕۆڵه‌کــانی ئه‌م گه‌له به ئیــراده‌ی پــۆڵایین و به ســروودی ئه‌ی ڕه‌قیــب و بیروهــزری شۆڕشگێرانه‌وه نیشتمان له‌کۆڵ ئه‌سپی سه‌رکێشی خه‌بات تـاو ده‌ده‌ن، به‌ره‌و کێوی قـاف، کاڵه‌ی ئاسن هه‌ڵده‌به‌ستن. هه‌وراز و نشێو ده‌پێون، سنووره ده‌سکرده‌کان ده‌به‌زێنن، نه‌خشه‌ی کوردستان به خوێن ده‌ڕه‌نگێنن و ده‌نه‌خشێنن. له مه‌کته‌بـی پێشـه‌وادا وانه‌ی خه‌بـات و خـۆڕاگری ده‌خـوێنن، ده‌بـنه سپه‌ر ده‌بـنه قه‌ڵا، بـۆ گیـانی دوژمـن ده‌بـنه به‌ڵا، ده‌بـنه گـڕ و گـوڕ و هـاوار و هه‌ڵـمه‌ت و هـیممه‌ت و تـۆڵه، ده‌بـنه قه‌نـدیل و قه‌ڵغـان و شـووره‌ی پـۆڵایینی قه‌ڵای نیشـتمان و له شـار و شـه‌قام، له به‌ندیخانه و له سه‌نگه‌ری ترۆپکی چیا ده‌بنه قرمژنـی چه‌کـی تـۆڵه و ده‌نگـی گه‌لێکـی هه‌راو و ئـازادیخواز تـا خه‌ونـی کـورد بێـته دی و ڕوحـی شـه‌هیدانی به‌رده‌م سێداره و گـۆڕ غه‌ریبه‌کـانی ده‌سـتی تێـرۆر و تـاوان و ڕۆڵه گیانبازه‌کـانی سـه‌نگه‌ری به‌نـدیخانه و بنـاری چیاکـانی هه‌ڵگـورد و قه‌نـدیل و بێسـتوون، گـوڵاڵه سـووره‌کانی پێده‌شـتی موکریـان و چیـای سه‌رکه‌شـی هه‌ورامانی هه‌رمان و تێکۆشه‌رانی داوێنی زاگرۆسی زام و ئـاگری و ئـارارابـا و شـه‌هیدانی چوارچرا و پێرلاشێز و قه‌نـدیل و قه‌ڵای بناری هه‌یبه سوڵتان ئارام بگرن.

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی کوردستان و کورد - ڕێکه‌وتی: ٦ی سێپته‌مبه‌ری ٢٠١٩

# له په‌نجه‌ره‌ی ژووری ته‌نیاییمه‌وه



عه‌لی فه‌تحی

زۆر ئێواره وه‌ختی ئه‌و وه‌رزه
کاتێک له په‌نجه‌ره‌ی ژووری ته‌نیاییمه‌وه
سه‌یری ئاسمانی غه‌ریبیم ده‌که‌م
گرژییه‌کانی سروشت
له چه‌شنی ئه‌نگوتنی گه‌لاوێژ و
گرمه‌ی هه‌وری ڕه‌ش و
ورشه‌ی بای پاییزی و
خه‌رمانانی زه‌رد ته‌نیا دیارده‌ن

یه‌کیه‌ک به‌دییان ده‌که‌م.
دیسان هه‌ر له‌و ژووره‌دا،
ساتێک چرای گردسووزی ماڵ پێده‌که‌م
سه‌رجه‌م ئوستووره‌کانی نێو کتێب و
ته‌واوی قاره‌مانانی خولیای ئازادی
گشتیان نه‌رم و نیان،
ڕوخساریان ڕووناک و
بزه‌یه‌کی زه‌رد له‌سه‌ر لێویان

**لە دەوری ڕووناکیی چراکەم**
**لەگەڵم کۆدەبنەوە و**
**منیش،**
**بۆوەی لە جیهانی ئەبەدییەتی ئەواندا بتوێمەوە**
**بێدەنگ و بە ئەسپایی**
**قەڵەمی هەست دەستدەدەمێ و**
**خۆم سەربەست و ڕەها دەکەم.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# هاوار بکه ئه‌ی وڵاتی گیان به‌خشین



و: ئاسۆ حه‌سه‌ن زاده

هاوار بکه ئه‌ی وڵاتی گیان به‌خشین
ئه‌ی خاکی شه‌که‌ت خاکی سوور نه‌خشین
شه‌وی هه‌نیسک و
له شه‌قه‌ی باڵدانی په‌ڕه‌سێلکانه
کوا له کوێیه ماڵی هاوخه‌م
قورگی شێعرم پڕی گریانه
له‌و هه‌مووه تیرباران و سێداره
له‌و هه‌موو فرمێسک و مه‌ینه‌ت و ئازاره
ئه‌و هه‌موو ئاشقه‌ی له خوێندا خه‌وتوو
نه‌ڕه‌ت نابیسم خاکی نه‌سره‌وتوو
خاکی ژولیانی گوڵ و قاتی و په‌تا
نیشتمانی نوقمی پرسه و مه‌رگ و به‌ڵا
شه‌وی یاران
شه‌وی زیندان و وێرانی
شه‌وی شه‌هید بوونی هاوڕێیان
هاوه‌ڵانی ژین و ڕووناکی و جوانی

(ایرج جنتی عطائی - وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ چی کۆماری ئیسلامی حیزبی دیموکراتی دایە بەر پەلاماری مووشەکی؟



**قادر وریا**(*)

دەمەوێ بچمە سەر ئەو هۆکارانە کە بوونە هۆی ئەوە کۆماری ئیسلامی پەنای بۆ ئەو کردەوە وەحشیانەیە برد. ئێوەش دەزانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ئێستا لە نێوخۆی دا لە گەڵ قەیراناویترین دۆخی خۆی بەرەوڕووە. یانی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا هیچ کات بە قەت ئێستا ئەوەندە لە نێوخۆ لە گەڵ قەیرانی جۆراوجۆر و لە دەرەوەش لە گەڵ گوشاری نێودەوڵەتیدا، بەرەوڕوو نەبووە. ئەمە وای کردوە ئێعترازاتێکی بەرین کە ئێمە لە یەکساڵی ڕابردوودا دیومانە لە لایەن خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە بۆتەوە. بەڵام ئەو ڕێژیمە بێجگە لە سەرکوت نەک وڵامێکی بۆیان نەبووە، نەک هەر نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات، دوای ئەوەی ئەمریکا لە بەرجام چووە دەر و ئەو گوشارانەی سەرلەنوێ لە سەر ئێران زیندوو کردنەوە، ئەوەندەی دیکەش کەوتووەتە تەنگانە و ئەوەندەی دیکەش کەوتووەتە ژێر فشاری دەرەکی و لە ژوورەوەش کێشەکانی هەر ڕوو لە زیادبوونن.

ڕێژیمی ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای دەرەوەی سنوورەکانی و، بۆ ئەوەش لە ژوورەوە بە ڕاحەتی بتوانێ سەرکوت بکا، لە دەرەوەی سنوورەکانی دەیهەوێ مانۆڕ بدا. لە لایەک بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێ کە ئێمە لە ژێر هەڕەشەی دەرەکی داین و پێویستە دان بە خۆتاندا بگرن و هیچتان نەوێ، لە لایەکی دیکە بۆ چاوترساندنی خەڵک و چاوترساندنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دەیهەوێ لە دەرەوەی سنوورەکانی بە دڕندانەترین شێوە توند و تیژی بنوێنێ. لەو لاشەوە کە بە بۆنەی دەخالەتی لە وڵاتانی ناوچە دا کەوتووەتە ژێر گوشار، دیسان بڵێ ئەمن هەم و عەرزی ئەندام دەکەم و ئەوەتا لەو ناوچەیەدا قودرەتنەمایی دەکەم.

ئه‌مانه له لایه‌ک و له لایه‌کی دیکه‌شه‌وه بزووتنه‌وه‌ی کوردستان له ته‌واویه‌تی خۆیدا و حیزبی دیموکراتی کوردستان به تایبه‌تی، له ڕوانگه‌ی کۆماری ئیسلامییه‌وه، مه‌ترسیه‌کن بۆ حاکمیه‌تی ئه‌و ڕێژیمه. چونکه ده‌زانێ ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه و ئه‌م حیزبه ئه‌وه‌نده ڕیشه‌دارن، ئه‌وه‌نده خاوه‌ن پوتانسیه‌لن، ئه‌وه‌نده خاوه‌ن پشتیوانن که له هه‌ر لاوازبوونێکی ده‌وڵه‌تی مه‌رکه‌زیدا، به ئاسانی ده‌توانن کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی کوردستان ڕێک خه‌ن و کۆتایی به ته‌مه‌نی ئه‌و ڕێژیمه بێنن. شۆخی نیه ئێمه ده‌بینین له ماوه‌یه‌کی که‌مدا دوو پیلانی گه‌وره له دژی حیزبی دیموکرات به‌ڕێوه چوون. دوو ساڵ له‌مه‌وبه‌ر شاهیدی ته‌قینه‌وه‌یه‌کی تێرۆریستی بووین له دژی حیزبی دیموکرات که کۆمه‌ڵێک له تێکۆشه‌رانی لێ ئه‌ستاندین. ئه‌ویش وه‌ک ئه‌م هێرشه‌ی ئه‌مجاره هه‌ده‌فێکی کۆمه‌ڵکوژانه‌ی هه‌بوو، وێڕای زه‌بروه‌شاندن له حیزبی دیموکرات ده‌یه‌ویست هه‌ر چی زیاتر تێکۆشه‌ران له ئێمه بستێنێ و شه‌هیدیان بکا. هه‌مووی ئه‌وانه بوون به هۆی ئه‌وه که کۆماری ئیسلامی له ده‌ره‌وه‌ی سنووره‌کان بکه‌وێته سه‌رکوتکردن و دڕنده‌یی نیشاندان و بۆ یه‌که‌م جار له دژی هێزه‌کانی ئوپۆزیسیۆنی کورد له ده‌ره‌وه‌ی سنووره‌کان مووشه‌کی دوورهاوێژ به کار بێنێ، به مووشه‌ک زه‌بریان لێ بوه‌شێنێ. له لایه‌کی دیکه‌وه هه‌ر له‌و ڕۆژه دا کۆمه‌ڵێک له به‌ندییه سیاسییه‌کانی کورد له زیندانه‌کانی ئه‌و ڕێژیمه دا ئێعدام بکا و گیانیان لێ بستێنێ.

ئه‌و دڕنده‌ییه که هاوکات نیشانی دا، بۆ ئه‌وه بوو به ته‌واوی خه‌ڵکی کوردستان مه‌رعووب بکا، به‌ڵام ئیستا که حه‌وتوویه‌ک به سه‌ر ئه‌م کاره‌ساته‌دا ڕابردووه، ئێمه دیتمان هێزه سیاسییه‌کان و گه‌لی کورد به جۆرێکی دیکه به‌ره‌وڕووی ئه‌و تاوانه دڕندانه‌یه‌ی کۆماری ئیسلامی بوونه‌وه. له جیاتی ئه‌وه‌ی چاوترسێن بن ، له جیاتی ئه‌وه‌ی سه‌ریان به‌رنه‌وه نێو قاپێلکی خۆیان و بێده‌نگ بن، جارێکی دیکه ڕوویان کرده‌وه خه‌ڵکی کوردستان که ڕووگه‌ی ئه‌سلیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزه سیاسییه‌کانی دیکه‌ن و هه‌ر وه‌ک له یه‌که‌م به‌یاننامه‌ی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتبوو، خه‌ڵکی کوردستان ده‌بوایه وڵامێکی شیاو به‌و تاوانانه‌ی ۱۷ی خه‌رمانان بداته‌وه. دواتریش که به خۆشیه‌وه ئه‌و هاوده‌نگییه له نیو هێزه سیاسییه‌کان دا دروست بوو، ئێوه ده‌بینن که له به‌یاننامه‌ی ناوه‌ندی هاوکاریی حیزبه‌کانی کوردستانی ئێرانیشدا داوا له خه‌ڵکی کوردستان ده‌کرێ که بۆ ئه‌وه‌ی کۆماری ئیسلامی نه‌توانێ چی دیکه درێژه به کوشتنی به‌ندییه سیاسییه‌کان بدا، نه‌توانێ گیانی تیکۆشه‌رانی گه‌لی کورد به‌و شێوه‌یه دڕندانه‌یه بستێنێ ، پێویسته وڵامێکی ددانشکێنی بدرێته‌وه. ئه‌و مانگرتنه گشتیه که ڕۆژی ۲۱ی خه‌رمانان به‌ڕێوه چوو، ئه‌و وڵامه ددانشکێنه بوو که خه‌ڵکی کوردستان دایه‌وه. بۆیه خه‌ڵکی ئێمه له باتی چاوترسێن ببن، ئه‌وه‌ی ئه‌رکیان بوو ئه‌نجامیان دا. ده‌بوو نیشانی بده‌ن که حیزبی دیموکرات و تیکۆشه‌رانی گه‌لی کورد، ئه‌وانه‌ی له زیندان وه‌کوو به‌ندیی سیاسیی ئیعدام ده‌کرێن، ئه‌وانه‌ی له ده‌ره‌وه‌ی سنووره‌کان تێرۆر ده‌کرێن و به مووشه‌ک و به بۆمب گیانیان لێ ده‌ستێندرێ، ڕۆڵه‌ی ئه‌وانن و ئه‌و خه‌ڵکه پشتیان تێ ناکا. ده‌بوو به کۆماری ئیسلامی بسه‌لمێنن که ئه‌م ڕێژیمه پێگه‌ی نیه له نێو خه‌ڵکی کوردستان دا.



سه‌رچاوه
Serchawe

(*) بەشێک لە قسەکانم لە ڕێوڕەسمی شەهیدانی قەلای دیموکرات و تیرۆری میکۆنووس(خەرمانانی ساڵی رابردوو، کۆڵن - ئەڵمان)

سەرچاوە: فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## ساڵڕۆژی مووشەک بارانی قەڵای سەختی دیموکراتە لەلایەن دوژمنەوە



**شۆڕش ئەسەدزادە**

ئەمڕۆ ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، بەرامبەر بە ٨ی سێپتامبەری ٢٠١٩ ساڵڕۆژی مووشەک بارانی قەڵای سەختی دیموکراتە لەلایەن دوژمنەوە

ڕاست ساڵێک پێش ئێستا لەم ڕۆژەدا، سوپای تیرۆریستی پاسدارانی ئێران. هێرشێکی مووشەکیان کردە سەر قەڵای شێرانی دیموکرات لەناو خاکی باشووری کوردستان لە نزیک شاری (کۆیە). سەرڕای بەزاندنی حەریمی هەرێمی کوردستان و بەهێند نەگرتنی هەموو یاساکانی نێودەوڵەتی، هەر دوای مووشەک بارانەکە فیلم و چۆنیەتی لێدانەکەی لەمێدیاکانی خۆیەوە بڵاوکردەوە.

**ئەم لێدانە لەوکاتدا دەبێ دوو هۆی سەرەکی هەبووبێ بۆ ڕژیمی مەلاکان.**

**یەکەم** ترس و دڵەڕاوکەی ڕژیم لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، وەکوو ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان بەدژی ڕژیمی بەعس و سەدام.

**دووەم** پیشاندانی هێزی مووشەکی نوقتەزەنی خۆی بە ئەمریکاو ئیسرائیل. لەکاتێکدا ڕژیم کەوتۆتە گێژاوی ئابلوقەکانی ئەمریکا و ڕەگی حەیاتیان لێ وشک کردووە کە فرۆشتنی نەوتە.

بەڵام دوای ئەم کارە دڕندانەو ڤێزەونەی سوپای تیرۆریستی پاسداران، بەچوار ڕۆژ دواتر هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات داوایان لە خەڵک کرد بەدژی ئەم کردەوەیەی ڕژیم (مان بگرن). لەڕۆژی ٢١ی خەرمانان سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست لەناودەستی یەکترو لەهەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەو بوێرانەدا سەرەڕای هەڕەشەو گورەشەکانی ڕژیم. هەموو خەڵکی کوردستان دوکان و بازاڕیان داخست و بە زمانێکی مەدەنیانەو سەردەمانە دڵی دوژمنیان لە تاران مووشەک باران کردەوە. لەڕاستیدا کورد لەڕۆژهەڵات (ڕیفراندۆم) یان ئەنجام دا. بەم کارە شۆڕشگێڕانەیە بەدوژمنیان گووت ئێمە هەموومان (پێشمەرگە) ین. هەمووومان پشتیوانی ڕاستەقینەی حیزبە کوردیەکانین.

دوژمن لەورۆژەوە بەچاوی دڵەوە تێگەیشت کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ ڕژیم نین و بەهیچ شێوەیەک لەماوەی ئەم ٤٠ ساڵەدا نەیانتوانیوە خەڵکی کوردستان بۆلای خۆیان ڕابکێشن. یان خۆشەویستی حزبەکانی کوردستان لەدڵیان دەربێنن.

دەبێ دوژمنان باش بزانن ئاگری شۆڕش کزدەبێ بەڵام هەرگیز ناکوژێتەوە. دوژمن دەبێ فێربێ و دەرس وەربگرێ کە هەرگیز ورەو قەڵای پۆڵایینی دیموکرات بە مووشەکی ڕژیم نارِوخێ. پۆل پۆل شەهید دەبین بەڵام نابەزین. هەتا دواپشوو درێژە بەخەبات و تێکۆشانی حەقخوازانەی خۆمان دەدەین. ئەوەی دەبێ بڕواو بڕوخێ و ببەزێ تەنها کۆماری پەت و سێدارەو خوێنە.

**بژی حیزبی دیموکرات، سەردەکەوێ خەباتی بێ ڕاوەستانی کورد.**

**یادو ناوی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرزو بەڕێز.**

**سەرچاوە: فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

# حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستان و ئیراده‌ی گه‌لێک




**شاهۆ مه‌تین**

یه‌ک ساڵ له‌مه‌و به‌ر له‌ به‌ربه‌یانێكی تێكۆشانه‌وه‌، له‌ قه‌ڵای حیزبی دێموكڕاتی كوردستانه‌وه‌، له‌ ساتی باس و داڕێژه‌ بۆ خه‌بات دژی تاریكپه‌ره‌ستانی جه‌هل و نه‌زانیی كۆماری ئیسلامی، بۆ ئازادی و عه‌داڵه‌تی گه‌لێكی چه‌وساوه‌ی ده‌ستی ڕێژیمی مه‌لاكان؛ ئیراده‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌ک ده‌كرێته‌ ئامانجی هێرشی مووشه‌كه‌ بالیستیكه‌كانی كۆماری ئیسلامی ئێران و به‌داخه‌وه‌ شازده‌ كه‌س له‌ ڕۆڵه‌ قاره‌مانه‌كانی نه‌ته‌وه‌ی كورد شه‌هید بوون و زیاتر له‌ چل كه‌س زامدار بوون.

كۆماری ئیسلامیی ئێران كه‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای دامه‌زرانیه‌وه‌، وڵامی داوا ڕه‌واكانی كورد و حیزبی دێموكراتی كوردستان، كه‌ داوای ژیانێكی ئازاد و سه‌ربه‌سته‌، داوای پاراستنی شوناس و به‌دیهێنانی ماڤه‌، ویستێكی ڕه‌وایه‌ هه‌م به‌پێی یاسا گه‌ردونی و ئینسانیه‌كان، به‌ میكانیزمی دیالۆگ و شارستانیه‌ت داوای كردوون، به‌ زه‌بری ئێعدام و كوشتن وه‌ڵامی داوتنه‌وه‌. چۆنكی له‌ مانیڤێستی ڕێژیمێكی وا ملهووڕ و دڕه‌نده‌، نامۆ به‌ ئازادی و دادپه‌روه‌ری جێی نابیته‌وه‌.

حیزبی دێموكراتی كوردستان، له‌ ساته‌وه‌ختی دامه‌زرانیه‌وه‌، وه‌ک حیزبێكی به‌رپرس و زمانحاڵی نه‌ته‌وه‌ی كورد له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی نیشتمان، به‌ خوێندنه‌وه‌یه‌كی ڕیالیستانه‌ له‌ پرس و دۆخی كورد، وابووته‌ چقڵی چاوی ڕێژیمی ئاخوندی، وه‌ک كورد وته‌نی: "پێی خۆشه‌ كوێر بێ و، نه‌یبینێت"

به‌ڵام خه‌یاڵیان خاوه‌. حیزبێک وه‌ک ئیراده‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌ک، كه‌ حازر بێ خوێن ببه‌خشێ له‌ ئاستی ڕێبه‌رانیدا، تاگه‌شتن به‌

ئازادی و مافه ڕه‌واکانی له سه‌ر خاکی کوردستان و بۆ خه‌ڵکی کورد ده‌مێنی و ڕه‌ساله‌ته مێژووییه‌که‌ی، که کچان و کورانی نیشتیمان پێیان به‌خشیوه، ده‌گه‌یه‌نیت به سه‌ر مه‌نزڵگه‌ی به‌ختیاری و یه‌کسانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆیه ئیرادەی نه‌ته‌وه‌یه‌که، چۆن پاش زیاتر له حه‌وت ده‌یه له تێکۆشان بۆ مافه‌کانی کورد گه‌رم و گورڕتر له جاران له مه‌یدان دایه و ڕۆژانه لاوانی نیشتمان په‌یوه‌ست به ڕیزه‌کانی ئه‌م حیزبه بۆ خه‌بات دژی حکومه‌ت ده‌بن.

بۆیه ئیراده‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌که، چۆن توانیویه‌تی دژی دوو دیکتاتۆری پاشایه‌تی و ئاخوندی درێژه به خه‌بات بدات.

بۆیه ئیراده‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌که چۆن سێداره، زیندان، شه‌هید بوون و ده‌ربه‌ده‌ری نه‌یانتوانیوه چۆکی پێدادەن.

بۆیه ئیراده‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌که چۆن موشکباران، سوورتر و خۆراگرتری کرد له سه‌ر داواکانی گه‌لی کورد.

بۆیه ئیراده‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌که چۆن ستراتیژ و به‌رنامه‌که‌ی شوێندانه‌رترین کاریگه‌ریی له پانتایی سیاسه‌تی کوردستان و نێو کۆمه‌ڵانی خه‌لکدا هه‌یه.

له یه‌ک ڕسته‌دا بۆیه ئێراده‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌که چونکی خه‌ڵکی کوردستان حیزبی دێموکراته و حیزبی دێموکرات، خه‌ڵکی کوردستانه.

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی کوردستان و کورد - ڕێکه‌وتی: ١٠ی سێپته‌مبه‌ری ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

# چوارده سوارەی قەڵای دێموکرات.




**وەستا رەحمان**

چوارده سوارەی  قەڵای دێموکرات،

قەڵای بەرخۆدان،

قەڵای خۆر و خۆشەویستی نیشتیمان

زۆر لە مێژە لە رێگا دان، رێگا دەبرن  بۆ هەتاوی وڵاتی خۆر

ماندوو نابن، پشوو نادەن، هیچ بەربەستێک پێشیان ناگرێ تا دەگەنە جێژوانی خۆر

هۆ خەڵک و خاک، دەزانن

دوژمنانی دڵ رەشی گەل، حاکمانی شاری تاران، پاسدارانی رەش پەرەستی زۆر دەترسن، لە گەیشتنی ئەو کاروانەی وا بەرێوە، چوارده سوارەی قەڵای کۆیە و سێ رێبەریان لە پێش دایە

هۆ خەڵکینە

سەدان ساڵە و دەیان ساڵە، پادشاکان و ئاخوندانی قوم و تاران، بە درۆ و بە فێڵ، بە موشەک و بە تەیارە ، بە تیرۆرۆ رەشە کوژی، بە سەروەتی داگیرکراو و هەرچی لە بەر دەستیان دایە بۆ وەستانی ئەم کاروانە لە کار دایە

بەڵام هۆ خەڵک و خاک، دڵنیا بن و چاوەرێ بن، چاوەرێ بن و دڵنیا بن

کاروانەکەی گەلی ئێمە خوێنی گەلاوێژی دە لەش دایە و قەت ناوەستێ ، دوای هەر کەوتنێک، زۆر بە گورتر، بە ئیمانتر،

بە باوەرتر، هەنگاوەکان پتەو دەکا و بۆ سەرکەوتن ڕێگا دەبڕێ

دەزانن بۆ

چونکە کاروانەکەی گەلی ئێمە لە گەڵ خۆردا ژوانی هەیە، گوڵی سەربەستی و ئاڵای ڕزگاری کوردیان پێیە، کە خۆر هەڵهات لە گەڵ یەکەم تیری تیژی خۆری بەیان

چوارده سوارەی قەڵای کۆیەی دێموکرات و کاروانە درێژەکەی شەهیدانی بە قەد باڵای مێژووم بەرز و سێ سوارچاکی سەرقافڵەی ئەو کاروانە، شان بە شانی پێشمەرگەکان، هەڵدەگەڕێن بە قەد پاڵی کەژ و کێو و دوند و شاخی وەڵاتی خۆر لە بڵێنترین لوتکەی وڵاتم دا گوڵی سەربەستی و ئاڵای پیرۆزی کوردستان دادەنێن و ئەوسا خۆر لە ئاسۆ دێتە دەرو ڕووناک دەکات دەشت و دۆڵ و شار و گوندی کوردستانی ڕۆژهەڵات، قیبلەی شەهیدانی دێموکرات

لە یادی یەک ساڵەی شەهیدانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات لە شاری کۆیە

-----------------

## هاوارە بەرە

هۆ هاوارەبەرە

هاواری من بەرە بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستان و پێ بڵێ، شمشاڵەکەی قاڵە مەرە بریندارە و هەواڵەکان مەوەستێنن هۆ هاوارە بەرە

هاواری من بەرە بۆ شێربەگی، بۆ خوشکە خەج، پێیان بڵێ، ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان وا زامدارە و سرنج بدەن سرنج بدەن مەوەستێنن

هۆ هاوارە بەرە

هاواری من بەرە بۆ پێشەوا، بۆ قاسملو، شەرەفکەندی، پێیان بڵێ، ڕێبوارانی ڕێبازەکەو، ڕازدارانی بە وەفاتان ، ڕەفیقانی بێ نازتان وا بەرێوەن بۆ پشوودان دێنە لاتان

قەڵای دم دم بریندارە و تینویەتی و ئاوی دەوێ *٢* مەلای جەزیری داستانەکەی مەم............ و زین لە کۆیە دەنوسێتەوە و تینویەتی و ئاوی دەوێ

هۆ هاوارەبەرە

هاواری من بەرە، بۆ منداڵانی لوتکەی ئومێد، بووکە بارانەی هیوایان ساز کردوە و هاوار دەکەن: بووکی ئازادی خوێنی دەوێ............ بووکە بارانە تینویەتی و ئاوی دەوێ

**هۆ هاوارە بەرە**

**هاواری من بەرە بۆ، رووبارو کانیاوەکانی رۆژهەڵاتی نیشتیمانم، پێیان بڵێ، رامەوەستن چاوێک لە باران داگرن با بباریێ، شەهیدانی ئەمجارەمان، کاروانەکە قەڵای کۆیە، قەڵای کۆیەی دێموکراتم تینویانە و ئاویان دەوێ، تینویانە و ئاویان دەوێ**


**دە ئێوەش، ئەی هەڵگرانی مەشخەڵی خەباتی شاخ و شارم، کاروانیانی رێگای سوری شەهیدانم، با هەمووامان بە یەکەوە، بە یەک دەنگ و بە یەک هەنگاو، تەرمی گیانی شەهیدانی سورخەڵاتی ئەو جارەمان، بە سەر بەرزترین لوتکە و چیای نیشتیماندا سەر بخەین، تا تیشکی خۆریان تێکەڵ بە ئاسۆی سەرکەوتن بێ و بە سەر هەموو شار و گوند و دەشت و دۆڵی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بێتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**



سەرچاوە
Serchawe

# خەرمانان و دوو ڕووداوی لەبیرنەکراو



**خالید حەسەنپوور**

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان بە هەموو تاڵی و سوێرییەکانی چووە نێو مێژووی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو ڕۆژەدا کۆماری ئیسلامی هەم هێرشی کردە سەر قەڵا وەک مەکۆی پارێزگاری لە تێکۆشەرانی دێموکرات و هەم بە ئێعدامی چەند ڕۆڵەیەکی تێکۆشەری سیاسیی کورد ویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات چاوترسێن بکا.

نەفسی ئەم کارە بێجگە لەوەی نیشانەی لێکگرێدراویی ئەو دوو بەستێنەیە، هەڵگری دوو پەیامیشە لەو پێوەندییەدا.

**یەکەم**؛ ویستی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵێ کە چیدی تەحەممولی گوتاری سیاسی و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی ناکا، و پێویستە سنوورێک بۆ هەڵسوکەوتی سیاسی و ڕێکخراوهیی ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێ.
**دوهەم**؛ ویستی بە خەڵکی کوردستان و لاوانی کورد بڵێ کە ئەگەر وەدوای حیزبی دێموکراتی کوردستان کەون بەرەورووی ئەو مەترسییانەش دەبنەوە. ڕێژیم لە خۆڕا قەڵای دێموکراتی بە ئامانج نەگرت. ئەم قەڵایە ئەگەر لە لایەک بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و حیزبی دێموکراتیش یەکێک لەو هێزانەیە کە گوتار و سیاسەت و پراکتیکەکەی لە نێو خەڵکدا زۆرترین پێشوازیی لێ دەکرێ، لەلایەکی دیکەوە ئەو قەڵایە سەمبولی خۆڕاگریی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتە. بۆیە ئەگەرچی ڕووی پەیامی کۆماری ئیسلامی دە قەڵایە، بەڵام لە ڕێگای قەڵاشەوە پەیامێکە بۆ هەموو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵە هەڵکەوتووەکانی حیزب لەو هێرشەدا، بێجگە لەوهی کەلێنێکی ڕێبەری و مودیریەتییە بۆ حیزب، کەلێنێکی گەورەشە بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان. هەرکام لەو شەهیدانە بەرهەمی سێ تا چوار دەیە تێکۆشانی هەمەلایەنە لە بەستێنی جۆراوجۆری خەباتی چەکداری، کاری مەیدانی و سیاسی و دیپلۆماسی و هەروها ڕێکخستن بوون. ئەو شەهیدانە لە ڕێژی ئەو تێکۆشەرانەدا بوون، کە بۆماوەی زیاتر لە دوو دەیە و نیو، ئەو کاتە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە نێو ڕکوودێکی سیاسیدا بوو، بە پشوودرێژی لەو بەستەڵەک و بنبەستەدا، بە هیواداری بە داهاتوو بەرگەیان گرت و ئاڵای بەربەرەکانییان شەکاوە ڕاگرت. هەر ئەوانە بوون کە بەرگەی تیری لۆمەی یار و نەیاریان گرت، کە تەوس و توانجیان تێ دەگرتن و پێیان دەگوتن کە لە ‹‹دەشتی کۆیە زەمینگیر بوون››؛بەڵام تەوس و توانجی هیچ لایهک کاری لەسەر ورەی پۆڵایین و پشوودرێژیان نەکرد، چونکە دهیانزانی کە لە کوێ ڕاوەستاون و چ ئاڵایهکیان بەدەستەوهیە. ئەوان و هاوڕێیهکانیان بە ئێسک و پێستەوە ئەوهیان دەرک کردبوو کە، بۆ ئەوەی دڵی حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی کاریگەر لە جووڵانەوەی کورد، لە لێدان نەکەوێ و بە گەشاوهیی بمێنێتەوە، پێویستە ئەوان ژیانی خۆیان بکەنە قۆچی قوربانی. بۆیە هەرچەند خۆڕاگری و فیداکاری هەرکام لەو شەهیدانە و هاوڕێ زیندووهکانیان لە گۆڕەپانەکانی شەڕ دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، لاپەڕهیهکی زێڕینە لە ژیانی ئەوان و حیزبەکەیاندا، بەڵام لەوەش گرینگتر مانەوە و خۆڕاگرییە لە نێو قەڵای دێموکرات لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا. ئەو خۆڕاگری و پشوو درێژییە بە سەرنجدان بە باندۆری سیاسی، ئیتلاعاتی و سەربازی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەدا، دەچێتە خانەی خۆڕاگرییهکی کەموێنە لە چەشنی خۆڕاگری قەڵای دمدمەوە.

یەکێک لەو لاپەڕە زێڕینانەی دیکە کە بەدوای ئێعدامی لاوانی کورد و مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا ڕووی دا، مانگرتنە گشتییەکەی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی گەلی کورد بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو مانگرتنە ئەگەرچی لەلایەن ناوەندی هێزەکانی کوردستانی ئێران بە ڕاوێژ دەگەڵ چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان لەنێوخۆ بانگەشەی بۆ کرابوو، بەڵام قووڵایی سیاسەتی درووست و ئوسوولی حیزبی دێموکراتی لە مهڕ خەباتی مەدەنی و جەماوەری دەرخست، کە نیزیکەی یەک دەیەیە بانگەشەی بۆ دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەڕەتی خوێندنەوهیهکی درووست لە بارودۆخی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و، هەڵسەنگاندنی وەزعی نیزامی ڕێژیم، خەڵکی کوردستان و هێزەکانی ڕۆژهەڵات، بەو ئاکامە گەیشت کە دەگەڵ ئەوەی خەباتی پێشمەرگانە و لەوەش بەربڵاوتر خەباتی چەکداری بهرامبەر بەو ڕێژیمە کە لە هەموو شێوازەکانی سەرکوت کەلک وەردەگرێ ڕەوایە، بەڵام بەسەرنجدان بە گۆڕانی پارسەنگی هێزی سەربازی بە سوودی ڕێژیم، پێویستە لە پتانسێلەکانی دیکەی خەبات و تێکۆشان دژی ڕێژیم و بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کەلک وەرگیرێ. گرتنەبەری سیاسەتێکی ئەوتۆ پەیوەندی بە دوو فاکتۆری دیکەوە هەبوو، کە یەکیان سیاسەتی ڕۆژهەڵات تەوەری و ئەوی دیکەش وێژمانێکی نوێ لهبارهی شێوازی خەباتی سیاسی - مەدەنی بوو. دەگەڵ ئەوی ئەو دوو تەوەرە پێوەندییهکی سروشتی



سەرچاوە
Serchawe

و دەکرێ بڵێین مەنتیقییان پێکەوە هەیە، بەڵام لە عەینی حاڵدا یەکیان بەستراوەتەوە بەوی دیکەوە. لەو هەلومەرجەدا بەتەنێ گوفتمانی خەباتی سیاسی - مەدەنی بە بێ دیاریکردنی چوارچێوەیەکی وەک ڕۆژهەڵات تەوەری زەحمەت بوو. چوونکە دەگەڵ ئەوەی ئەوشێوازە خەباتە پێش گوفتمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم و زۆر دەگۆڕێدا بوو. بەڵام هەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەم هێندێک لایەن خەریک بوون بەملاولادا بە لاڕێیدا ببەن. بۆیە وێژمانی ڕۆژهەڵات تەوەری لەلایەک خۆی کردە ساحەبی جووڵانەوەی مەدەنی - سیاسی کە لە حاڵی پەرەگرتندا بوو و، لەلایەکی دیکەوە نووکە ڕمبی ئەو شێوە خەباتەی لە نێوەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ دەرەوەی کوردستان گۆڕی و ڕووی پێ لە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی کرد. ڕەنگبێ ئەوە یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو چەند ساڵەدا بۆتە نووکی هێرشی کۆماری ئیسلامی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرککردنی ئەو ڕاستیە کە ڕێژیم لەو چەند دەیەی ڕابردوودا، هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە ئاستی ناوچەدا پەرەی ئەستاندبوو، و بە کردەوە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە بەستێنی خۆیان دوور خستۆتەوە، یان دەبوو تەسلیمی ئەو چارەنووسە بێ کە ڕێژیم بۆی هەڵبژاردووە و لە چوارچێوەی بازنەیەکی داخراودا بسووڕێتەوە، یان دەبوو ئەوچارەنووسە بگۆڕێ و بە سەر ئەو ئۆردووگایانەدا لە ڕووی فکرییەوە باز بدا و، سیاسەت بەرێتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دەور و نەقش بداتەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەوە بوو کە تاکتیکی کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی وەک تەوەری سەرەکی خەبات و تێکۆشان بۆ خەڵک دەستنیشان کرد، کە ئەو شێوازە بەکردەوە دەگەڵ هەلومەرجی خەباتەکە و ژیانی خەڵکەکە دەگونجا. بەو کارەش حیزبی دێموکرات هەنگاوێکی درووستی لە ڕێگایەکی درووست هەڵێناوە. ئەگەرچی بانگەشەی مانگرتنی گشتی لە لایەن ناوەندی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتە کایەوە، بەڵام بێگومان ئەو مانگرتنە بەبێ ژێرساختێک کە لە سەر شانی چالاکانی مەدەنی پێکهاتووە و هەروەها ئینتیمایەکی کە ئەو ژێرساختە لە ڕووی سیاسییەوە دژی ڕێژیم هەیبوو، نەدەهاتە دی. ئەوە هەمان جووڵانەوەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە تەشویق و هاندانیدا دەوری هەبووە و زۆرجاریش لەسەری پیاوخراپ بووە.

لە ڕاستیدا ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دۆست و دوژمن چاوی بە هەستانەوەی گەلێک کەوت کە کوشتاری بەکۆمەڵ، ئێعدام و ئەشکەنجەی ڕۆڵەکانی و لێدانی سەری بزووتنەوەکەی، هێشتا لە پێی نەخستووە و بە بەژنی بریندار و شەلاڵی خوێنەوە، خەریکە بە گژی ڕکەبەرەکەیدا کە کۆماری ئیسلامییە دهچێتەوە. ئەوە وەک داستانی ئەو قارەمانەی مشتەکۆڵە دەچێ، کە دوای ئەوەی ١٢ ڕاند لە ژێر زەبری ڕکەبەرەکەی دایە، لە ڕاندی سێزدە لە حاڵێکدا ئارەقە و خوێن لە هەموو لەشی دەتکێ، بە هێزی بیروباوەڕ خۆ دەگرێتەوە و ڕووبەڕووی حەریفەکەی دەبێتەوە و بە سەریدا زاڵ دەبێ و شکستی دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

# چالاکیی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی ١٧ی خەرمانان لە بانە




لە بەرەبەری یەکەمین ساڵرۆژی کردەوە تیرۆریستییەکەی سپای پاسداران و هێرشی هەوایی بۆ سەر قەڵای دێموکرات، لە شاری بانە بە مەبەستی مەحکوومکردنی سەرلەنوێ کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی کردن لە تێکۆشەرانی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغی کرا.

لەو چالاکییەدا بەشێک لە لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار بەو کارەساتە، یادوناوی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانیان بەرز ڕاگرت و بۆ جارێکی دیکە ڕایانگەیاند کە قەڵای دێموکرات، قەڵای خۆڕاگری خەڵکی کوردستانە.


کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە خەڵکی خەمخۆری کوردستان، بەتایبەتی خەڵکی ئەمەگناسی شاری بانە دەکا و، سڵاویان بۆ دەنێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شاری ئەیوان




لە شاری ئەیوان سەر بە پارێزگای ئیلام بە بۆنەی یەکەمین ساڵی کارەساتی دڵتەزێنی ١٧ ی خەرمانان چالاکیی تەبلیغی کرا.

لەو چالاکییە تەبلیغییەدا لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئەیوان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار بۆ جارێکی دیکە بکەرانی کارەساتی ١٧ خەرمانانیان مەحکوومکرد.

شەوی ڕابردوو ١١ی خەرمانان ٩٨ی هەتاوی لایەنگرانی و خەمخۆرانی بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان لە شاری ئەیوانی سەربەرز لە چەندین شوێنی بەرچاوی ئەو شارە بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکت هاوکات لەگەڵ هێرشی هەوایی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و شەهیدکردنی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە، لە سێدارەدانی سێ لاو و بەندیی سیاسیی کوردیان وەبیرهێناوەتەوەو پشتیوانی خۆیانیان لە قەڵای دێموکرات و سەرجەم ئازادیخوازانی کورد دەربڕیوە.
ئەو شوێنانەی لە شاری ئەیوان کە تێیدا چالاکیی تەبلیغی کراون بریتین لە ؛ کۆڵانی تەنیشت تونێل قەدیم، تابلووی سەراو، شارەکی ئەندێشە، تابلووکانی تونێلی تازە، لە گەڵ چەندین شەقام و گەڕەکی دیکەی شاری ئەیوان.

شیاوی باسە ساڵی ڕابردووش لە ٢١ خەرمانان لە هەڵوێستێکی بێوێنەدا تێکڕای خەڵکی کوردستان بە مانگرتنی خۆیان کردەوەی تیرۆریستی ١٧ خەرمانان و لە سێدارەدانی سێ لاوی کوردییان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## یادکردنەوە لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شاری سەحنە



لە شاری کوردپەروەری سەحنە لە پارێزگای کرماشان یادی شەهیدانی کارەساتی ١٧ی خەرمانان، بەرز ڕاگیراو بۆ جارێکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکوومکرد.

لە درێژەی چالاکییەکان بە بۆنەی یەکەمین ساڵڕۆژی هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهیدبوونی پۆلێک کادرو پێشمەرگەی ئەو حیزبە، ڕۆژی ڕابردوو ١١ی خەرمانانی ٩٨ی هەتاوی لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەحنەی کرماشان بەهەڵکردنی مۆم و دانانی وێنەی شەهیدان و چەپکە گوڵی سوور، وێرای بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە دڵهەژێنە، وەفاداریی خۆیانیان بە ڕێبار وئامانجی شەهیدانی کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان دووپات کردەوە.
لەو چالاکییە تەبلیغییەدا کۆمەڵێک پۆستێر و تراکتی پێوەندیدار بەساڵیادی هێرشی هەوایی بۆ سەر قەڵات دێموکرات ، لە نێو شار سەحنە بڵاوکرایەوە.

شایانی باسە لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دووپارێزگای گرینگ و هەستیاری کرماشان و ئیلام چەند ساڵە پێشەنگی چالاکییە تەبلیغییەکانن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە بۆنە نەتەوەییەکاندا بەڕێوەدەچێ و ئەمساڵێش لە بەرەبەری یەکەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان لە شارەکانی ئیلام و کرماشان چالاکییەکانی تایبەت بەو یادە دەستی پێکردووە هەربۆیە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان سپاس وپێزانینی خۆی پێشکەش بە لانگران و تێکۆشەرانی دێموکرات لە کرماشان و ئیلام دەکا و سڵاویان بۆ دەنێرێ.

سەرچاوە:ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شاری تاران





دۆستانی و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشتەجێی شاری تاران، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات بۆ جارێکی دیکە بکەرانی کارەساتی ١٧ خەرمانانیان مەحکووم کرد.

ڕۆژی ڕابردوو ١١ی خەرمانانی ٩٨ی هەتاوی لایەنگران و خەمخۆرانی بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان لە شاری تاران، پایتەختی ئێران ، لە چەندین شوێنی بەرچاوی ئەو شارە بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکت بە نیشانەی هاوخەمی و دژ بە هێرشی مووشەکیی بۆ سەر قەڵای دێموکرات لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شەهیدکردنی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە و لە سێدارەدانی سێ لاو و بەندیی سیاسیی کوردیان وەبیرهێناوەتەوە و پشتیوانی خۆیان لە قەڵای دێموکرات و سەرجەم ئازادیخوازانی کورد دەربڕی.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە کوردانی دێموکراتدۆستی نیشتەجێی تاران دەکا و سڵاویان بۆ دەنێرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## چالاكیی ته‌بلیغی له‌ به‌ بۆنه‌ی كاره‌ساتی ١٧ی خه‌رمانان له‌ شاری بانه‌




له‌ شاری دێموكراتدۆستی بانه‌ به‌ بۆنه‌ی یه‌كه‌مین ساڵڕۆژی كاره‌ساتی مووشه‌كبارانی قه‌ڵای دێموكرات و شه‌هیدبوونی پۆلێك كادرو پێشمه‌رگه‌ی حیزبی دێموكراتی كوردستان چالاكیی ته‌بلیغی به‌ڕێوه‌چوو.

شه‌وی ڕابردوو ١٣ی خه‌رمانانی ٩٨ی هه‌تاوی له‌ به‌ره‌به‌ری ١٧ خه‌رماناندا به‌شێك له‌ لایه‌نگران و دۆستانی حیزبی دێموكراتی كوردستان له‌ شاری بانه‌ به‌به‌رباڵاوی تراكت و نووسراوه‌ی پێوه‌ندیداریان به‌و بۆنه‌وه‌ بڵاو كردوه‌.

له‌و چالاكییه‌دا لایه‌نگرانی و دڵسۆزانی حیزبی دێموكراتی كوردستان له‌ شاری بانه‌ به‌ نووسینی دروشمی شۆڕشگێرانه‌ بۆ جارێكی دیكه‌ كۆماری ئیسلامی و سپای پاسدارانیان مه‌حكوومكرد و هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ سه‌رجه‌م شه‌هیدانی كوردستان به‌تایبه‌تی شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان په‌یمانی وه‌فادارییان نوێكرده‌وه‌.

ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دێموكرات له‌ شاری بانه‌ ڕایانگه‌یاند كه‌ "بانه‌، قه‌ڵای دێموكراته‌و مه‌رگ و نه‌مان بۆ كۆمار ئیسلامیی ئێران.
كۆمیسیۆنی ته‌شكیلاتی حیزبی دێموكراتی كوردستان سپاس و پێزانینی خۆی پێشكه‌ش به‌ سه‌رجه‌م تێكۆشه‌رانی دێموكراتدۆست له‌ نێوخۆی وڵات، به‌تایبه‌تی له‌ شاری بانه‌ ده‌كا.

سه‌رچاوه‌: ماڵپه‌ڕی كوردستان و كورد - ڕێكه‌وتی: ٥ی سێپته‌مبه‌ری ٢٠١٩

## یادکردنەوەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شاری سنە



لە شاری سنەو چەند ئاوایی دەوروبەری ئەو شارە بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی کارەساتی هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکرات چالاکیی تەبلیغی کراو لەو ڕێگایەوە یادو ناوی شەهیدانی ١٧ی خەرمامان بەرزڕاگیرا.

لە درێژەی چالاکییەکان بە بۆنەی ١٧ی خەرمانان شەوی ڕابردوو ١٦ی خەرمانانی ٩٨ی هەتاوی لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سنە لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان، بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکوومکرد.

بەشێک لە دۆستانی وەفادار بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەقام و گەڕەکەکانی فەیزاوا، شارەکی بێعسەت و چەند کوڵان و شەقامی دیکەی شاری سنەو هەروەها ئاوایی نەنەڵە، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی تایبەت بە شەهیدانی ١٧ خەرمانان ڕایانگەیاند کە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان قەڵای دێموکراتەو ئەوانیش پشت و پەنانی تێکۆشەرانی دێموکراتن.
کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان سپاسی لایەنگرانی خۆی لە شاری سنەی خوێناوی دەکا و سڵاویان بۆ دەنێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ دوویەمین جار لە شاری شنۆ بۆ یادی ١٧ی خەرمانان چالاکیی تەبلیغی کرا




دەستەیەکی دیکە لە لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی ١٧ی خەرمانان لە ناوچەی شنۆ چالاکیی تەبلیغییان کرد و سەرلەنوێ کۆماری ئیسلامییان مەحکوومکرد.

شەوی هەینی ١٥ لەسەر ١٦ی خەرمانان دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی شنۆ چالاکییەکی دیکەیان بەڕێوەبرد و بەوشێوەیە وەفاداریی خۆیانیان بە شەهیدانی حیزب و گەل سەلماند و بۆ جارێکی دیکە سپای پاسدارانیان ڕیسوا کرد.

ئەو شوێنانەی کە تێیدا چالاکیی تەبلیغی کراوە بریتین لە فەلەکەی ترمیناڵ، شنۆ، نلیوان و ورمێ، ترمیناڵ ورمێ، شنۆ، مەدرەسەی شاوانە، مەیدانی سیامەند ڕەحمان و چەندین گەڕەک و شوێنی دیکە شاری شنۆ و دەوروبەری ئەوشارە.
هەروەها شەوی پێنجشەممە ١٤ لەسەر١٥ لە هەڵمەتێکی دیکەدا ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شنۆ لەنێوان شارەدێی نەڵۆس و چەپەراوێ سەر بەشاری شنۆ ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە دروشمی بژی دێموکراتیان بڵاو کردووتەوە کە دواتر هێزێکی زۆر بۆ کۆکردنەوەی ئاڵای کوردستان ڕەوانەی نەڵۆس کراوە.

.کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و پێزانین لە سەرجەم خەڵکی کوردستان بە گەرمی دەستخۆشی لە تێکۆشەرانی چاونەترسی حیزبی دێموکرا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## مەحکوومکردنی جەنایەتی ١٧ی خەرمانان لە شاری قەسری شیرین




لە شاری دێرینی قەسریشرین لە پارێزگای کرماشان بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکرات چالاکیی تەبلیغی کرا.

لەو چالاکییەدا لاوانی بە هەست وهەڵوێست و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەسری شیرین ناوەندە ئەمنی و ئینتزامییەکانیانی ئەو شارەیان کردە ئامانج و دروشمی شۆڕشگێرانەیان لەسەر نووسی.

شەوی ڕابردوو ١٦ خەرمانان لە نێو شاری قەسریشیرین تراکت و نووسراوەی تایبەت بە هێرشی هەوایی بۆسەر قەڵای دێموکرات و شەهید و بریندار بوونی پۆلێک کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبە بڵاوکرایەوەو لە دروشمەکانی خۆیاندا بە توندی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکوومکرد.

لەو دروشمانە کە بە هیمەتی لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوشاری قەسری شیرین نووسراوە ،١٧ی خەرمانانیان بە کردەوەیەکی ترسنۆکانە لە ئاستی گەلی کورد لە قەڵەم داوەو، لە هەمبەر شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە وەفادارییان نواندوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و پێزانین لە سەرجەم لایەنگرانی ئەو حیزبە لە پارێزگای کرماشان ، ڕێز لە لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری قەسریشیرین دەگرێ و، سڵاویان بۆ دەنێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## یەکییەتی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١ ساڵەی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات سیمینارێکی بەڕێوەبرد




سەرەتای سیمینارەکە بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدانی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بە ساتێک بێدەنگی دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێوەبەری سیمینارەکە ئاماژەی بە چۆنیەتی و شێوەی ڕوودانی کارەساتی ١٧ی خەرمانان کرد بۆ بەرچاو ڕوونی ئامادە بووان، ئامارێکی لە شەهید و بریندارانی ئەو ڕۆژە خوێندەوە و دواتر وتەی کردنەوەی سیمینارەکە لە لایەن خاتوو شلێر مەحموودی پێشکەش کرا کە تێیدا باس لە ڕۆڵی شەهیدان نەسرین حەداد و سۆهەیلا قادری لە ناو حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەی یەکیەتی ژنان کرا و لە بەشێکی دیکەی باسەکەدا دەوری ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە و بە تایبەت بریندارانی ئەو کارەساتە لە بەر دەوامبوون لە ئەرک و چالاکییەکانی پاش موشەکبارانی بەرز نرخاند.

پانێلی یەکەمی ئەم سمینارە، لە لایەن خاتوو شەونم هەمزەیی چالاکی بواری ژنان و ئەندامانی یەکییەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ناوی ژنی کورد و خەباتەکەی لە دوو سەنگەری بە بایەخدا پێشکەش کرا.


خاتوو شەونم بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی خەباتی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵات باسەکەی دەستپێکرد و پاشان پرژایە سەر کاروچالاکی ژنانی کورد لە دو بوواری نەتەوەیی و ڕەگەزی و بەچڕی باسی لە چالاکی ژنانی ناوخۆ لە ڕۆژهەڵات بە شێوەی مەدەنیانە کرد.

پانێلی دووهەم لە لایەن هاوکار ڕەندیخانی سەرۆکی ڕێکخراوەی چەتر لە ژێر ناوی ڕۆڵ و پێوەندی شەهید سۆهەیلا قادری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی باشوور پێشکەش کرا. بەڕێز هاوکار ڕەندیخانی ئاماژەی بەو کار و چالاکییانە کرد لە ماوەی سکرتێری خاتوو سۆهەیلا لە ڕێکخراوەی یەکییەتی ژنان بە هاوبەشی ئەنجامدراون و زیاتر باسی لە ئازایەتی و ماندوویی‌نەناسی شەهید سۆهەیلا و ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی کرد و پێی وابوو کە شەهیدان نەسرین و سۆهەیلا نموونەیەکی جوان لە ئازایەتیی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

پانێلی سێهەم و کۆتایی لە لایەن خاتوو موژگان عەلیپوور ئەندامی بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوەیە پێشکەش کرا، خاتوو موژگان باسێکی لە مێژووی سیاسیی خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵات کرد وپێی وابوو کە ئەو مێژوو پڕ لە سەروەرییە پێویستی بە هەڵوێست و خوێندنەوەی نوێ هەیە و ژنانێکی خەباتکاری زۆر لە ئەو ڕێگایە هەبوون کە ناویان وەک سەربازی ون بە شاراوەیی ماوەتەوە و باهەوڵەکان بۆ ناساندنی شەهیدانی ڕێبەر نەسرین و سۆهەیلا زیاتر خەمخۆر بین تا بە جیهان بناسرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## چالاکیی تەبلیغی لە شاری ئیلام بەبۆنەی ساڵڕۆژی کارەساتی ١٧ی خەرمانان




لە شاری کوردپەروەری ئیلام بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو و بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامییان مەحکوومکرد.

دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ لە کارەساتی دڵتەزێنی موشەکبارانی قەڵای دێموکرات و شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگە بەبیر و باوەڕەکانی حیزبی دێموکرات، لایەنگران و ئەندامانی ئازای دێموکرات لە شاری سەربەرزی ئیلام چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد و بۆ جارێکی دیکە پەیمانی وەفا و بەڵێنیان لەگەڵ شەهیدان و ڕێبازی خەباتی حیزبی دێموکرات زیندوو کردەوە و هەروەها کۆماری ئیسلامییان مەحکوومکرد.

لە شەو و ڕۆژانی ڕابردوو بە بۆنەی ١٧ی خەرمانان ، هاوڕێیان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری ئیلام بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسینی درووشم لە شەقام و کۆڵانەکانی نێو شار و بڵاو کردنەوەی نووسراوەی تایبەت بە ساڵیادی کارەساتی دڵهەژێنی مووشەکباران بۆ جارێکی دیکە سەلماندیان کە وەکوو بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا کۆتایی و ڕۆژی سەربەستیی گەل و نیشتمان بە حیزبی دێموکرات و ڕێبازی دوور و درێژی شەهیدان وەفادارن و هەردەم پاڵپشتی تێکۆشەرانی دێموکراتن.


کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پێسکەش کردنی سپاس و پێزانین بۆ سەرجەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری ئیلام، دەستخۆشییان لێدەکا و سلاویان بۆ دەنێرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## چالاکیی تەبلیغی لە شاری دێموکراتدۆستی ڕەبەت بەبۆنەی یەکەم ساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری قارەمانی ڕەبەت شەوی ڕابردوو ١٦ لەسەر ١٧ی خەرمانانی ٩٨ی هەتاوی بەبۆنەی یەکەم ساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە شاری ڕەبەت و دەوروبەری، چالاکیی تەشکیلاتییان بەڕێوە برد و یاد و ناوی شەهیدانی حەڤدەی خەرمانانیان بەرز ڕاگرت و کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد.

لەو چالاکییەدا بە بڵاو کردنەوەی کارت و پۆستێری تایبەت بە ساڵرۆژی ١٧ی خەرمانان، لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڕەبەت لە گەڵ ئامانج و ڕێبازی شەهیدان پەیمانی وەفادارییان نوێکردەوە.

هەر بەم بۆنەوە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستخۆشی لە سەرجەم ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری ڕەبەت دەکا و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## کرانەوەی پێشانگای شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە قەڵای دێموکرات



ئەمڕۆ یەکشەممە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، بەرابەر بە ٩ی سێپتامبێری ٢٠١٩ زایینی، پێشانگای وێنەی شەهیدان و ئاسەواری مووشەکبارانی قەڵا کرایەوە.

پێشانگای وێنە و کەلوپەل و ئاسەواری مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات بە بەشداریی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کرایەوە.

لەو پێشانگایەدا جل و بەرگی خاکی پێشمەرگایەتی، پووزەوانە و چەک و ڕەختی پێشمەرگە شەهیدەکان، کارتی پێناس، کڵاو و جامانە، پێنووس و چاویلکەکانی خوێندنەوەی پەرتووک و ڕۆمانەکانی خۆڕاگری، ڕادیۆی سەردەمی حەماسەکانی شاخ و شەڕ و بەربەرەکانی، وێنە بەجێماوەکانی پێشگیانبەخشین، لەوحی تەقدیر و ڕێز لینانی ڕۆژانی فیداکاری و سەروەری، پێڵاوە بەجێماوەکانی شاخ و ئەو کاتژمێرانەی کە ئیتر لەگەڵ دڵی شەهیدەکان لە کار کەوتن.

لە بڕگەیەکی دیکەی کرانەوەی پێشانگاکەدا، بەڕێز مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان قسەی بۆ بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان کرد و ناوبراو وێڕای هاودەردی و بەداخبوون بۆ لە دەستچوونی ڕۆلەکانی گەلەکەمان، باسی لە کارەساتی مووشەکبارانی قەڵا و درێژەدان بە ڕێگەی شەهیدان و بەردەوامبوون لە خەباتدا کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەدا بە ناشتنی ١٦ نەمام لە لایەن کەسوکاری شەهیدانەوە لە یادی ١٦ شەهیدەکەی مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕاتدا کۆتایی بە کرانەوەی پێشانگاکە هات.

شایانی باسە کە لە داهاتووشدا ئەو پێشانگایە بەڕووی میوانەکان و سەردانکەراندا ئاواڵەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## لە شاری بانە بۆ جارێکی دیکە یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بەرزڕاگیرا




بۆ سێیەمین جار لە شاری بانە بە بۆنەی کارەساتی ١٧ی خەرمانان چالاکیی تەبلیغی کرا.


بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی کارەساتی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهید بوونی پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکڕات و برینداربوونی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی نێو بنکەکانی حیزب، بە دەستی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەستەیەکی دیکە لە ئەندامان، دۆستان و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بانە و چەندین شوێنی دەوروبەری شاری بانە، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

جێگای سەرنجە کە دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەوی ١٦ لەسەر ١٧ی خەرمانان، لە شارەدێی کانی سوور، گوندی سیاوەمە، گوندی بەنەژاژ و دووڕای کانی هەڵووژە، کانی بەرز، هەمزەلان، ماماڵ، نوێژگە، کوێزەلی و دەوروبەری پاسگای زەرواوی خوارەوو و چەندین شوێنی دیکە ناوچەی بانە چالاکیان بەڕێوە بردووە و لەگەڵ یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان بەتایبەت شەهیدانی ١٧ی خەرمانان پەیمانی وەفاداریان نوێ کردەوە. هەروەها لەو چالاکییانەدا بە نووسینی دروشم و ڕاگەیەندراوی تایبەت، کۆماری ئیسلامییان بۆ جارێکی دیکە مەحکووم و شەرمەزار کرد.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان سپاس و پێزانینی دووبارەی خۆی پێشکەش بە لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات، بەتایبەتی خەڵکی دێموکراتدۆستی بانە دەکا و سڵاویان بۆ دەنێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## چالاکیی تەبلیغیی لە ناوچەی لەیلاخ بە بۆنەی ١٧ی خەرمانان





ئەندامان و لایەنگران و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بلوانـاوەی نـاوچەی لەیلاخـی سنە بە بـۆنەی ١٧ی خەرمانـان، بـۆ نـوێکردنەوەی پەیمـانی وەفـا لەگەڵ شـەهیدان و ئیـدانە کردنـی مووشـەکبارانی قەڵای دێمـوکڕات لە سـاڵی رابـردوودا، چـالاکیی تەبلیغییـان بەڕێـوە بـرد و کۆمەڵێـک دروشـمی وەک ڕێبـازی قاسملوو درێژەی هەیە، قەڵای دێمـوکڕات نـاڕووخێ، ڕێگای شەهیدانی ١٧ی خەرمانان درێژەی هەیە و کوردستان قەڵای دێموکڕاتە لە نێـو ئەو شـارەدێیە بڵاوکـردەوە و بۆ جارێکی تر بە دژمنیـان سەلماند کە ئەگەر قەڵای دێموکڕات لە باشووری نیشتمان مووشـەکباران دەکرێ و تێکۆشەرانی دێموکرات تێرۆر دەکرێن، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕیشەی لەنێو خاکی ڕۆژهەڵات و خۆشەویستی ئەو حیزبە لە نێـو دڵـی خەڵکی کوردستـاندایەوە و بە تێـرۆر و مووشەکباران نە پێگەی حیزبـی دێمـوکرات لاواز دەبـێ و نە ئەو حیـزبە لەنێـو دەچێ.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان سـپاس و پێزانینـی دووبـارەی خـۆی پێشکەش بە لایەنگرانـی حیزبـی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات، بەتـایبەتی خەڵکی شاری بلوانـاوا دەکات و سڵاویان بۆ دەنێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## چالاکیی تەبلیغی لە شاری ئیلام بەبۆنەی ساڵڕۆژی کارەساتی ١٧ی خەرمانان




لە شاری کوردپەروەری ئیلام بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو و بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامییان مەحکوومکرد.

دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ لە کارەساتی دڵتەزێنی موشەکبارانی قەڵای دێموکرات و شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگە بەبیر و باوەڕەکانی حیزبی دێموکرات، لایەنگران و ئەندامانی ئازای دێموکرات لە شاری سەربەرزی ئیلام چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد و بۆ جارێکی دیکە پەیمانی وەفا و بەڵێنیان لەگەڵ شەهیدان و ڕێبازی خەباتی حیزبی دێموکرات زیندوو کردەوە و هەروەها کۆماری ئیسلامییان مەحکوومکرد.

لە شەو و ڕۆژانی ڕابردوو بە بۆنەی ١٧ی خەرمانان ، هاوڕێیان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری ئیلام بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسینی درووشم لە شەقام و کۆڵانەکانی نێو شار و بڵاو کردنەوەی نووسراوەی تایبەت بە ساڵیادی کارەساتی دڵهەژێنی مووشەکباران بۆ جارێکی دیکە سەلماندیان کە وەکوو بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا کۆتایی و ڕۆژی سەربەستیی گەل و نیشتمان بە حیزبی دێموکرات و ڕێبازی دوور و درێژی شەهیدان وەفادارن و هەردەم پاڵپشتی تێکۆشەرانی دێموکراتن.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پێسکەش کردنی سپاس و پێزانین بۆ سەرجەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری ئیلام، دەستخۆشییان لێدەکا و سلاویان بۆ دەنێرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## خۆپیشاندانی ئەندام، دۆست و لایانگرانی حدک لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلەندەن




ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٨ی سپتامبری ٢٠١٩ کاتژمێری ٢ی پاشنیوەڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بە مەبەستی ڕیسوا کردنی ٢٧مین ساڵیادی تیرۆی ناجوامێرانەی ڕێبەری زانا و هەمیشە زیندوو، دکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەرێستورانی میکۆنوس و هەروەها یەکەمین ساڵوەگەری مووشەکبارانی قەڵای هەمیشە خۆڕاگری دێموکرات بە دەستی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی، خۆپیشاندانێکیان بەبەشداری سەدان کەس لە ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزب و نوێنەری چەند ڕێکخراوی دۆست و هاوپەیمان، لە بەر دەم باڵوێزخانەی ڕژیمی ئیسلامی لە شاری لەندەن ڕێکخست.

ئەم خۆپیشاندانە گەورەیە بە چرکەیەک بێدەنگی لەلایەن بەشداربوانەوە دەستی پێکرد و دواتر سروودی ئەی ڕەقیب و دواتر سروودی ئەی شەهیدان لەلایەن بەشدار بووانەوە دەستپێکی بەرنامەکە بوو پاشان بەرێز کەیوان شێرزاد بە کورتی باسی سیاسەتی ٤٠ ساڵەی ڕژیمی تێرۆریستی ئێرانی دژ بە حیزبی دێموکرات وگەلی کورد کرد و چۆنێتی تیرۆری دکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی وە هەروەها مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و تەقینەوەکەی شەوی یەلدای خوێناوی و هەروەها شەهید کردنی ٤ ئەندامی حیزبەکەمان لە حەوتووی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ئەو ڕژیمە فاشیستە بۆ بەشداربووان هێنایەوە بەرباس. هەڵکردنی مۆم بەنیشانەی ڕێزو وەفا بۆشەهیدان لەلایەن بەشداربووانەوە بەشێکی دیکەی ئەو خۆپیشاندانە بوو.

دواتر خۆپیشاندانەکە بە دروشمی جۆراوجۆری کوردی و فارسی و ئینگلیزی هەروەها چەندین پەخشان و سروودی شۆڕشگێری

بۆ مەحکومکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستیانە درێژەی کێشا.

بەرێز ئەدیسۆن فەرامەرزی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکەشی بەشدار بووان کرد

له بەشێکی دیکەی خۆپیشاندانەکە بەرێز حافز فازلی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی تەزامون ئەهواز بەنوێنەرایەتی شورای دێموکراسی خوازان ووتەیەکی لەو پێوەندیەدا پێشکەش کرد و وێرای مەحکوم کردنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات،جەختی لەوەکردەوە کە هەموو نەتەوەکانی ئێران دەبێت دژی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکرەنگ و یەکدەنگ بن.

له کۆتایی بەرنامەکە بەرێز کاوە مودەرسی لەلایەن کۆمیتەوە سپاسی بەشداربووانی کرد و بەڵێنی دا بە خوێنی شەهیدان کە تا دوا هەناسە بەردەوام بن لە خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

جێگای ئاماژەیە کە شوێنی خۆپێشاندانەکە بەئالا و ئارم و دروشم و وێنەی رێبەرانی شەهید و هەروەها وێنەی مووشکبارانی ١٧ی خەرمان و هەروەها پەیامێک بەئینگیزی لەسەر رووداوەکەی ٨ی سپتامبر لەنێو خەلکانی بیانی بلاوکرایەوە.

کاتژمێری ٤ی پاشنیوەرۆ کۆتایی بە خۆپێشاندانەکە هات.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا

**ده‌قی په‌یامی کاک ئیدیسۆن فه‌رامه‌رزی به‌رپرسی کۆمیته‌ی حیزب له‌بریتانیا له خۆپیشاندانه‌که:**

**بیرورای گشتیی جیهان**
**کۆڕوکۆمه‌ڵه مرۆڤ دۆسته‌کان**
**به‌شدارانی ماف خواز له بزووتنه‌وه‌ی کوردان**
**به‌شدارانی به‌ڕێز، تێکۆشه‌رانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان**

لێره کۆبووینه‌وه، هه‌تا له‌یه‌که‌مێن ساڵیادی کاره‌ساتێکی سامناک و دژی گه‌لی، که له ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی به‌رانبه‌ر به ١٧ی خه‌رمانانی ١٣٩٧ی هه‌تاوی خولقێنرا، رێز بگرین و زۆر به‌رزی بنرخێنیین. له‌و رۆژه دا، رێژیمی سه‌ره‌ڕۆیی دینی و دژی گه‌لی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ زه‌برلێدان له بزووتنه‌وه‌ی گه‌لی کورد له رۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌گشتیی و له حیزب و رێکخراوه سیاسی و مافخوازه‌کانی، ئه‌و گه‌له‌ی به‌تایبه‌تی کرده ئامانجی جینایه‌تکارانه‌که‌ی.

که‌رسه و چه‌که مودێرنه‌کانی نزیک دوو ده‌یه‌ی سه‌ده‌ی بیستویه‌کمی کۆماری ئیسلامی ئێران، که به ئیمکانی و پووڵی ده‌یان میلیۆن که‌س له گه‌لانی ئێران که بۆ به‌رگری له ئاست شه‌ڕی وڵاتانی هێرشکارده‌بوو که‌لکی لێوه‌رگریَ، سه‌دان کیلومێتر دوور له جوغرافیای ئه‌و وڵاته، دێموکراته‌کان - که به‌ته‌مه‌نترین تێکۆشه‌ران و فیداکارترین رۆڵه‌کانی ئه‌و گه‌له‌یان له مێژووی پڕ له شانازی رێبازی کۆماری کوردستان و ویست و داخوازییه‌کانی خه‌ڵک له رۆژهه‌ڵاتی کورستانیان له مێژووی پڕ که‌ند و کۆسپی خه‌بات دا، هه‌بوه و هه‌یه - به‌کار هێنا.

پلینۆمی سیاسی و پڕ باسی رێبه‌ری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، که زۆر ژیرانه و ژیربێژانه، له فه‌زایه‌کی مه‌ده‌نی و کاری رۆژانه‌ی خۆی له قه‌ڵای دێموکڕات دا، ده‌رد و مه‌ینه‌تییه‌کانی گه‌لانی ئارایی له ئێرانیان تاوتویَ ده‌رکرد و سه‌باره‌ت به به‌هێزکردنی ناوه‌نده هاوبه‌شه‌کانی پێک هاتوویی سه‌رانسه‌ری و ناوچه‌یی و چۆنیه‌تیی به‌رفراونکردنیان، و له‌نێو ئه‌وان دا، لێک نزیک کردنه‌وه‌ی هێز و لایه‌نه خه‌باتکاره‌کانی کورد له چوارچێوه‌ی ناوه‌ندی هاوکاری دا، تاوتویَ ده‌کرد، به فڕه‌که‌کانی بێفڕکه‌وان و مووشه‌که‌ی بالیستیکه دوورهاوێژه‌کانی سپای پاسداران، هێرشی زۆر دڕدانه و تێرۆریستی پێکرا.

له‌وهێرشه قین له‌دڵه نیزامییه دا، به‌داخه‌وه حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان - که پتر له ١٢ ساڵه ژیربێژانه و مه‌نتیقی - له هه‌موو ره‌هه‌نده‌کانی تێکۆشان له نێوخۆی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان، به بیر و ته‌دبیری رێبه‌ری، کادر و پێشمه‌رگه‌کانی، له باشووری کوردستان و ده‌ره‌وه‌ی نیشتیمان، به پشتیوانی ئه‌ندامان، خه‌ڵک، لایه‌نگر و دۆستانی، کاریگه‌ری گرینگی له‌نێو



سه‌رچاوه Serchawe

کورد و ناکوردەکان و کوڕ و کۆمەڵە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانی بیانی داناوە و بەرەو نیهادینە بوونی شوناس و ئادرەسێکی بەتوانا، هەنگاوێ زۆر مەزنی ناوە، گەورەترین قوربانی کردەوە شۆڕشگێڕیەکانی بۆوە.

لەو هێرشە پڕ شوورەیی و دژی مرۆڤانە دا، دوژمن کە سەری سەودا سەری ئازادی رێبەری حیزبی دێموکڕاتی بەتەواوی مەبەست بوو، بەداخەوە ١٦ کەس لە باشترین رۆڵەکانی گەل - کە قاڵبووی ماوەی تێکۆشانی سەخت و دژواری ٤٠ ساڵەی قوتابخانەی دێمۆکڕات بوون- و لەنێو ئەوان دا، ٦ ئەندامی رێبەری و لەنێو رێبەریش دا، دوو ژنە تەوار ئاسای بەرزفڕی دێموکڕات، بەداخەوە گیانیان لێ ئەستێندرا. نزیکەی ٥٠ کەسیش برینی جۆراجۆریان تووش کرا. دیسان بەداخەوە لە نێو بریندارەکانیش دا، بەڕێوەبەران و تێکۆشەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان- کە رێبەرە کانی کۆن و نوێیەکەیان خەڵتانی خوێن کرابوو - تەنانەت ژمارەیەک لە منداڵەکانیشیان، زۆر قورس زامدار بوون.

هەروەها، لەو هێرشە ڤێزوەنە دا، بەداخەوە دوو پێشمەرگەی حدکاش گیانیان لێ ئەستێندرا. کاروانی شەهیدانی ئەمجارە ی دێموکڕاتەکان، لە ٢٠ کەس نزیک بۆوە.

کارەساتی ١٧ی خەرمانان بەشێکی دیکەی زۆر جێی تێرامانی هەبوو. بەرەبەیانی ئەو رۆژە سێ لاوی کوردی تێکۆشەر و ناڕازی مەدەنیی - کە دوو کەسیان زانیار و لوقمانی مرادی - دوای نزیکە ١٠ ساڵ زیندانی کران بە تاوانی نەکردوو، بە بەسەرداسەپانی گیان لێئەستاندن و رامین حوسێن پەناهی تێکۆشەری سیاسی و پێشمەرگەی دەستبەسەر کراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێر، لە زیندانی کۆماری پەت و سێدارە، ئێعدام کران.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێنج (٥) رۆژ دوای ئەو کردەوە تێرۆریستییە، وڵامێکی پڕ لە بێزاری و تووڕەیی خامۆشی لە خەڵکی کوردستان وەرگرتەوە. خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا بە وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی، کاریگەرترین وڵامیان بە تاوانی مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات و تاوانەکانی دیکە دایەوە. هەر بۆیە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانانی کوردستان، حەماسەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانەی پڕشکۆی رۆژهەڵات، رێفراندۆمێک بۆ ڕاگەیاندنی هاودەنگیی خەڵکی کوردستان لە پشتگیرییان بۆ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەتایبەتی ١٧ی خەرمانان بوو. چوونکە سەرجەمی ئەو کردەوە دژی ئینسانیانە ویژدانی میلیان هەژاند.

**بەڕێزان!**

لەکاتێک دا، یادی یەک ساڵەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دەکەینەوە کە لە ١٧ی سێپتەمبەری ئەمساڵیش ٢٧ مین ساڵوگەڕی

جینایەتی میکۆنۆسە. لەو کارەساتیش دا، دکتور سادق(سەعید) شەرفکەندی - سکرتێری زانا و بە توانای، دوای تێرۆری دکتور قاسملووی بلیمەت - و هاوڕێیانی کاک فەتاح عەبدوولی، کاک هومایون ئەردەڵان و کاک نووری دێهکوردی، لە ڕێستووڕانی مێکۆنۆس لە گەڕەکێکی شاری بەڵینی ئاڵمان، کە بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی دژی سەرۆیی دینی لە ئێران دا، لەگەڵ ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی چەپ لە را و راوێژ دابوون، بەدستی ڕەش و پڕ لەخوێنڕێژی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەداخەوە گیانیان لێئەستاندرا.

دکتور شەرفکەندی و هاوڕێیان حیزبی لەگەڵ نووری دێهکوردی - تێکۆشەری ڕێی ئازادی و مافی ئینسانی و وەرگێڕ - لە کۆبوونەوەکانی ئینترناسیۆنال - سوسیالیست، کە دوای ڕێکخراوایی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو کاتی دا، گرینگترین ڕێکخراوە بوو، بەشدار بوون. لەوێ دا، بە بوونی کورد و حیزبی دێموکڕات، گرووپێ کاری کوردان دروست بوو. دواتر لەبەشی ژنان ئەو ڕێکخراوەیەش دا، بەشداری ژنان و کچانی تیکۆشەری دێمۆکڕات، تریبوونی پڕ باسی ئەوێیان بۆ باسی دەرد و ئازارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ژێردەسەڵاتی داگیرکاران لە لایەک و مافخوازی کورد و پێشێلکرانی مافەکانیان لە لایەکی دیکە لە ڕۆژە ڤ و بەرنامەی کاری خۆیان دا، دانا.

ئێمە لێرە وێڕای بەرز و بەڕێز ڕاگرتنی یادی کارەساتەکانی دڵتەزێنی ١٧ی خەرمانان و ١٧ی سێپتامبر، کە لە تاوانە گەورەکانی کارنامەی ڕەش و ئەستتوری جینایەتەکانی پتر لە ٤٠ ساڵەی نگریسی کۆماری ئیسلام ئێرانن، وەک نەریتی بەردەوامان لە خەبات و تێکۆشان، بەڵینی خۆمان لەگەڵ خوێنی شەهیدان و نەمران نوێ دەکەینەوە و هاوپشتیوان و هاوسۆز لەگەڵ بنەماڵە بەڕێزەکانیان، بە چالاکی و هەوڵەکانمان هەتا گەیشتن بە ئامانجی شەهیدان و گیان لێئەستێندراوان، درێژە دەدەین و بۆ یەکریزی و یەکگرتوویی لە هەموو پتانسێلەکانی خۆمان کەلک وەردەگرین.

**سڵاو لە تێکۆشەران و زیندانییە سیاسیی و مەدەنیی و هاوپشتیوانەکانیان.**
**سەرکەوێ خەبات ڕەوای مافخوازی و فرە ڕەهەندی نەتەوەکەمان.**
**پەرە گرتوو و پتەو بی یەکگرتوویی و یەکرێزیمان.**

**حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان - کۆمیتەی بریتانیا**

**٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ (١٧ ی خەرمانای ١٣٩٨).**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## بە ڕێوەچوونی یادی ١٧ی خەرمانان لە وڵاتی سوئیس



ڕۆژی یەکشەممە ٨ ی سێپتامبری ٢٠١٩ ڕێورەسمێکی یادکردنەوە بۆ شەهیدانی ١٧ ی خەرمانان و ڕێبەری شەهیدمان دکتور سادق شەرەفکەندی تازەترین شەهیدانی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لەلایەن کۆڕی سرودی یەکێتی لاوان دەستی پێکرد، پاشان لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامە کاک ڕەحمان ئیبراهیم زادە "شۆکە" بەرنامەکە دەستی پێکرد.

لە بڕگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە دا هاوڕێ زاهیر قادر حاجی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و پەیامی کۆمیتەی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. پاشان لە لایەن هوونەرمەند ئارەش یاری مەقامێک بۆ شەهید پێشکەش کرا.

بە دوای ئەو دا باسێکی سیاسی لە لایەن بەڕیز خالید حەسەنپوور ئەندامی ڕێبەری حیزب پێشکەش کرا کە سێ تەوەری لەخۆگرتبوو. تەوەری یەکەم لەسەر ڕووداوی ١٧ی خەرمانان بوو کە، ئەندامی ڕێبەری حیزب بەدرێژە لەسەر هۆکارەکانی ئەو هێرشە مووشەکیە ڕاوەستا و، مووشەبارانی قەڵای دێموکراتی بۆ دەورو نەقشی حدک لە نێوو جووڵانەوی کورد لە ڕۆژهەڵات گێراوە. خالید حەسەنپور لە درێژەی قسەکانیدا باسی مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی کرد کە، بەرهەمی بانگەشەی ناوەندی هێزە کوردستانیەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستان و چالاکانی مەدەنی بوو. حەسەنپور تەوەری دوهەمی قسەکانی لەسەر تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕیانی بوو . کە لەوبەشەدا بە درێژە باسی دەورو نەقشی شەرەفکەندی لە نێوو حیزبدا کرد و گوتی شەرەفکەندی و دوکتور قاسملوو دوانەیکی لە ڕووی فیکری و تەشکیلاتیەوە تەبا بوون و، ئەو

تەباییە سیاسیە تەشکیلاتیەش ببوە هۆی وەحدەتی سیاسی و عەمەلی لە نێوو حیزبدا. لە درێژەی قسەکانیدا حەسەنپور ئاماژەی بە قۆناغی دوای شەهید بوونی ئەو دوو ڕێبەرە کرد کە، چوون ناتەبایی لە ئاستی سەرێدا بوو بە هۆی لەتبوونی حیزبی دێموکرات. بەشی سێهەمی قسەکانی خالید حەسەنپور تەرخانکرابوو بۆ بارودۆخی کۆماری ئیسلامی. کە لەو بەشەدا ئەندامی رێبەری حیزب پیەی وابوو لە دوو ڕێگا زیاتر لە بەر کۆماری ئیسلامی نیە. یان دەبێ رێژیم دەگەڵ ئەمریکا بسازێ و لە سیاسەتی هەناردە کردنی شۆرشی ئیسلامی و غەنیکردنی ئۆرانیووم وازبێنێ، یان ئەو وەزعەی ئێستا درێژەبدا. کە درێژەدانی ئەو بارودۆخە بەسەرنجدان بەوەی هەناردەی نەوت وەک تەنیا بەرهەمی هەنارده زۆری لەکەمێداوە، ئیمکانی ئیدارەی وڵاتێکی پانوبەرینی وەک ئێرانی لە تواناداا نیە.

مەقام و لاوانەوەیەکی تر لە لایەن هوونەرمەند ئارەش یاری،یەوە بەشیکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بوو.

پاشان لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامە کاک رەحمان شۆکە داوا لە هاوڕێی هەست ناسک و دەست بەقەڵەم کاک عەلی سوورەچۆمی کرا کە پارچە پەخشانێک پێشکەش بکات، هەروەها داوا لە خاتوو "زۆیا"ی هوونەرمەندی نیگارکێش کرا کە پەردە لە سەر وێنەی شەهیدی سەرکردە دکتور سادق شەرەفکەندی لا بدات کە بە دەست کێشابوویەوە. دوا بە دوای ئەویش لە لایەن هاورێ عوسمان ئیبراهیمی"ترشی" تێکۆشەری دێرین وەک پێشنیارێک داوا کرا کە قەڵای حیزب لە کۆیە بە "قەڵای شەهیدانی ١٧ی خەرمانان" ناودێر بکرێ.

لە برگەی کۆتاییش دا کۆمەڵێک هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان کە بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون، بە پێشکەش کردنی چەند سروودی شۆڕشگێرانە کۆتاییان بە ڕێوڕەسمەکە هێنا. کورتەیەک لەووتەکانی بەرێز کاک خالید حەسنپوور ئەندامی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمینارەکەدا:

حیزبی دیموکراتی کوردستان - سویس

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی سمینارێکی تایبەت بە مانگرتنی مێژوویی ٢١ی خەرمانان



ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی خەرمانانی ٩٨ی هەتاوی بە بۆنەی مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان لەوەها ڕۆژێکدا لە قەڵای دێموکرات سمینارێک بەو بۆنەوە بە دەسپێشخەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەڕێوەچوو.

ئەو سمینارە کە تایبەت بوو بە لێکدانەوە و کاردانەوەکانی مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو کە زۆربەی خەڵکی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و لە سێدارەدانی سێ بەندیی سیاسیی کورد لە سێ بڕگەدا بەڕێوەچوو.

سەرەتا سیمینارەکە خولەکێک بێدەنگی هەم بۆ یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەم بۆ وەفاداریی نواندن لە هەڵوێستی بوێرانەی خەڵکی ڕۆژهەڵات ڕاگیرا.

لە بڕگەی یەکەمدا پێشکەشکار هەردی سەلیمی پێشەکییەکی پوختی لەسەر مانگرتن و خۆپێشاندانەکان لە چل ساڵەی ڕابردوو لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستاندا خوێندەوە ئاماژەی بە کۆمەڵێک نموونە لە مانگرتن و خۆپێشاندانەکان دابوو کە بە بۆنەی جیاجیاکانەوە لە کوردستان بەڕێوەچووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەکوو بزاڤێکی مەدەنی لە گەشە سەندن دایە.

پاشان شارۆخ حەسەنزادە بابەتی سمینارەکەی لە ژێر ناوی "مێتۆدی بەرگری کردنی شار لە قەڵای دێموکرات" پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

ناوبراو سەرەتای باسەکەی بە نەتەوەخوازی شێوەی دەسپێک و گەشەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەس‌پێکرد و لەو بارەوە کۆمەڵێک فاکتی زانستی و مێژوویی خستەڕوو.

شاروخ حەسەن‌زادە بە ئاوڕدانەوەیەک لە سەروبەندی شۆڕشی گەلان لە ئێران واتە ساڵی ٥٧ی هەتاوی بە وردی باسی لە جموجۆڵە مەدەنییەکان لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان کرد کە هەموویان لە ڕەهەندی جێخستنی نەتەوەخوازیدا کاریگەری ئەرێنییان هەبووەو ٢١ی خەرمانان لە بەرچاوترین نموونەکانی نارەزایەتیی مەدەنییەکانی ئەم ساڵانەی کوردستانە کە دەبێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ و بەیاخی تایبەتی تری پێبدرێ.

ناوبراو لە درێژی باسەکەی‌دا بە ئاماژەدان بە چەند نموونەی دیکە لە مانگرتن و خۆپێشاندان و هاتنەسەر شەقامی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پشتیوانی کردنی خەڵکی کوردستان لە تێکۆشەرانی دێموکرات و هەروەها مەحکوومکردنی دەسەڵات لە ٢١ی خەرمانان بە یەک لە بەرهەم و دەسکەوتەکانی خەباتی نەتەوەخوازی لە کوردستان لە قەڵەمدا و هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ مێتۆدی خەبات و جوڵەی مەدەنیانە کوردستانی بە شوێنێکی لەسەر هەست و خاوەن خەللاقییەت لە ئاستی ئێراندا زانی. لەو بارەوەش ئاماژەی بە خۆپێشاندانەکانی شارەکانی کوردستان بە نیسبەت ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان دا.

لە بڕگەی سێیەمی ئەو سمینارەدا کۆمەڵێک لە بەشداربووان بە باسکردنی تێبینی و پرسیار و سەرنجی خۆیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پرسی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای سەربەرزی دێموکرات جارێکی دیکە گەیشتەوە کابینەی دەوڵەتی کانادا



رۆژی پێنجشەمە رێکەوتی ١١ی سێپتامبر، لەسەر بانگهێشتنی نوسینگەی بەڕێز ران مەکانن ئەندام پارلمانی فیدرالی، هاورێ محەمەد خادمیانی بەرپرسی پەیوەندیە بیانیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی کانادا بەشداری لە گردبوونەوەی فراوانی حیزبی لیبرالی لە شاری ڤەنکوڤەر کرد. لەو گردبونەوە گشتیەی حیزبی لیبرال جەستن توردۆ، سەرۆک وەزیرانی کانادا، زیاتر لە ٢٠ ئەندام پارلمان و ٦ وەزیری کابینە و دەیان ئەندامی باڵای حیزبی و حکومەتی بەشدار بوون. بەرپرسی پەیوەندیەکانی حیزب لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لەو سیاسەتمەدارانەی کانادا دیدار و چاوپێکەوتنی کرد و تیرۆزمی دەوڵەتی رژیمی ئێران و سیاسەتی تێکدەرانە و ئاژاوەگێریانەی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری تارانی باس کرد.

لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت دەگەڵ وەزیری بەرگری کانادا، بەرێز "هەرجیت سەجان" لە ساڵیادی شەهیدانی نەمری ١٧ی خەرمانانی قەڵای سەربەرزی دێموکرات، هاورێ محەمەد خادمیانی داوای لە دەوڵەتی کانادا کرد کە زۆر بە جیدی و راشکاوانە و زیاتر لە جاران بۆ رێگری و بەربەرکانی دەگەڵ سیاسەتەکانی شەرەنگێزی و پاڵپشتی و پەرپێدانی رەهای تیرۆرزمی دەوڵەتی رژیمی ئێران لە ناوچەکە و جیهاندا، پێشەنگی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێت. بەرێز "هەرجیت سەجان" وەزیری بەرگری کانادا جارێکی دیکە تاوانی موشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی مەحکوم کرد و کوتی کانادا چەندین ساڵە پێشەنگی ئامادەکردنی گەلای پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەرێزیان وێرای داوای بەردەوامی و پتەوە کردنی پەیوەندەکان، خوازیاری پشگیری کوردانی دانیشتووی کانادا لە حیزبی لیبرال لە هەڵبژارنی پارلمانی مانگی داهاتووی بوو.

**پەیوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان- کانادا**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## لە وڵاتی فینلاند کۆڕیادێک بە بۆنەی ٢٧ساڵەی تیرۆری میکۆنۆس و ١٧ی خەرمانان بەڕێوەچوو



رۆژی ڕێکەوتی شەممە ١٤ی سێپتامبری ٢٠١٩ی زایینی لە شاری تورکووی وڵاتی فینلاند، بەبەشداری بەشێکی بەرچاو لە کوردستانیان و ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات کوردستان هەروەها نوینەرایەتی هیزو لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان نوێنەرانی چەندین کۆمەڵەی کلتوری، کۆریادێک بۆ ساڵوەگەری ٢٧ ساڵەی تیرۆری دوکتور سادقی شەرفکەندی و هاورییانی و هەروەها ١ ساڵەی شەهیدانی مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێمۆکرات.

کۆریادەکە کاتژمیر ١٢ ی دوانیوەرۆ بە سروودی ئەی شەهیدان لەلایە ئەندامانی یەکیەتی لاوان دەستپێکرد. دواتر کاک کەریم رەسوولی بە نوێنەرایەتی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پەیامێکی پێشکەش کرد کە وێرای بەخێرهێنانی میوانان ئاورێکی لە سەر تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و لە هەردوو تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و موشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی دەفتەری سیاسی و قەڵای دیموکرات و شەهید کردنی تێکۆشەرانی دێمۆکرات وئێعدامی لاوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە. برگەیەکی دیکەی ئەم کۆریادە پیشاندانی رێپۆرتاژێک بوو لەسەر مۆشەکبارانی قەلای دێمۆکرات و ئەو شێوازو کەرەستانەی بۆ ئەم مۆشەکبارانە بەکارهێنرابوون و هەروەها ئامانجەکانی رێژیم لەم تاوانەیان دژە بە تێکۆشەرانی کورد و بە تایبەت حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. دواترهاورێ ئاوات حەسەنپوور بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێمۆکرات پەیامێکی خوێندەوە کە وێرای ئاماژەدان بە گەورەیی کارەساتەکە، باسی لەوە کرد کە بۆ ئاسوودەیی رووحی شەهیدان، بەهێزبوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هیوا وهەنگاوەکان بەرەو یەکگرتن و پێکەوەیی هەڵگرین.

لە درێژەی برگەکانی ئەم کۆریادە دا بەشێک لە شێعرێکی شاعێر خاوەن هەڵوێست و خامە رەنگین کاک رەسولی سولتانی

خوێندرایەوە کە بۆ یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان نوسرابوو. لە درێژەی ئەم بەرنامانەدا دوکتوور ئاسۆی حەسەن زادە، جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسەکەی خۆی لەسەر شەهیدانی میکونۆس و ١٧ خەرمانانی قەڵای دێمۆکرات دەست پێکرد. دوکتوور ئاسۆ لە باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە شک لە ماهیەتی تێرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی دا نیە، بەلام بەم موشەکبارانەی کۆمەلێک پرینسیپی نێونەتەوەیی لە ژێر پێ نان کە خالی جەوهەرین لە پەیماننامە نیونەتەوەییەکاندا.

یەکەم ئەوەکە سەروەری خاکی وڵاتێکی دیکەی پێشێل کرد، پاشان هێرشی کردووتە سەر ناوەندێکی مەدەنی کە شوێنی ژیانی ئاسایی و دامەزراوە مەدەنییەکانی حیزبی دێمۆکراتە، هاوکات ژنان و لاوان حوزری هەمیشەییان هەبوو لەو شوێنانەدا. بۆیە پەلاماری کۆماری ئیسلامی دژە بە پەیماننامە نیودەولەتییەکانە کە باس لەوە دەکا نابێ و ناکرێ پەلامار یا هێرشی نیزامی بکرێتە سەر شوێنێک کە خەلکی ئاسایی تێدا دەژین، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانەی کۆماری ئیسلامی پەلاماریدا پایەگای نیزامی نەبووە تاوەکوو لەوەوێوە هێزی چەکدار یا پێشمەرگە مەشق و راهێنانیان پێ بکرێ بۆ هێرش کردنە سەر دام و دەزگاکانی ئێران.

بەرێزیان لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەیان بەوە دا کە راستە رێژیم لە پەلامارە مووشەکیەکەیدا تا رادێک سەرکەوتوو بوو و پۆلێک لە باشترین و بە ئەزموونترین رۆلەکانی لە حیزبی دێمۆکرات و بزوتنەوەی کورد ئەستاند، بەڵام هاوکات کاریگەری پێچەوانە بۆ خودی رێژیم هەبوو. دوکتوو ئاسۆ حەسەنزادە باسی لەوە کرد کە ئەو مۆشەکبارانە زیاتر لە ڕابردوو ئیرادەی درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی چەند بەرابەر کرد، لە لایەکی دیکە بوو بە هۆکارێک بۆ ئەوەی بە گورتر و زیاتر لە رابردوو لاوان رووبکەنە سەنگەرەکانی پاراستنی گەل و لە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات بۆ خەبات لە پیناو ماف و ئازادییەکانی کورددا. بەرێزیان لە درێژەی باسەکەیدا بەروونی ئاماژەی بە یەکێک لە کاریگەرترین ئاسەوارەکانی ئەو مۆشەکبارانانە کرد کە، ئەوەیش مانگرتنی سەرانسەری خەڵکی کوردستان بوو لەسەر داوای هێزە کوردییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە رۆژی ٢١ی خەرمانانـدا. مانگرتنێک کە بە بەراورد بە مانگرتن و نارەزایەتییەکانی ڕابردووی خەڵکی کوردستان و چالاکانی مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان بێ وێنەبوو. بەرێزیان ئەو هەڵوێستەی خەلکی رۆژهەڵاتی کوردستانیان لە ٢١ ی خەرمانان وەک شێوە ریفراندومێک ناوبرد کە لە ناوەرۆکەکەیدا سیگناڵێکی بەهێزی دا بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە خەڵکی کوردستان خۆیان لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی کورد بە خاوەن دەزانێ و کوردستان ماڵی ئەوان نیە لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران زۆر جیاوازە. دوای پشویەکی کورت بەشداربووان راو سەرنج و پرسیارەکانی خۆیان لەگەل دوکتوور ئاسۆی حەسەن زادە هێنایە بەرباس و بەرێزیشیان وڵامی دانەوە. بەشی کۆتایی کۆریادەکە سروودی ئەی رەقیب بوو کە لەلایەن ئەندامانی یەکیەتی لاوانە پێشکەش کرا.



سەرچاوە
Serchawe

**حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیته‌ی فینلاند**

**سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی حدک میدیا - ڕێکه‌وتی: ١٥ی سێپته‌مبه‌ری ٢٠١٩**

## بەڕێوەچوونی كۆڕیادێک بە بۆنەی ساڵیادی تیرۆری ڕێبەری شەهیدمان د. سادق شەرەفكەندی و هاوڕێیانی و یەک سالەی موشەكباری ١٧ی خەرمانان لە ولاتی ئوتریش



كومیتەی حیزبی دیموكراتی كوردستان و كومیتەی یەكێتی ژنانی دیموكراتی كوردستان لە وڵاتی ئوتریش، بە ئامادەبوونی نوێنەری حیزب و ڕێكخراوە كوردستانیییەكان، كۆمەڵێكی بەرچاو لە ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزب و كوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، رۆژی شەممە ڕێكەوتی ١٤ی سێپتامبری ٢٠١٩ رێورەسمێكی یادكردنەوە بۆ شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و رێبەری شەهیدمان دكتور سادق شەرەفكەندی وهاوڕێیانی ڕێكخست. سەرەتای رێورەسمەكە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب لەلایەن كۆڕی سرودی یەكێتی ژنانی دێموكڕاتی كوردستان،ەوە دەستی پێكرد و دواتر دقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕوحی پاكی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و شەهیدانی كوردستان راگیرا. پاشان لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامە خاتوو بەهار هەمزەنەژاد بەرنامەكەوە بەخێرهاتنی میوانەكانی كرد . لە برگەی یەكەمی رێورەسمەكە دا لە لایەن بەریز ئۆمید خزرنەژادەوە پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان پێشكەش كرا. پاشان لە لایەن هوونەرمەند شاهۆ مەولانایی سرودی ئەی شەهیدان پێشكەش كرا. دواتر لە لایەن خاتو مێهری مەلا شێخی پەیامی یەكێیەتی ژنانی دێموكڕاتی كوردستانی بەو بۆنەوە پێشكەش كرد. پاشان لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامە خاتو بەهار هەمزە نەژاد داوا لە هونەرمەندانی موزیک ژەن كامران شێخ محەممەدی و كەمەر جان كرا تا سرودی بوم مەرێژن فرمێسكی غەم پێشكەش كەن كە بەدەنگی پر لە سۆزی هونەرمەند كامڕان شێخ محەممەدی كوترا. هەروەها دوا بە دوای ئەویش لە لایەن هاوڕێ ئەنوەر ئەحمەدی ئەقدەم باسێک لە سەرجنایەتەكانی كۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەلكی كوردستان و هەروەها دۆخی زیندانییە سیاسییەكان لە زیندانەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران پێشكەش كرا.

**ڕێوڕەسمەكە بە نوێكردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدانی سورخەڵاتی گەل بۆ درێژەدان بە ڕێبازی خەباتیان كۆتایی هات.**

حیزبی دیموكراتی كوردستان- كومیتەی ئوتریش - سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێكەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی بانە




ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا بە بۆنەی کارەساتی مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر قەڵای دێموکڕات و مانگرتنە مێژووییەکەی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانەدا لە ناوچەی بانە چالاکیی تەبلیغییان ئەنجامدا. بەشێک لەو شوێنانەی کە ئەندامانی حیزب، دروشم و تراکتەکانیانی حیزبییان تێدا بڵاوکردۆتەوە، بریتین لە: گوندی بەردەڕەش، گوندی دۆڵەرزن، سێڕیانی دۆڵەرزن و بەردەڕەش، گوندی سیورچ، گوندەکانی دۆڵی، مامەندە، ئاغەڵە سووتاو، سەر جادە و سێڕای سیورچ و چەند شوێنێکی دیکەی ناوچەی بانە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، وێڕای سپاس و دەستخۆشی لە ئەندامانی جەسوور و چالاکی حیزبەکەمان لە ناوچەی بانە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامییان لە خەبات و تێکۆشاندا بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهیدانی میکۆنۆس و شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی وڵاتی سوید



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی سێپتێمبری ٢٠١٩ بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب و نوێنەری حیزبە سوێدیەکان و کوردیەکان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی حیزب، کۆڕیادێک بۆ شەهیدانی میکۆنۆس و شەهیدانی قەڵای دێموکرات لە ستۆکهۆلمی پایتەختی وڵاتی سوێد بەڕێوەچوو. سەرەتای بەرنامە لەلایەن بەڕێوەبەری بەرنامە خاتوو شلێر حەسەنپوور بەخێر هاتنی بەشداربووان کرا و پاشان بە پێشکەشکردنی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب لە لایەن کۆڕی سروودی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێورەسمەکە دەستی پێکرد. پاش دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی سەرجەم شەهیدانی حیزب و گەل، پەیامی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکرتی کوردستان لەلایەن بەرپرسی کۆمیتە خاتوو کوێستان بابایی پێشکەش کرا. لە پەیامی کۆمیتەی حیزب دا هاتبوو کە ئەوە مەنتق و تێڕوانینی ڕێژیمە دیکتاتۆر و چەوسێنەرەکانە، وادەزانن بە لەناوبردنی فیزیکی تێکۆشەرانی نەتەوەیەک، دەتوانن دەنگی ئازدیخوازان کپ بکەن و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە گرێژەنە بەرن، بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە تێرۆر و زەبروزەنگ ناتوانێ بزووتنەوە ئازادیخوازیەکان بەچۆک دابێنێ و ئازادی و سەربەخۆیی لە بیری نیشتیمان پەروەرانی نەتەوەیەک دا لاواز بکا.

پەیامی بنەماڵەی شەهیدان لە لایەن ڕۆژە عەزیزی کچی شەهید هاشمی عەزیزی و پەیامی یەکیەتیی ژنان و لاوان لە لایەن ئاکام قادری کوڕی شەهید قادر قادری خوێندرانەوە. لە بەشێکی دیکەی کۆڕیادەکە دا خاتوو شۆعلە قادری پەخشانێکی ئەدەبی لە نووسینی ئیبراهیم گەردی پێشکەش کرد.لە درێژەی کۆڕیادەکەدا پەیامی هەردووک حیزبی لیبیڕالەکانی سوئێد لە لایەن فرێدریک مالم ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی ئەو حیزبە و پەیامی حیزبی سوسیال

دێموکراتی سوئێد له لایەن قادر کەسیرگە ئەندام پەرلەمانی سوید پێشکەش کران.

یەکەم کۆڕگێری ئەو یادەوەرییە بەڕێز خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە وتارێکی پڕ نێوەرۆک یادی شەهیدانی میکۆنۆس و شەهیدانی خەرمانانی قەڵای دێموکراتی بەرز ڕاگرت.

کاک خالید ڕۆڵی کاک دکتور سەعیدی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دا بەرز نرخاند و پاش یادکردنەوە لە شەهیدانی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، پێداگری لەوە کردەوە کە تیرۆر بە توندوتیژی وڵام نادەینەوە و گەورەترین پشتیوان خەڵکی کوردستانە. ئەو ڕۆڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بە گرنگ و چارەنووسساز ئەژمار کرد، کە سەرەرای فشاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، پشتیوانیان لە حیزبی دێموکرات کردووە و هاوخەمی و هاودڵی خۆیان لە ڕێگەی مانگرتنی گشتیەوە دەربڕی. کۆڕگێری دووەم خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بە باسێک بە نێوی نەتەوەیەک، خەباتێک و وێناکانی ئاماژەی بە هێما یان وێنای نەتەوەیی و خەباتی نەتەوەیەک دەکرد و بە پێناسە کردنی وێنای نەتەوەیی دەستی پێکرد و دەوری ئەو هێمایانەی لە ناساندنی خەبات و نەتەوە شی کردەوە و هەروەها ڕۆڵی ئەو هێمایانی لە پێکەوەگرێدانی دوو نەوەی جیاواز لە خەباتێکی بەردەوام دا باس کرد.

لەقسەکانی خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی دا ئاماژە بەوە کرا کە نەوەی نوێ ئەو ئەرکەی لە سەر شانە کە ئەو هێمایانە زیندوو ڕاگرێ بە ڕۆژیان بکات و هاوکات هەمیشە بە خەباتەکەی گرێ بدا. جیاوازییەکانی سیاسەت کردن و خەبات کردنی نەوەی نوێ و پێویستی بە ڕۆژ کردنی شێوەی خەبات بۆ ناساندن و دەرگیر کردنی نەوەی نوێ بە مەبەستی زیندوو مانەوە خەبات و هێما، بەشێکی دیکەی باسەکەی خاتوو گوڵاڵەی پێک دێنا. هێندێکیش لێکۆڵینەوەی سوئێدی وەک بەڵگە بۆ پشت ڕاستکردنی باسەکە کەڵکییان لێ وەرگیرابوو.

شایانی باسە لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا شاعیری بەتوانا مامۆستا عاشق بە هۆنراوەیەک و هونەرمەندان و موزیکژەنان شۆرش بۆکانی، کاروان حەکیمزادە، هیوا گەردی، شنۆ ئەحمەدی و باوان بەرزنجی بە چەند بەرهەمێکی هونەری کۆڕیادەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

لە کۆتایی دا بۆ ڕێزگرتن لە بنەماڵەی شەهیدان دیاری کۆمیتەی سوئێد کە مل پێچێک بوو و بە تایبەتی بۆ ئەو کۆڕیادە درووست کرابوو پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدان کرا.



سەرچاوە
Serchawe

پێویست بە ئاماژەیە کە چەندین حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی کوردستانی پەیامی هاوخەمی،یان ئاڕاستەی بەڕێوەبەری کۆڕیادە کرد کە بریتی بوون لە:

* نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان
* کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
* پارتی دیموکراتی کوردستان
* یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان
* پەیام بزووتنەوەی گۆڕان
* ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان
* پارتی ژیانی ئازادی کوردستان " پەژاک "
* کاک سەید عەلی هاشمی تێکۆشەری دێرین و کەم ئەندامی حیزب
* سیاسەت مەدار و کەسایەتی سیاسی باکووری کوردستان کۆردۆ باکسی

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی سوید

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ١٧ی خەرمانان لە وڵاتی دانمارک



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی سێپتامبری ٢٠١٩ زایینی لەلایەن کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەکەمین ساڵوەگەڕی هێرشی موشەکی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی و قەڵای دیموکرات لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان هەروەها ٢٧ساڵەی شەهیدبوونی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، شەهیدانی ١٦ی خەرمان و تازەترین شەهیدانی ئەمساڵی حیزب و گەلەکەمان، کۆڕیادێکی ئەدەبی و شەوی شێعرێک کە لە چەندین بڕگەو بابەتی هونەری، هۆنراوە، مۆسیقا و دەنگ دا خۆی دەبینیەوە. بەڕێوە چوو.

بیروهەستەکان تێکەڵ بە وشەی جوان کرابوون و نۆتەی مۆسیقا ئاوازی خەمی بۆ خەرمانان دەچڕی. یادکردنەوەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد و پاشان ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان ڕاگەیەنرا. ئینجا بەڕێوەبەری بەرنامە خاتوو شاناز کاکە ئازەر لە چەند وتەیەکی کورت دا بە نوێنەرایەتی کۆمیتە بە خێرهاتنی ئامادەبووانی کۆڕیادەکەی کرد و دەستی کرد بە پێشکەش کردنی بڕگە و بابەتەکانی کۆڕیادەکە. کرنۆش بۆ شەهیدان، ناونیشانی کارێکی هونەری و دانانی گوڵی سوور بوو لە لایەن کەس و کارو بنەماڵەی شەهیدان و دەربڕینی ئەمەگ و وەفا. پاشان کاک ڕەحیم خالید نژاد بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک پەیامێکی تایبەتی بە بۆنەی ڕووداوەکانی مانگی خەرمانان و ئەمەگ و وەفا بۆ شەهیدان پێشکەش کرد. لە بەشێک لەو پەیامە دا هاتبوو: ئەمڕۆ لێرە لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی یادی چەند ڕووداوی تاڵ و بەژانی مێژویی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکەینەوە. مانگی خەرمانان یەکێک لە خوێناویترین مانگەکانی ساڵە لە مێژووی خەباتی دوورو درێژ و نەپساوە و پڕلە قوربانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر دوو ساڵ

لەمەوبەر خەرمانان مانگی وەبیر هێنانەوەی شەهیدانی میکۆنووس و سەرقافڵەیان شەهید د.شەرەفکەندی بوو، ئێستا خەرمانان یادی وەبیرهێنانەوەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکڕات و شەهیدانی دووساڵ لەمەوبەر و ئەمساڵی ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکڕاتە.

لە برگەیەکی تری یاد کردنەوەکەدا هاوڕێ وریا مەلاک نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کومیتەی دانمارکی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە نوێنەرایەتی ناوەندەوە پەیامێکی هاودەردی و هاوخەمی بە بۆنەی کارەساتەکانی مانگی خەرمانانەوە پێشکەش کرد.لەو پەیامەی ناوەندی هاوکاری هێزەکانی کوردتسانی ئێراندا هاتبوو: یەک ساڵ لەمەوبەر ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە دەوروبەری شاری کۆیە کەوتنە بەر پەلاماری مووشەکی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. هەر لەهەمان ڕۆژدا زیندانی سیاسی ناسراوی کۆمەڵە ڕامین حوسەین پەناهی، لوقمان مورادی ، زانیار مورادی لە سێدارە دران. لە یادکردنەوەکە دا کۆمەڵێک پەیام و بروسکەی هاودەردی پێشکەش کران کە بریتی بوون لە:

- پەیامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان لە دانمارک
- پەیامی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان
- پەیامی پارتیا یەکیەتیا دێموکڕاتا کورد لە سوریە
- بروسکەی پارتی دێموکڕاتی کوردستان.

بەشی دووهەمی یاد کردنەوەکە تەرخان کرابوو بۆ دەنگ و هەست و خامە و پێنووسی کۆمەڵێک خودان خامە و هەستی ناسک و نیشتیمان پەروەر.

١- خاتوو مزگینی هەست ناسک لەگەڵ هاوکارەکەی.،ئاوازی خەمی چڕی، پەنجەکانیان نۆتەی جوانیان ژەنی، بێ دەنگی باڵی بەسەر کۆڕیادەکە داکێشا .

٢- خاڵە حەمە کانگای وشەی جوانی و لێوان لێو لەهەستی نیشتیمان پەروەری بۆ شەهیدان ڕۆندکی هەڵوەراند و هۆنراوە مرواریەکانی کردنە گەردن و باڵای بەرزی شەهیدان .

٣- حوسێن مەحمودی لاو وخودان بەهرە وخامەی شێعری، هەور و گەواڵەی هۆنراوەکانی داباراندە سەرگۆڕی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و فرمێسکە بارانی مەزاریانی کرد.

٤- کاک بارزانی لاوی هەست ناسک خەمەکانی کوبانێ و عەفرینی ئاوێتەی خەمی خەرمانان کرد و فرمێسکە شێعری هەڵوەراند.



سەرچاوە Serchawe

٥- قەسیدەی خوێن لە باڵای نیشتمانم ئەچۆڕێت، نووسینی هاوڕێ ستیڤان شەمزینی، ژنراڵی عەشق و تۆڵە هەستی نیشتمان پەروەری، خەمی خەرمانانی خەمان بوو کە لەلایەن ئەحمەد ڕەحمانی پێشکەش بە ئامادە بووانی کۆڕیادەکە کرا.
٦- پارچە مۆسیقای یادی ١٧ی خەرمانانی مامۆستا ئامانجی دەست و پەنجە ڕەنگینی سەر نۆتەی پیانۆ و مۆسیقا، فرمێسکی هێنا ژوانی دیدەکان و هەست و خرۆشی خستە ناو دڵی ئامادەبوانی کۆڕیادی شەوە شێعری شەهیدانی ١٧ی خەرمانان.

دوابەشی کۆڕیادەکە نیشاندانی کورتە فیلمێکی کورد کاناڵ بوو بە ناونیشانی ١٤ سوارەی قەڵای دێموکرات کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەو ڕوو بوو. ئامادەبووان و بەشدارانی کۆڕی یاد کردنەوەکە پەیمانیان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە کە تاکو وەدیهێنانی ئامانجی بەرز و پیرۆزی شەهیدان بەردەوامی ڕێگا و ڕێبازیان بن.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان- کۆمیتەی دانمارک

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## له وڵاتی نۆڕویژ یاد و بیره‌وه‌ریی شه‌هیدانی میکۆنووس و خه‌رمانان به‌رز راگیرا



ڕۆژی یه‌کشه‌ممه ڕێکه‌وتی ١٥ی سپته‌مبه‌ری ٢٠١٩ی زایینی به به‌شداری ژماره‌یه‌کی به‌رچاو له ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزب و نوێنه‌رانی حیزب و لایه‌نه کوردستانییه‌کان و بنه‌ماڵه‌ی سه‌ربه‌رزی شه‌هیدان، بۆ زیندووڕاگرتنی یاد و بیره‌وه‌ریی شه‌هیدانی میکۆنووس و شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانانی قه‌ڵای دێموکرات، کومیته‌ی نۆڕویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان به هاوکاریی یه‌کێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کۆڕیادێکی پێک هێنا. سه‌ره‌تا له لایان پێشکه‌شکاری کۆڕیاده‌که هاوڕێ "هه‌مزه ئاگوشی"ه‌وه، به‌خێرهاتنی ئاماده‌بووان و به‌شداران کرا. پاشان به سروودی نه‌ته‌وایه‌تی "ئه‌ی ره‌قیب" به ده‌نگی هونه‌رمه‌ند "پیران قادرزاده" و چه‌ند ساتێک وه‌ستان به بێده‌نگی بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی شه‌هیدان به‌رنامه‌که ده‌ستی پێ کرد. ئه‌وجار مۆمی یاد و بیره‌وه‌ریی شه‌هیدانی خه‌رمانان له لایان بنه‌ماڵه‌ی شه‌هیدانه‌وه داگیرسا. ئه‌وجار په‌یامی بنه‌ماڵه‌ی شه‌هیدانی ١٧ی خه‌رمانان له لایان به‌ڕێز "ژیلوان حه‌سه‌نپوور" یادگار و کوڕی شه‌هیدان "نه‌سرین حه‌داد و محه‌مه‌د حه‌سه‌نپوور"ه‌وه خوێندرایه‌وه که له به‌شێک له په‌یامه‌که‌دا هاتبوو: بسوپاسێکی گه‌رم بۆ ئێوه و تێکڕای تێکۆشه‌رانی دێموکرات که به به‌رزهێشتنه‌وه‌ی ئاڵای خه‌باتی رزگاریخوازانه‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورد، به جینایه‌تکارانی کۆماری ئیسلامیتان نیشان دا که تاوانی دوژمن هه‌رچی دڕندانه‌تر بێ، تێکۆشه‌رانی رێگای رزگاری له‌سه‌ر درێژه‌دانی خه‌بات شێلگیرتر ده‌کات. سوپاس بۆ حیزبی دێموکرات و ئه‌نامه تێکۆشه‌ره‌کانی که له‌و یه‌کساڵه به ئازار و تاڵه‌دا هه‌میشه له په‌نای ئێمه بنه‌ماڵه‌ی شه‌هیدان بوون، به‌ته‌نیایان نه‌هێشتووینه‌ته‌وه و به‌رده‌وام شانازی به شه‌هیده‌کانیان له دڵماندا به‌هێز و به‌هێزتر کردووه. سوپاسی له هه‌مووان گه‌وره‌تر بۆ کۆمه‌ڵانی به‌شه‌ره‌فی خه‌ڵکی کوردستان که ڕۆژی ٢١ی خه‌رمانانی ساڵی رابردوو، واته ته‌نیا چوار ڕۆژ دوای تاوانی سامناکی ١٧ی خه‌رمانان ئه‌و په‌یامه مه‌حکه‌مه‌یان به دوژمن راگه‌یاند که حیزبی دێموکرات له‌و خه‌باته پیرۆزه‌دا ته‌نیا نییه و میلله‌تێکی له پشته که هه‌رگیز ترس و ناهومێدی نه‌ناسیوه و ناناسێ."



سه‌رچاوه
Serchawe


ئەوجار لە لایان هاوڕێ "حەسەن غەمبار" بەرپرسی کومیتەی نۆرۆێژی حیزبەوە چەپکە گوڵی وەفا و خۆشەویستی پێشکەشی بنەماڵە و خزم و کەسوکاری دوایین شەهیدەکانی خەرمانانی ئەمساڵی حیزب واتە شەهیدان: ئیبراهیم عەزیزنیژاد، عەلی بایزپوور، بایز ڕەسووڵی و سادق ئاگوشی کرا. بە دوای ئەودا بەڕێز خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیوەندی دەگەڵ تیرۆری مێکۆنووس و ڕۆڵ و پێگە و کەسایەتی دکتور سادق شەرەفکەندی لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و کارەساتی ١٧ی خەرمانان و ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە هێرش بۆ سەر ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و هەڵوێستی نەتەوەیی و مانگرتن و وەڵامی کۆمەڵانی خەڵک لە ٢١ی خەرمانانادا بە کۆماری ئیسلامی و رووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچە و تەنگژە و کێشەکانی نێوان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران، باسێکی بەپێزی پێشکەش کرد. لە بەشی دووهەمی ئەو باسەدا، وەڵامی پرسیار و تێبینییەکانی بەشێک لە ئامادەبووان و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دایەوە. بڕگەی دووهەمی ئەو کۆڕیادە، کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی و هونەری لەخۆ گرتبوو کە لەو بەشەشدا، شاعیرانی لاو و خاوەن هەست "کوێستان عومەرزادە" و ئاسۆ خەبات، هەر یەک بە شیعرێکی شۆڕشگێڕی و سەرەنجڕاکێش و هونەرمەندانی ناسراو و دەنگخۆشی وەک هێدی قادری، پیران قادرزادە، سیروان عەبدوڵلاهی بە سروودی شۆڕشگێڕی و بە هاوکاری مووزیکژەنە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی وەک "عیسمەت عەرەب زادە، عەلی یەگانە، ئاکام پوور خزری و یادگار مەحموودی" یاد و بیرەوەریی ئەو پۆلە شەهیدە مەزنانەیان بەرز ڕاگرت.

**ئەو حیزب و لایەنە کوردستانییانەی کە بە چەپکە گوڵ و برووسکەی هاوخەمییەوە بەشداری ئەو کۆڕیادە بوون، بریتی بوون لە:**

- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی دێموکرات (سوریا)
- یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان
- پارتی دێموکراتی کوردستان
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کەنەکە
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)
- پارتی سەربەستیی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستان - کومیتەی نۆرۆێژ**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩**







**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ٢٧١٩ی کوردی - سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتارو بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

